دۆخی هەرەس قەومی لە مۆزووی هاوچەرخی کوردستان و عێراقدا.. ئاکۆ عەبدوڵا

لەوەتەی وڵاتی عێراق لە دەرەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکراوە و باشووری کوردستانیشی پێوە لکێنراوە، بەردەوام کاربەدەستە باکانی حکومەتەکانی ئەو وڵاتە، جیاوازییان لەنێوان دانیشتوانەکەی کردووە و زۆر جاریش بە پاڵنەری رەگەزپەرستی، دەسەڵاتییان پیادەکردووە و لەبەرامبەر خەڵکی کورد ستەمیان کردووە. بۆگومان کوردیش وەك چۆن پێش دامەزراندنی ئەو وڵات و حکومەتە لە چاوەڕوانی پێکهێنانی وڵاتێکی یەکگرتووی کوردستانیدا بوون، بەو شێوەیەی کە لە بەندەکانی (ولسن) ی ناو کۆنگرەی ئاشتی ساڵی 1919ی پاریس رەوایی پێدرابوو، هەرگیز بەو دابەشکاری و لکاندنەی بەشەکانی کوردستان بە حکومەتەکان رازینەبوون، لەبەرامبەر زەبر و ستەمی ئەوانیش بەردەوام بەخۆاگرییەوە بەرپەرچی داوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە دوای دروستکردنی حکومەتی عێراق لە ساڵی 1921 چەندان جار لەناو ئاستی باڵای دەسەڵاتی سەربازیدا کووەتا بەسەر حکومەتدا کراوە و رژێمی نوێی پێکهێنراوە. یەکێك لەوانە کووەتاکەی ڕۆژی 8 ی شوباتی 1963 بوو کە حزبی بەعس بە سەرکایەتی عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر دژی عەبدولکەریم قاسم ئەنجامیاندا. جا لە شوێن ڕەخسانی زەمینەسازی تێگەیشتن و کۆتاییهێنان بە کێشەکان و ڕزگارکردنی وڵات لە قەیرانەکان، کە ئەوسا ڕووبەڕووی کاریگەرترین شڵەژانی کورد ببۆوە، کەچی بەعسییەکان دوای دەسەڵات گرتنە دەست یەکێک لە کارە بەرایییەکانیان، دامەزراندنی (الحرس القومی) بوو، کە لە دڕۆیی سوپای فەرمی، میلیشیایەکی چەکداری حزبی بەسەروبەری پەلامارەر و شەڕفرۆش بوو. ئامانجیش لەو کارە چەسپاندنی دەسەڵات و سەرکوتکردنی هەموو نەیارانەکانیان بوو، بەتایبەتیش شیوعییەکان، بەنام هەر زوو کرا بە ئامرازێك دژ بە کورد، بە شۆشگێڕ و سڤیلییەوە. ئەو میلیشیایە بەپێی بڕیانی ژمارە (3) ئەو ساڵە دامەزرا. ئەندامەکانیشی کە زیاتر گەنج و هەرزەکارانی بەعسی بوون، بەشکیشیان پێشتر لە لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە (لجان الإنذار) بوون کە ساڵی 1959 دامەزرابوو، بە یاسای ژمارە (35) ی ئەو ساڵە دەسەڵاتی فراوانی

پەدرا، بەبێ هیچ چاودێرییەک. ئەوانەی سەرکردایەتی ئەو هێزشیان دەکرد لە کۆمایەتییە دیارەکانی بەعس بوون، لەوانە (عەبدولکەریم نوسرەت) و (مونزیر توفیق خورشید ئەلوەنداوی) کە ئەوەی دوایی لە سوپادا پلەی عەمیدی هەبوو و وەک فەرماندەی گشتی دەستنیشانکرا بوو.
بەو جۆرە حەرەس قەومی وەك هێزێکی خەبەخشی نیشتمانی ناسێنرا و زۆر بەخۆرایيش وەك هێزێکی میللی رێکخراوی مەشق پێکراوە، تەنیەوە ناو بارەگاکانی سوپا و سەرانسەری وڵات. ژمارەی ئەندامەکانیشی تا دەهات زیاد دەبوو تا گەیشتە ئاستێک کە لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی عێراق نزیك بێت. ئەمەو بە خۆ جیاکردنەوەش لە خەڵکی، پارچە پەڕەیەکی سەوزیان لە قۆڵیان دەبەست. جان پۆلدیری نووسەری فەرەنسی لە کتێبەکەی (کورد.. شۆرشی بێدەنگ) سەبارەت بەو قۆڵبەستە سەوزانە نووسیویەتی (لە ڕووی ڕێ و ئایدیا لەگەڵ کراس هەشەکانی نازییەکان بەراورد دەکرێن). ئەوان بۆ بەدیهێنانی سیاسەتی حزبی بەعس، ئامرازی سەرکی بوو زۆربەی کارەکانیشیان بۆ چاودێریی یاسایی ئەنجام دەدا. هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی دوای کوودەتاکەی بەربونە ناو شاری بەغدا و زۆر کردەی نەشیاو و نەبینراویان لە پەلامار و کوشتن و سوکایەتی کردن بە خەڵك ئەنجامدا.

تاوانەکانی حەرەس قەومی دژی گەلی کورد

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەو کاتەی بەعسییەکان بە هاوکاری عەبدولسەلام عارفی جێگری سەرۆك کۆمار، کوودەتایان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد و بۆ جاری یەکەم دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەوسا قاسم لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەورەترین جەنگی دا بوو. دوو ساڵ بوو شۆشی ئەیلول تەنگی پێهەڵچنیبوو. کاتێکیش گۆڕان لە ڕژێمی حکومەت ڕوویدا، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات چاوەڕوانی گۆڕانی ریشەییان دەکرد. ئەوە بوو دوو ڕۆژ دوای کوودەتایەکە شاندی نارده بەغداد، بەڵام دەسەڵاتی نوێ بە تونديی دژی داوا ڕەواکانی کورد وەستا و بۆ بیانووی لێناوبردنی بزووتنەوەی سەربەخۆخوازی کوردیش، دوو مانگ دوای ئەو ڕووداوە بە هەموو جۆرێك هێرشی کرده سەر کوردستان. یەکێك لە ئامرازەکانی پەلاماردەکەش حەرەس قەومی بوو کە لەتەك سوپای وڵات بۆ بۆکارهێنانی تانک و تۆپ بەکاریهێنا. بەشێك لەوانە پێیان دەوترا (فورسان وەلید) و لەناو کوردەکانیش هێزێکییان دروستکرابوو بەناوی (فورسان سەلاحەدین) کە حکومەت بە هەموو شێوەیەك پشتگیری دەکردن. ئەو چەکدارە نانیزامییانە بەوپەڕی دڕندە بەربوونە وڕەی خەڵکی کورد.

به هەر لایەك گەیشتبان هەوڵی کوشتنی خەڵك و وێران و تاڵانکردنی شوێنەکەیان دەدا. لە زێر شوێنیش عەرەبی ڕەش و روت بێ تاڵانکاری و داگیرکاری خاکی کورد، پێش هێزەکانی حەرەس قەومی دەکەوتن. تەنانەت هی وەهایان هەبوو دەستی بەسەر ماڵ و موڵکی کوردە درواسیەکەی خۆشی دادەگرت. پرسەکە بەو جۆرە بوو خەڵکی کورد بە زێر لەو خاکە دەربکەن کە هەزارەها ساڵ بوو تێیدا ڕەگی داکوتا بوو. بگومان ئەوەی ئەنجامییان دەدا بڕشکێک بوو لە پرسەی (تەعریب و تەبعید). لەکاتی پەلاماڕەکانیش دروشمەکانی وەك (أحن البدو – وين العدو) و (أحن العرب أهل الغيره – نطرد الاكراد من ها الديره) یان دەوتەوە.

بەو شێوەیە زێر گوندی کوردییان وێران کرد و ئەمەو لە زێر شاریش هاوڵاتی سڤیلیان کەوتبا بەر دەست، بەوپەڕی دڵندەیی ئێشکەنجەیان دەدا، هەندێك لەو بەرکەوتانەی لەژێر ئێشکەنجەی گیانیان لەدەستدا. بە مەبەستی چاوترساندنیش، بە دەستێژی کوللە خەڵکی زێریان شەهید کرد. زێریشیان دەربەدەر کرد. بە سەدان گوندیان کردە ستماك. بە نموونە ڕۆژی 8 ی حوزەیران کە بەسەر گوندە کوردییەکانی شاری کەرکووکیاندا خەڵکەکەیان ئاوارە کرد. هەر لەو شارە بازاڕی (ئاخور حوسێن) کە بازاڕی کوردەکان بوو تاڵانکرد و دوکانەکانیشیان بە بلدۆزەر ڕوخاند. لە گەڕەکە کوردنشینەکانی وەك شێریجە و ڕەحیماوە ڕەشبگیری خەڵکی سڤیلییان کرد و بەبێ دادگایی هەندێکیان گوللەباران کرد. زێر ماڵیشیان تاڵان کرد. ڕۆژی دواتر (مەنعەتی جوڵی) یان ڕاگەیاند کە لەو ڕۆژە زێر شاری کوردستان ووبووی دەندانەترین شاڵاوی سەربازی بێنەوە. ئەوان هێمەتی هێشکۆژی خەڵکی بێتاوانیان بە جۆرێك گرتەبەر کە تا ئێو کاتێ مێژووی گەلی کورد بە خێوێ نەدیبوو.
ڕۆژی 10 ی حوزەیرانیش حکومەت بە ڕەسمی داوای لە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بەبێ هیچ مەرجێك لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا تەسلیم بێ. ئەوسا جگە لە مەنعەتی جوڵی هەموو کوردستان، سیاسەتی (أرض المحروقة) شیان پێیەو کرد. عەقید سدیق مستەفا ئەلنعیمی ناسراو بە (زەعیم سدیق) کە یەکێك لە سەرکردەکانی حەرەس قەومی بوو، لە شاری سلێمانی و دەوروبەری، سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی کەمکوژییەکەی حامیدی کرد. ئەمەو لە شاری کۆیەش وەك من لە چەندان شایەد حاڵ گوم لێبووە ڕۆژی 4 ی تەممووز کەمەك کەسی سڤیلیان لە شەقام بە دەستێژی گوللە کوشت. ڕۆژی 31 ی مانگیش چوار کەسی بێتاوانیان بە دینگەکانی پێش دووکانەکانی شار بەستەوە و گوللەبارانیان کردن، بە چاوترسانی خەڵکیش کە ئەوسا زێربەیان شاریان جێهێشتوو، لاشەکانیان بە هەواسراوی هێشتبووە، تا دواتر

مەلا و قەشەی شار، کە قورئان و ئینجیلیان هەڵگرتبوو چوونە لای (تاهر شەکرچی) سەرکردەی هێزەکە و تکایان لێکرد بۆ ئەوەی لاشەکان دابگیرێ و بیان نێژن.

کێشەکانی حەرەس قەومی

حەرەس قەومی وەك ئەوەی بەر لە کوودەتاکە بەو ئامانجەی دروستکرابوو کە ببێتە هێزی ئاشتی و ئارامی، کەچی هەموو وەاتی پێ کرد لە کێشە و ململانێ و ستەمکاری. لە هەموو لایەك خێکی ناەزایان لە ئاستی نیشاندا. تەنانەت لێناو دامودەزگاکانی دەوڵەتیشدا، دژی تاوانە سەرکێشیەکانی ئەوان، ناەزایەتی دەربڕدرا، چونکە هەر زووی ئەندامە هێرزکارەکانی ئەو هێزە چەندان گروپی مردنیان دروستکردبوو و دەستدرێژیشیان کردبووە سەر هاوڵاتیان کە بەبێ هیچ دەستگیریان دەکردن، تەنانەت دەستدرێژیشیان دەکردە سەر ئافرەتان کە بە هیچیەوە لە بەغدا و شارەکانی دیکە بە ئاشکرا هەست بە تێکچوونی ئاسایشی کۆمەاڵیەتی دەکرا. لەاڵیەکی دیکەشەوە ئۆفسەرانی سوپا و کاربەدەستانی دیکە، بەتایبەتی دادوەران لە ڕەفتارکانیان تەواو بێزار بوون. بۆیە دوای هەشت مانگ لە دروستبوونیان عەبدولسەلام عارفی سەرۆك کۆمار بڕیاریدا کۆتایی بە دەسەاتی حزبی بەعس و میلیشیای حەرەس قەومی بهێنێت. ئەوە بوو ڕۆژی 18ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بە هاوکاری بەشێک لە سوپا، کودەتایەکی دیکەی ئەنجامدا کە ئەو جارە لە دژی حزبی بەعسی هاوپەیمانی بوو، ئەوانی لە دەسەات دەرکرد و بارگای گشتی حەرەس قەومیشی لێ بەغدا گۆمارێدا. دوای شێکی قورس ئەو هێزە هەوشێنرایەوە و زەربەی سەرکردەکانی حزبی بەعسیش دەستگیر کران. ئەوسا عارف لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کۆتایی بە حەرەس قەومی هاتووە. ئاماژەی بەوەش دا ئەو هێزە نیشتمانی نەبووە و تەنیا بۆ بەرژەوەندی حزبی بەعس کاری کردووە. شارەزایانیش ئەو ساەیان (لەنێوان مانگەکانی حوزەیران و تشرینی یەکەم دا) لە مەڕووی عێراق و بەتایبەتیش لە مەڕووی کوردستان، بە ساێکی پڕ لە خوێن و کارەسات داناوە.

لەگەڵ ئەوەی تەمەنی ئەو میلیشیایە کورت بوو بەاڵم چونکە لە ناخی دەندەیی و ڕەگەزپەرستی هەڵقوڵابوو بۆیە یەك لە تاریکترین ڕۆژەکانی نەك تەنیا لە مەڕووی کوردستان بەلکو لە مەڕووی عێراق جێهێشتووە. دوای ئەو ماوە درێژە کەچی هێشتاش تاوانەکانی حەرەس قەومی کاریگەرییان لەسەر گەلی کورد ماوە. لەناوبردنی سڤیل و ئاواربوون و لەدەستدانی خاك و موڵك و ماڵ… هەموو ئەوانە بوونە هۆی قوتربوونی بریندەکانی نێوان کورد و حکومەتی ناوەندی عێراق.

بەداخەوە تا ئێستاش ئەوانەی دەسەڵاتی وڵاتیان لە دەستە نەك کاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاسوودەکردنی دانیشتوانی سەرتاسەری وڵات و یەکسانبوون نەکردووە، بەڵکو لە دزۆوکردنی ئاڵتوونزییەکان و جیاکاری و ستەمکاری و رەوایی دان بە ستەم، بەردەوامن، کەچی داوای پاراستنی سەروەری وڵات لە هەمووان دەکەن!

ئاکۆ عەبدوڵڵا

کۆماری کوردستانا سێر، سەرەتایەك بۆ کۆماری کوردستان.. ئاکۆ عەبدوڵڵا

لاپەڕەی مێژوو

دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی میدی لە ساڵی 550 پ.ز. خاکی کوردستان دابەشکراوە و لەلایەن خەڵکانی دیکەش حوکمڕان کراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ دانیشتوانی کوردستان ملکەچ و دەست لە ئەژنۆ دانیشتبن، بەپێچەوانەوە بە درێژایی ئەو ماوەیە چەندی بۆیان کرابێت مکوڕانە هەوڵی سەربەخۆیی و پاراستنی شوناس و پێگە و خاوەندارییەتی خۆیان داوە. بەوەش یاخیبوونێکی پیرۆزیان نواندووە. هەر کاتێکیش بۆیان ڕەخسا بێت، ئەگەر دەسەڵاتیان بەسەر کوردستانی گەورە و یەکگرتووشدا نەبووبێ ئەوە قەڵەمڕەوی سەربەخۆییان لە شێوەی قەوارەی میرنیشینی پێکهێناوە. لە دوای وەستانی جەنگی یەکەمی جیهانیش کە کورد بە ئاواتەوە لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی ئاشتی ساڵی 1919 دەڕوانی، وەك گەلێکی چەوساوەی خاك داگیرکراو بەهیوای سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی بوو، بەڵام بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان لەوەدا بوو بە پارچە پارچەیی بیهێڵدرێتەوە و خاکەکەی بە حکومەتە تازە دروستبووەکان ببەسترێتەوە، هەر وەك چۆن چەندان گەل و نەتەوەی دیکەش کرانە قوربانی بەژەوەندییەکانی ئەوان. لەو ساوە کورد دەستەبەرداری سەربەخۆیی و حکومڕانی خۆی نەبووە و ناشبێ. ساڵی 1922 بە سەرکایەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی و دەورووبەری (شانشینی

کوردستان) پێکهێنرا. ساڵی دواتریش لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجانی ئەمڕۆ، کۆماری (کوردستانا سۆر) ی دامەزراند. ساڵی 1930 بە سەرکایەتی ئیحسان نوری، پاشا (کۆماری ئارارات) و لە پاشخانی جەنگی دووەمی جیهانیش بە سەرکایەتی قازی محەمەد (کۆماری کوردستان) ی لە مهاباد راگەیاند.

کۆماری کوردستانا سۆر (یوزێدی کوردستان) ڕۆژی 7 ی تەممووزی ساڵی1923 بێ فەرمانی حکومەتی ئازەربایجان وەك یەکێکی ئیداریی سەربەخۆ لەناو ئەو کۆمارەی قەفقاز دامەزرا کەدەکەوتە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەورە و سێگۆشەی ئەرمەنی و ڕووسی و ئازەربایجانی. ئەو یەکەیە ببووە خاڵی جیاکارەوەی هەرێمی قەرەباغ و ئەرمەنستان. بەیاری دامەزراندنەکەشی لەلایەن دەسەڵاتی باڵای سۆڤیەتی لە مۆسکۆ دەرچوو بوو. وەك بەشێك لە سیاسەتی (کۆرنیزاتسیا) لەتەك گرنگیدان بە پێشخستن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری حکومی و کەلتووری بە زمانی خەڵکی، بەو مەبەستەی ببێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بەاوکردنەوەی ئایدیای بەلشەڤی لەناو کوردانی ناوچەکە و ڕاکێشانی سۆزی کوردی ناو وڵاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، کە ئەو کات عێراق و سوریا لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا و فەرانسەدا بوون.

ناوەندی کارگێڕی ئەو یەکێیە شاری لاچین بوو کە دەکەوتە نێوان قارەباغی شاخاوی و پارێزگای سیونیکی ئەرمینیا و لە کۆنەیشەوە هەڵە کوردییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون کە هەندێکیان دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەن و مێژووی ڕەگداکوتانیان بۆ هەزارەها ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. بەشێکیشیان لەلایەن دەسەڵاتدارە سەفەوی و قاچارییەکان لە ئێران و عوسمانییەکانیش لە تورکیا بۆ ئەو ناوچانە دووڕخراونەتەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی و عوسمانی زۆر جار کوردیان بە کۆمەڵ لە خاکی خۆیان بۆ ئەو دیوی قەفقاس و ئەرمینیا و تورکمانستان و لوبنان و ئەلبانیا و چەندان شوێنی دیکەی دوور دەربەدەریان دەکرد. لە هەندێك باریشدا کورد لە ترسی ئەو دەسەڵاتدارانە، ناچارییانە بۆ شوێنە دوورەکان سەری خۆی هەڵگرتووە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کوردانی قەفقاز تا ساڵی 1827 میرنشینی سەربەخۆیان هەبووە. ساڵی 1813 بە گوێرەی پەیماننامەی (گولستان) ی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و ڕووسیای قەیسەری، ئێران ئەو بەشەی بۆ ڕووسیای جێهێشت. هەر لە بەر ئەوەشە هەندێك کەس وەك پێنجەم پارچەی کوردستانی دابەشکراو سەیری ئەو ناوچەیە دەکرێت.

قەڵەمڕەوی ئەو کۆمارە ناوچەکانی کەلباجەر و لاچین و قوبادلی و زەنگیلان و بەشێک لە جەبرائیلی لەخۆ گرتبوو. زۆرینەی کوردەکانی

ناوچەکە شیعە بوون و زمانی فەرمیشی شێوە زاری کورمانجی بوو. هاوکات زمانی ئازەربایجانیشی تێدا بەکاردەهێنرا. ئەمەو کێمارەکە ئاڵای تایبەت بە خۆی هەبوو کە دوو بەش بوو بە پانی. بەشێکیان ڕەنگی سۆر بوو. بەشەکەی دیکەش سەوز. بەشە سێرەکەی گەورەتر و لەلای چەپیشی ڕۆژێکی زەرد هەبوو کە لەناویدا ئەستێرەیەکی بچووك و چەکوچ و داسی لۆگۆی کۆمونیشی دەبینرا. بڕیاری داتاکانی ساڵی 1925 ئێو یەکێ کارگێڕیە، شەش هەرێم و 330 ئاوایی لێ خێ گرتبوو. بڕیاری سەرژمێری یەکێتی سۆڤیەتیش لە ساڵی دواتر ژمارەی دانیشتوانی ئەو کێمارە (51,426) کەس بوو کە (37,182) کەسیان کورد بوون، واتا بەڕێژەی (72،7%). و ڕێژەی ئازەربایجانیش 26،3% بوو.
خوێندن و نووسینی لەو کێمارە بە کوردی و بە پیتی کریلیک بوو. بەڵام تا دەهات حکومەتی ئازەربایجان گرفتی زیاتری دەخستە بەردەم کارگێڕی ئەو حکومەتە، بەهۆیەوە دانیشتوانی کوردستانا سەر بەتایبەتی بە درێژەدان بە خوێندن ناچاربوون بە ناوچەکانی سۆڤیەت و ناوچەکانی دیکەی جیهان کۆچ بکەن. هەر بۆیە ساڵ بە ساڵ ژمارەی کوردەکان کەم و ئازەرییەکانیش زیاد دەبوون. ڕۆژی 8ی نیسانی 1929 لە شەشەمین کۆنگرەی سۆڤیەتی، ئازەربایجان چاکسازیی لە پەکهاتەی ئیداریدا پەسەند کرد و بەهۆیەوە هەموو ئوزدەکان، لەوانەش کوردستان ئوزد، هەڵوەشێنرانەوە. سۆڤیەتیش ئەوەی پێخۆش بوو، چونکە ئەوسا کەمال ئەتاتورك داوای لە ستالین کردبوو ئەو کێمارە کوردییە لەبار بەرێ، ئەوەبوو ڕۆژی 30 ی ئایاری ساڵی دواتر تا ڕۆژی 23 ی تەممووز لە شوێنی کێمارا سۆریا (ئێکروگی کوردستان) دامەزرا. ئەوسا سۆڤیەت بە هیچ جۆرێك نەیدەویست پەیوەندییەکانی لۆگۆ تورکیا و ئێران تێکچێت، بۆیە ئەوەندەشیان بە ڕەوا نەبینی و ڕۆژی 23 ی تەممووز کوردستان ئێکروگیش هەڵوەشێنرایەوە. هەرچەندە کوردی ئەو حکومەتە بەو بڕیارە ڕازی نەبوو. دواتر تا دەهات دێخی بەردەمیان سەخت تر دەبوو، ساڵانی 1937 و 1938 دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت زۆربەی دانیشتوانی کوردی ئازەربایجان و ئەرمینیای بە کازاخستان و تورکمانستان و قرغیزستان و ئۆزبەکستان دوورخستەوە. ساڵی 1944 لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، جۆزێف ستاڵین بە زۆر کوردی جۆرجیای بە قەزاقستان و ئۆزبەکستان دوورخستەوە.
بەو جۆرە بارەکە درێژەی کێشا تا لە ساڵی 1961 (مەهمەت بابایێف) هەوڵی دا مافەکان دەستەبەر بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. دواتریش کورده ناسیۆنالیستییەکانی سۆڤیەت هەوڵی زیاندا بە گەندەڵی مافەکانی کوردە دوورخراوەکان. ئەوە بوو ساڵی 1989 توانییان ڕێکخراوی (یەکبوون) پێکبهێنن کە ئامانجی دووبارە دامەزراندنەوەی ئۆتۆنۆمی کورد بوو. حکومەتەکەی گەرباچێڤیش بارێکی

گونجاوی هەنابووە ئارا، بەهام دامانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی 1991 لەلایەك و هەوڵە دوژمنکارییەکانی تورکیا لەلایەکی دیکە کۆتایيان هێنا بە بنیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەناو یەکێتی سۆڤیەت. ساڵی دواتریش لە کاتی جەنگی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر کەماری (ناگۆرنۆ – قەرەباخ) و دوای گرتنی لاچین لەلایەن هێزەکانی ئەرمینیا، هەوڵدرا بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی کوردستانا سەر لژر ناوی کەماری کوردیی لاچین بەابەرایەتی (وەکیل مستەفایژ)، بەڵام ئەمەش سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ناوبراو بەرەو ئیتالیا سەری هەڵگرت.
جەگەی باسە تا ئێستاش لەبارەی زەوی کوردستانا سەر لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان کێشە هەیە. هەردووکیان خۆیان بە خاوەنی دادەنێت، لە شڕی نێوانیشیاندا دەیان هەزار سەرباز کوژراوە. بۆ ئەمەی کورد کەمارا کوردستانا سەر، هەرچەندە تەمەنی کورت بوو، بەڵام بێشکی گرنگێ لە مێژووی نەتەوەییمان.

ئاکۆ عەبدوڵا

ئەلیازە و ئێدیسە لە سینەمادا.. ئاکۆ عەبدوڵا

ئێدیسێی ئەو جارە شاکارێك جیهانی سەرسام کرد

هەردوو داستانە شیعرییەکەی ئێدیسە و ئەلیادە، گەنجینەی کەلتووری بەپێزی یۆنانی کۆنن. هەمیرۆسی شاعیری نابینا (کە لە سەدەی 8- 9 پ. ز. ژیاوە) نووسیویەتی. ئەلیازە گێڕانەوەی ئەفسانەییانەی جەنگی تەروادەیە کە لە سەدەکانی سێنزدە و دوانزدەی پێش زانین، لەنێوان پادشای ئەسپارتا و شاری تەروادەی گریگی ئەوسا و تورکیای ئێستا رووێداوە و ماوەی دە ساڵی خایاندووە. بەهۆیەوە شارەکە وێران کراوە. لەناو ئەو گێژاوەش زیاتر تیشک خراوەتە سەر کێشە و شەڕی نێوان (ئەخیل) ی پاڵەوان و سەرکردەکانی دیکە. ئێدیسەش تایبەتە بە رووداوەکانی دوای روخانی تەروادە و زیاتریش بە گەڕانەوە و گەشتە پڕ مەترسییەکەی (ئێدیسێس) ی پاڵەوان بۆ واتەکەی، ئیساکا و

بەرگریکردنی (پێنەلۆپ) خەزانی لەبەرامبەر ئەو کەسانەی دەیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر ماڵ و سامانی. هەردوو داستانەکە درێژن. ئەلیادە نزیکەی 15600 دێڕ و ئۆدیسەش 12200 دێڕە. هەریەکەشیان لە کۆمەڵێك سرود پێکهاتوون. ماوەیەکی درێژیش زارەکییانە دەوترانەوە، تا لە سەدەی شەشەمی پێش زاین لە ئەسینا نووسرانەوە. ساڵانێکی درێژیش ئەو شاکارانە لە کۆمەڵگەی یۆنانی کۆن، تەنیا وەك دوو داستانی پاڵەوانی سەیر نەدەکران بەڵکو وەك بابەتی نمونەیی وا بوون بۆ فێرکردنی نەوەی دوای نەوە، بە بنەماکانی ئاکار و زمان و ئەدەب و شیعر و پاڵەوانییەتی.
ئەمەو زۆر لە مێژیشە لە شێوەی شیعر و چیرۆك و شانۆنامە و ڕۆمان، وەك هەوڵێن کەوتونەتە ناو بەرهەمی ئەدەبی جیهانی. وەك خاوی گرنگیش، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی هونەری حەوتەم بەکارهێنراون و چەندان جار کراونەتە فیلم. لە سەردەمی سینەمای بێدەنگ، ساڵی 1911 لە داستانی (ئیلیادە) فیلمی (ڕووخانی تەروادە La caduta di Troia) بەرهەم هێنرا کە (جیۆڤانی پاستڕۆن) و (لویجی ڕۆمانۆ بۆرگنیتۆ) لە سینەمای ئیتاڵی دەریانهێنا. هەر لەو ساڵە و لە ئیتاڵیا لە داستانی (ئۆدیسە) بە هاوبەشی (فرانسیسکۆ بۆرتۆلینی) و (ئۆدلفۆ پادۆڤان) و (جوزێپی دی لیگوارۆ) فیلمی (ئۆدیسە L’Odissea) دەرهێنرا.
دوای دەرکەوتنی سینەمای دەنگداریش، ساڵی 1954 ماریۆ کامەرینی دەرهێنەر، لە ئیتاڵیا فیلمی (یولیسس Ulisse) ی دەریهێنا کە کۆمەڵێك ئەکتەری ئەمەریکی و ئیتاڵی ڕۆیان تێدا گێڕابوو، لەوانە کیرك دۆگلاس و سیلڤانا مانگانۆ و ئینتێنی کوین. ساڵی 1956 لە ئەمەریکا لە داستانی ئیلیادە فیلمی (هێلین لە تەروادە Helen of Troy ۆ) بەرهەمهێنرا کە (ڕۆبێرت وایز) دەریهێنا تێیدا (جاك سیرناس) و (ڕۆزانا پۆدیستا) و (سیدرك هارودیك) و (ستانلی باکەر) و (ڕۆبێرت دۆگلاس) و (بریجت باردۆ) و چەندانی دیکە ڕۆڵەکانیان گێڕاوە. ساڵی 1961 جۆرجۆ فێرۆنی لە ئیتاڵیا فیلمی (ئاسپی تڕۆجان La guerra di Troia) ی دەرهێنا کە (ستێف ڕۆڤز) ی پاڵەوانی لەشجوانی ئەمەریکی و ناودار لە فیلمەکانی هەرقل، لەتەك (جولیت ماینەل) و (جۆن درو باریمۆر) و (ئیدی ڤیسڵ) و (لیدیا ئەلفێنسی) و چەندانی دیکە، ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە. ساڵی دواتریش (جوردون متشیل) ی ئەکتەری ئەمەریکی لە فیلمی (تووەیی ئاخیل L’ira di Achille) ی (مارینۆ جیرۆلامی)ی دەرهێنەر لە ئیتاڵیا، ڕۆڵی ئاخیلی بەرجەستەکرد. ناوەرۆکی ئەو کارەش لە داستانەکەی ئەلیازە وەرگێڕابوو.
ساڵی 1997 ئەندرۆ کۆنشالۆڤسکی دەرهێنەری ڕووسی لە ئەمەریکا،

زنجیرە تەلەڤزیۆنی (ئۆدیسە The Odyssey) ی دەرهێنا کە کریستۆفر لی و ئەرماند ئەسانت و گرتا سکاشی و ئیزابێلا روسللینی و بێرناردیت پیتەرز و چەندانی دیکە بەشداریان تێدا کردبوو. ناوەرۆکەکەی ئاوێتەی هەردوو داستانەکە بوو و بەکارێکی ناوازە و سەرکەتووش دانرا چونکە تەکنیکی کۆمپیوتەر جوانییەکی تایبەتی پێبەخشیبوو. هەموو ئەو وردەکارییە ئەندیشەیی و ئەفسانەییانەی کە پێویستبوو، لە رۆگەی کۆمپیوتەر ئەنجامدرا بوو. ساڵی 2004 (ڤولفجانج پیتەرسەن) لە ئەمەریکا فیلمی (تەرواده Troy) دەریهێنا کە تێیدا (براد پیت) و (ئۆرلاندو بلۆم) و (ئیرك بانا) و (دیان کروجەر) و (پیتەر ئۆتۆن) و چەندانی دی ڕۆڵەکانیان بەرجەستەکردبوو. بە ئەوسا ئەو فیلمە خوێندنەوەیەکی نوێ بوو بۆ داستانەکانی هۆمیرۆس، ئەویش بانگەوازکردن بوو بۆ ئاشتی و ڕقبوونەوە لە شەڕ و دژینەوەی دەروازە بۆ ڕزگاربوون لەووبەووبونەوە سیاسییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. هەروەك لە مەبەستی (ئاخیل) ی پاڵەوانی فیلمەکە بەدیاردەکەوێت کە ئەو پاڵەوانە فەرمانەکانی بەجێنەدەگەیاند، چونکە دەبوایە لەپێناو بەرژەوەندی سەرکردەکان شەڕ بکات، کەچی ئەو تەنیا شەڕی لەپێناو نیشتمان بەلاوە پیرۆز بوو.
دوا بەرهەمی سینەمایی کە لەو دوو داستانە وەرگیرابن، فیلمی (ئودیسە The Odyssey) یە کە ئەم ساڵ (کریستۆفەر نۆڵان) لە ئەمەریکا دەریهێنا و (ئیما تۆماس) ی هاوسەریشی بەرهەمیهێناوە. ماوەکەی نزیکەی 3 کاتژمێرە (ڕۆژی 17ی تەمموز کە بۆ یەکەمجار لە سینەماکان نمایشکرا وەرچەرخانێکی نوێ بوو لە مێژووی سینەما و دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێ ئاستی جیهانیدا لێکەوتەوە، نەك تەنیا لەبەر کەشندەیی چیرۆکی ئەفسانەییەکەی، بەڵکو لەبەر ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەی کە لە بەرهەمهێنانیدا بەکارهێنرا بوو، بەتایبەتیش ئۆزموونی بینینی و دەنگی بوونە کە تەکنەلۆژیای (IMAX) ی تێدا بەکارهێنراوە. ئەمەو یەکەم فیلمیشە لە مێژوودا کە بۆ تەواوی بۆ کامێرای (IMAX 70mm) وێنەی گیرابێت. وێنەکانیشی لە وێاتەکانی مەغریب، یۆنان، ئیتاڵیا، ئایسلەندا، سکۆتلەندا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گیراون. دەرهێنەر بۆ ئەم مەبەستە سیستەمێکی نوێ کامێرای بەکارهێناوە تاکو بینەر هەست بکات لەناو ووداوەکاندا دەژی.
بۆ دابینکردنی وردەکارییەکانیش بودجەیەکی یەکجار زۆری بۆ تەرخانکرا کە گەیشتە 250 ملیۆن دۆلار، بەڵام تەنیا لە هەفتەی یەکەمی نمایشکردنیدا لە ئەمەریکا زیاتر لە 123 ملیۆن دۆلاری کەکردەوە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی تەمموز داهاتی فیلمەکە

گەیشتە 630 ملیۆن دۆلار. چاوەڕوانیش دەکرێت ببێتە پڕ داهاتترین فیلمی ساڵ. لەو بەرهەمەشدا کۆمەڵێك ئەکتەری بە توانا ڕۆڵیان گێڕاوە لەوانە: (مات دەیمۆن) ڕۆڵی ئەدیسۆس، (ئان هاساوای) ڕۆڵی پێنەلۆپی، (تۆم هەڵاند) ڕۆڵی تێلیمکۆس، (ئەبێرت پاتینسن) ڕۆڵی ئەنتینۆس، (زێندایا) ڕۆڵی ئەسینا، (لوپیتا نیانگۆ) ڕۆڵەکانی هێلین و کایتمنێسترا، (بێنی سافدی) ڕۆڵی ئاگامێمنۆن، (تراڤیس سکۆت) ڕۆڵی چیرۆك خوێن.
ناوەڕۆکی فیلمەکە تایبەتە بە گێشتە پڕ لە مەترسی و درژخایەنەکەی (ئەدیسۆس (ی پاشای ئیتاکا لە گەڕانەوەی بۆ نیشتمانەکەی، دوای کۆتاییهاتنی جەنگی تەرواده کە دە ساڵی خایاندبوو. لەو گەشتەشیدا ڕووبەڕووی بوونەوەرە ئەفسانەییەکان دەبێتەوە. سەرەتای فیلمەکە گەڕانەوەی ڕووداوەکانە لەلایەن چیرۆکخوێن. دواتر جەنگی تەرواده و ڕۆڵە کاریگەرییەکەی (ئەسپە دارینەکە) و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەدیسۆس لەگەڵ بوونەوەرە ئەفسانەییەکان و جادوگەر و گێشت بە جیهانی ژێرەوە و وەرگرتنی ڕێنمایی لە جیهانی مردووان و لەوێشدا ڕووبەڕووبوونەوەی بە ئابردووی خۆی دەبینێ. ئینجا پاش دە ساڵ بە تەنیایی و بە پێشاکی هەژاران دەگەڕێتەوە ماڵەکەی تاکو تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتەکەی و هاوسەرەکەیان دەدا.
شایانی باسە کریستۆفەر نۆڵانی دەرهێنەر لە زەربەی فیلمەکانی کاری لەگەڵ زەمەنێکی دیکە کردووە. لەرەشدا بۆ شێوازی تایبەتی خۆی و بۆ بەکارهێنانی هێما کاتییە تەکنیکەکان، چیرۆکێکی خستەڕوو، بەوەش جارێکی دیکە سەلماندی دەتوانێت دەقە کۆنەکان بۆ شێوازی مۆدێرن و سەرنجڕاکێش بژیەنێتەوە، بەو جۆرەی بۆ هەموو نەوەکان گونجاو بێت.

ئاکۆ عەبدوڵا

ئەمانی (زامەکانی ئەرمەنستان) وەرچەرخانە گەورەکەی ئەدەبی

ئەرمەنی.. ئاکۆ عەبدوڵا

خاچاتور ئەبۆقیانی پەروەردکار و شاعیر و نووسەر و توێژەر کە بەیەکێك لە دیارترین ڕووناکبیر و نوێخوازەکانی مێژووی ئەرمەنی و قەوقاز و باوکی ئەدەبی نوێی ئەرمەنی دادەنرێت. ساڵی 1841 ڕەمانی (زامەکانی ئەرمینیا) ی نووسی و دوای ونبوونی خۆی، ساڵی 1858 بە یەکەمجار ئەو بەرهەمە بڵاوکراوە و دەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتەوە. لەو ڕەمانەدا کە نووسەر زۆر لێهاتووانە توخمەکانی ڕەمانسی و ڕیالیزمی ئاوێتەی یەکتری کردووە، ئازار و خەڵاگری و ڕەحی نەتەوەیی و خەباتی ڕزگاریخوازی ئەرمەنییەکانی لێکاتی جەنگ (لەنێوان ڕووسیا و فارس 1826 تا 1828) نیشان داوە و بەشێك لەو ئازارانەشی بەرجەستەکردووە کە ئەرمەنییەکان لەکاتی ژێر دەستەیی دەسەڵاتی داگیرکاری فارسی دەیانچێژت. هاوکات جەختیشی لە هاتنە جێشی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و دەربەینی ڕق و کینە لە ستەمکاران کردۆتەوە.

ناوەڕۆکی ڕەمانەکە لەسەر بنەمای ڕووداوێکێ کە لە زەدی نووسەر لە کاتی جەنگەکە ڕوویدا بوو. ئەویش ڕفاندنی کچێکی ئەرمەنییە بە ناوی (تاگوهی) لەلایەن کەمەڵێک چەتەیەك کە سەربازی (حوسێن خان سەردار) ی فارس بوون. ئەوسا وەك کاردانەوە (ئاغاسی) سەرکردایەتی ئاپۆیەنی خەڵکە ئەرمەنییەکە دەگرێتە ئەستۆ و پیاوەکانی سەردار دەکوژێت و کچەکە ڕزگار دەکات. ئەو کارەزمایە کە خەڵاگرانە و قارەمانانە دژی ستەم دەجەنگێت لە شوێنێکدا دەڵێت : "گیانی خۆت بدە، بەڵام هەرگیز خاکەکەت مەدە". دواتر حەسەنی برای سەردار خان، پارێزگاری فارس، بە سزادانی ئاغاسی و خەڵکە ڕاپەڕیوەکە هەڕەشی سەخت دەکات و ژمارەیەک شارچکەی ئەرمەنستان وێران دەکات.

ئەو ڕەمانە لە زمانی ئەرمەنی بە یەکەم ڕەمانی مەدەرن دادەنرێت. واتا یەکەم ڕەمان کە تێیدا لە بری زاراوەی ئەرمەنی کلاسیکی، بە زمانی ئەرمەنی نوێی (زاراوەی یەریڤانی – زاراوەی ئاراراتی) کە زمانی قسەکردنی خەڵک بوو، نووسراوە. ئەو شێوە زارەش (ئاشخاراباڕ) بووە بنەمای زمانی ئەرمەنی ڕۆژهەڵاتی نوێ. ئەمەش یارمەتیدەر بوو لە یەکخستنی زمانی ئەدەبی ئەرمەنی و نزیککردنەوەی لە زمانی قسەکردنی خەڵک. هەروەها یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی ئەرمەنییە کە لەسەر بنەمای عەلمانی نووسرا بێت، چونکە تا ئەوسا ئەدەبیاتی ئایینی بەسەر گشە پانی ئەدەبی ئەرمەنی باڵادەست بوو. دوای بڵاوکردنەوەی ڕەمانەکە لەناوەوە و دەرەوەی ئەرمەنستان دەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتەوە و بەخاڵی وەرچەرخان لە ئەدەبیاتی

ئەرمەنیدا دانرا، جگە لە ئایکۆنی لە یەکخستنی زمان، لە سەردەمی پێ لە داگیرکاری و ئاڵوگۆزیدا بووە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و کاریگەریی قووڵیشی لەسەر گەلی ئەرمەن جێهێشت.
خاچاتور ئابۆڤیان ژیانی پڕ بووە لە ڕووداوی سەرنجڕاکێش و کەتایبەکی نهێنی و تراژیدی. 15ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1809 لە گوندی کاناکەری نزیک شاری یەریڤان لەدایکبووە و ڕۆژی 14ی نیسانی 1848 بەشێوەیەکی نادیار ون دەبێت. تا ئێستاش نەزانراوە کەتایبەکەی چۆن بووە. جگە لەو ڕەمانە کەمەڵك کتێبی دیکەی لەشێوەی چیرۆك و دیوانە شیعر و بابەتی پەروەردەیی بەزمانەکانی ئەرمەنی و ڕووسی و ئەمانی نووسیوە. هاوکات یەکێکیشە لە پێشنگەکانی زانستی کوردۆلۆجی لە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیادا کە بەهۆی دیدگای زانستی و مرۆڤدۆستانەی، توانی بنەمای پتەو بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و زمان و فۆلکلۆری کوردی دابڕێژێت.

ئاکۆ عەبدوڵا

تابلۆی ئەوان چاوەڕێی ئەویان نەدەکرد.. ئاکۆ عەبدوڵا

تابلۆی (ئەوان چاوەڕێی ئەویان نەدەکرد) بە یەکێك لە کارە ریالیزمییە کاریگەرەکان دادەنرێت کە ساڵی 1884 ڕێپین کێشا و بەگەیەکی ڕوونۆ لەسەر دەستەنگینی ناوبراو لە کێشان و بەرجەستەکردنی سەختترین ساتی هەچوونی مرۆڤ و بەدیارخستنی هەستە مرۆڤایەتییە جۆراوجۆرەکانی ئەندامانی خێزانێك، دوای ئەوەی بەشێوەیەکی کت و پڕ باوکیان، پاش بەسەربردنی چەندان ساڵ لەناو ئۆردوگایەکی بەندکراوانی سیبیریا دەگەڕێتەوە ماڵەکێی. ئەوسا لە ڕووسیا هەر کەسێك کە بۆ سیبیریا دوور خرابا، لە ڕیزی مردووان دادەنرا، چونکە یان بەرگەی نەدەگرت و لەژێر ئەشکەنجە دەمرد، یاخود لەبەر برسییەتی و ئازارەکان، خۆی دەکوشت. هەر خێزانێکیش ئەگەر ئەندامێکی بۆ ئەو شوێنە دوور خرابا، دەبوایە بەهیچ جۆرێك باسی نەکێن و منداڵەکانیش وەها قەناعەت پێبهێنن، کەسە دوورخراوەکە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە، یاخود مردووە.

لەو بەرهەمەدا پیاوەکە دڵشکاوانە و ڕووخسار مانانە بە جێستە و گیانی ڕووخاو، خەی بڕژووردا کردووە. لەبەر ئەوەی دایکە کەڵەکەی بەردەوام ڕووخساری ئەوی لەپێش چاو بوو، بۆیە لەسەر کورسی هەساوە و وەهاش دەرکەوتووە بۆا بەچاوەکانی نەکات کە چ دەبینێ! هاوسەرەکەشی لەپێ لە پیانێ ژەنین وەستاوە، بەهام لەژێر کاریگەری هەست کردن بە هەدمە و دەربەست نەبوون، نەیتوانیوە هەسێ و بە چاوە ترسنەرەکانی دەوانێ. پێدەچێت کوەە گەورەکە، باوکی لە بیرمابێت، بۆیە بە زەردەیەکی تێکەاو لەخشی و سەرسوماننی سەیری دەکات، بەهام کچە بچوکەکە بەگومان و جڕڕك لێ ترس دەوانێتە ئەو دیمەنەی کە کەش و هەوا ئاسایەکەی ژووڕەکەی شواندووە. کارەکەرەکەش هەشتا دەستی لە دەرگاکە نەبێتەوە و چاوەوانی ساتی پێ خرۆش و شادی دەکات.
ئەو تابلۆیە کە بە نموونەی دەربڕینی ئاشکرای هەست و هەچوونەکانی مرۆڤ لێ ساتێکی دیاریکراو دادەنرێت. بینەر دەتوانێت لەناویدا ساتی دوای دیمەنەکە بخنێتە پێش چاو کە چ جۆرە هەچوونێکی ناخ و دابارینی بە خوێی فرمێسکی شادی و کێتایی هاتنی چاوەوانی بەدوادا دێت. لێرەدا جگێ لێ ناوڕك، هونەرمەند لە دابەشکردنی سێبەر و ڕووناکیش تەواو سەرکەوتووە. لەگەێ ئەوەی سێبەر زۆربەی ڕووبەری تابلۆکێی گرتووە، کە هەستکردن بەدەەاوکە و پەشێوی دەبەخشێ، کەچی بەهێی بریسکدانەوە و درەوشانەوەی ڕەنگەکان لەو ناوەندانەی کە بۆر ڕووناکی کەوتوون، هاوتاییەك دروست بووە.

نیگارکێش لە چەند ستونێکدا:

- ئیلیا یافیمێقیچ ڕێپین، نیگارکێش و پەیکەرساز و مامۆستا و نووسەر و هزرمەندی سیاسی. بە دیارترین نیگارکێشی ڕیالیزمی ڕووسیایی لەسەدەی نۆزدە دادەنرێت.
- ساڵی 1844 لە شاری چوگێفی هەرمی خارکێفی ڕووسیای قەیسەری ئۆوسا و ئۆکرانیای ئێستا هاتە دنیا و ساڵی 1930 لە شاری کۆکالای وەاتی فنلەندای ئەوسا و ڕووسیای ئێستا، کۆچی دوایی کرد
- لای (ئیڤان بوناکێف) ی گەورە نیگارکێشی ئایکۆنی ڕووسی فەرە بنەماکانی ئایکینێ گرافیك و پەرترێت بوو.
- تابلۆکانی بۆپڵەی بەهەزیەوە چاوی بینەر بۆ خۆیان کێش دەکەن. لە زۆربەیاندا وێنەی سەختی ژیانی ڕۆژانەی کەمەگەی ڕووسی و ڕووداوەکانی ساڵانی دوایی دەسەڵاتی قەیسەری بۆرجەستە کردووە، لەوانە : (راکێشرانی کێشتی لە ڕووباری

ڤ‌لگا)، (ک‌ژاو‌یه‌کی ئایینی ل‌ ه‌ر‌می کورسك)، (ئیڤانی ترس‌نار و ئیڤانی کو‌ی) ، (ره‌تکردنه‌وه‌ی دانپ‌دانانه‌که)، (د‌سگیرکردنی پروپاگه‌ندکار)

- له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ل‌ س‌ردمی خ‌ی ب‌فراوانی ناوبانگه ب‌اوبب‌و‌، ب‌ی‌ شو‌نی ئ‌و ل‌ جیهانی هونار، هاوش‌و‌ی شو‌نی ل‌ ت‌لستی‌ی‌ ل‌ ئ‌دبی جیهانیدا.

سه‌رگ‌ن پ‌‌س و کچه قژزه‌رده ئیرله‌ندییه‌که.. نووسینی/ حسونة المصباحی.. وگ‌‌انی/ ئاک‌ عب‌دو‌‌ا

ئه‌‌ ب‌ه‌است حه‌وت سا‌ ب‌ه‌سه‌ر مردنی سه‌رگ‌ن پ‌‌س ت‌په‌ی‌یه‌؟(1) ئای له‌به‌ر خ‌رایی زه‌مه‌ن که (لاتبقی و لا تذر!). وه‌ك ئه‌وه‌یه ئه‌و کاره‌ساته دو‌نا‌ رو‌ویدا‌ب‌. کات‌کیش که هه‌وا‌ی کوچی دوایی ئه‌وم پ‌گه‌یشت له‌به‌رامبه‌ر ده‌ریاری (الحمامات) وه‌ستام تاکو به‌ته‌نیا لاوانه‌وه‌ی ب‌ بکه‌م. سات به‌ساتی به‌یه‌ك گه‌یشتنه ج‌راوج‌ره‌کانی ن‌وانیشمان له‌شو‌نه جیاجیاکانی جیهان به‌نمه‌وه به‌رچاو. یه‌کم دیدارم له‌گه‌‌ی له‌په‌راو‌زی فیستیڤا‌ی (المربد) ی شیعری بوو له‌غدا. وابزانم سا‌ی 1987 بوو. ئه‌وسا هاوش‌و‌ه‌ی چامه‌کانی، بینیم که‌س‌کی ئا‌‌ز و ئازاد له‌خ‌ده‌رخستن و زیاده‌‌‌یی بوو. ژانی قو‌ی له‌ناخدا بوو. ژانی شاعیر‌‌ك که هه‌موو ر‌ژ وشه‌کان ئازاری ده‌ده‌ن، به‌‌ام ئه‌و هه‌رگیز ب‌زارنا‌ ب‌ له‌‌اوه‌دونیان ب‌ گرتنیان به‌زیندوویی و ناسکی و جوانی و نه‌رمی، هاوش‌و‌ه‌ی ئاوی کانیاوی چیاکان.

هه‌ر له‌دیداری یه‌که‌ممدا ب‌م ده‌رکه‌وت په‌یوه‌ستی ئه‌وم. هه‌و‌‌مدا ز‌ر له‌بار‌ه‌ی بزانم. نه‌‌نییه‌کانی جیهانی شیعریشی هه‌‌ده‌مه‌وه. چه‌نده‌ش د‌خ‌ش بووم کات‌‌ك یه‌کم نامه‌ی ئه‌وم له‌مه‌کسیکه‌وه پ‌گه‌یشت که ت‌‌یدا باسی هیندییه هه‌ژاره‌کان و بیابان و شاعیره ب‌هیمییه په‌رته‌وازه‌کانی ناو با‌ه‌کانی مه‌کسیک‌ سیتی به‌‌ژ و به‌شه‌وی ب‌

کردبووم. دواتر لەپاریس لەگەڵ (عبدالقادار الجنابی) لەکافێیەکی گۆڵەپانی (کلیشی)، ئەو شۆنەی هەنری میللەری مەزن سەردانی دەکرد و تێیدا چەندان لاپەڕەی ڕۆمانەکانی نووسیوە کە بەخۆشەویستی و بەشداری کردنی شێتانە بۆ خۆشییەکانی ژیان دەرەوشاوەن، پێی گەیشتم. لەیەك لەدانیشتنە خۆشەکانیش سەرگۆن پۆڵس باسی کۆمەڵەی کەرکووکی بۆ کردم کە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو ژێی سەرەکییان گۆڵا لەنوێ کردنەوەی چامەی عێراقی. هەروەها باسی (جبرا ابراهیم جبرا)ی بۆ کردم کە یارمەتیدا کاتێك لەکەرکووکەوە بۆ بەغدا گواستراوە و بەهۆی ئەویشەوە گرنگترین شاعیر و نوسەرە نوێیە ئینگلیزییەکان لەبەریتانیا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ناسی.
هەروەها باسی ئازاری بەپێ ڕێشتن بەناو بیابانی بۆ کردم، لەبەغدا بەرەو بەیروت بۆ ئەوەی (یوسف الخال) و هاوژێکانی لەگۆڤاری شیعر بناسێ. هاوینێکیش لەگەڵیدا جوانترین ڕۆژەکانمان لەماڵی (صامویل شمعون)ی هاوژێی هەردووکمان بەسەربرد. ئەو بەدرۆژایی ڕۆژ دەنووست، تا کەمێك بەر لەئاوابوونی ڕۆژ هەڵنەدەستا. لەکۆتایی شەویش دوای ئەوەی ماندوویی پەکی دەخستین ئێمە وازمان لێدەهێنا و ئەویش تا سپێدەی بەیانی، درێژەی بەشەونخونی دەدا. کاتێکیش ئێمە هەڵدەستاین پاشماوەی قونجکە جگەرەی کەڵەکە کراو و شوشەی بەتاڵ و کتێب و گۆڤاری پەرت و باڵاومان لێرەو لەوێ دەبینی. ئەو بەسەروبەرییە ئاسوودەی دەکردین، ئەوەشی بۆ سەلماندین چەندە جوانە تەمبەڵی شاعیران و چەندەش لەبارە شێتایەتیان.
لەو کاتەدا کە سەرگۆن پۆڵس هاتە میونخ بۆ ئەوەی چەند نمونەیەك لەشیعری وەرگێڕاوی بۆ زمانی گۆتە بخوێنێتەوە، عێراق ساڵانی جەنگی تاڵی بەخۆوە دەبینی. لەبیرمە هەرگیز بەو غەمباریە نەمبینیوە کە ئەو جارە بینیم. لەو کافێیەی شەوەکەمان تێدا بەسەر برد دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی، زۆر بەتاڵی باسی ئازارەکانی عێراق و عێراقییەکان و باسی دێندەیی سوپای ئەمەریکای کرد. بەر لەوەی بچینە هوتێلیش بەدەموچاوی گرژ و ڕووخساری لێچاوی پڕمانی وت "لەڕاستیدا هاوژێیان.. من هەست بەشەرم و شەرمەزاری دەکەم چونکە ڕەگەزنامەی وڵاتێکم هەڵگرتووە نیشتمانی منی وێران کردووە و بۆ سەدەکانی ناوەندی گەڕاندێتەوە".
لەیەکەمی هاوینی ساڵی 2001 لەسەر بانگهێشتی فیستیڤاڵی ئەدەبی نێودەوڵەتی کە ساڵانە بۆ یادی جەیمس جۆیس و شاکارەکەی یولیسیس ساز دەکرێت، چوومە دبلن. هەر کە گەیشتمە هوتێل، صامویل و ماگی هاوسەری و سەرگۆن پۆڵسم بینی کە لەچاوەڕوانیم دابوون. چەندە خۆش و گەرم بوو ئەو شەو و ژانەی لەوێدا بەسەرمان برد کە شۆنەواری مەزنەکانی ئەو دوورگەیەمان لەشاعیران و نووسەران و هزرمەندان

بەسەر دەکردەوە. بەیاوەری شتەکانی وەك خۆمان کە بۆنی پەخشانی جێیس و بیکێت سەری لێشواندبووین، نەماندەزانی تامی خەو چۆنە. سەرگۆن پێس چەندە دڵخۆش بوو کە کچێکی لاوی قژزەردی ئیرلەندی شەیدای ببوو. ئەو کچە بەژنی درێژ بوو و خەندەی منداڵانەشی هەردەم لەسەر لێو بوو. ئەوە کاتێك رووبدا دوای ئەوەی گوێی لەچامەکانی بوو کە لەهۆی شانۆ خوێندبیەوە، لەوانەیە لەو چامانە شتێك لەگیانی خۆی تێدا دڵزیبێتەوە. بۆیە شێتانە شەیدای خاوەنەکەی ببوو. ئەویش لەیەك کاتدا پەشۆکاوانە و بەختیارانە بەچرپە پێی وتین: "ئایا دەکرێت بچمە ناو چپرێکی خشەویستی دوای ئەوەی قژم سپی بووە و لەجەستە و لەدڵیشدا سست بووم؟". ئێمەش هانماندا و پێشمان وت جوانترین چیرێکی خشەویستی ئەوەیە کە شاعیر لەساڵانی پیری دەیکات. ئەی ئەوە حاڵی گۆتە و ڤیکتۆر هۆگۆ و ئەوانی دیکە نەبووە؟. ئەو رۆژەی دبلنیشمان جێهێشت ئەو کچە قژزەردە هاتە هوتێل بۆ ئەوەی لەباوەشی سەرگۆن پێس فرمێسکی گەرم هەڵڕژێ. سەرگۆنیش سەرسوڕماوانە و شانازیکەرانە بەخۆیەوە، سەیری دەکردین.

وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵڵا

سەرچاوە: www.alarab.co.uk 7/ تشرینی دووەم /2017
(1) بەگوێرەی ئەو کاتەی وتارەکەی تێدا نووسراوە. (وەرگێڕ)

رەشبینی لەهونەری گۆیا.. ئاکۆ عەبدوڵڵا

فرانشیسکۆ گۆیا (1746- 1827)ی نیگارکێش و پەیکەرتاش و دیزاینەری چاپ و لیسۆگراف، بەمەزنترین نیگارکێشی ئیسپانی لەسەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی دواتر، یاخود بەدوا مەستای قوتابخانەی کۆن و یەکەم نیگارکێشی نوێی ئۆو وەتە دادەنرێت. لەهونەرمەندە بەبشتکانە. ژمارەیەکی زۆر و جۆراوجۆری بەرهەمی هونەری لەتابلۆ و پەرتەت و کاری چاپ پێشکێشکردووە. کە لەناویاندا رووداوی هاوچەرخی مێژوویی و دیدە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بەرجەستەکردووە و وێنەی زۆر لایەنی شاراوە و لەلی کۆمەڵگەی ئیسپانیای ئۆوساشی خستەتەوو.

لەگەڵ ئاوەی لەهەندەك تابلۆ واقیعی و لەهەندەكش دەربارەی نخوازی و تەنانەت سوریالیش دەركەوتووە، بەڵام زیاتر بەبارەكی رامانسی دادەنرێت. تەنانەت لەئیسپانیا یەكەم نیگارگەش بوو بانگەوازی بۆ هزری رامانسی لەنیگار كردبۆ. بەشكی هونەرەكەی بۆ كاری رەشبینانە تەرخانكردووە. ساڵی 1777 دووچاری نەخۆشیەكی قورس بوو كە بەهۆیەوە كاریگەری رەشبینانەی لەناخیدا جێهێشت. ساڵی 1797 تا 1799 وەك كاردانەوە بۆ ئەو بارە ناخۆشی بەسەر كۆمەڵگەی ئیسپانی داهاتبوو. هەروەها بۆ سەركەنەكردنی خانەدانان و دەسەڵاتی كڵێسە، زنجیرەیەك نیگاری رەشبینانەی بۆناوی (كاپریكۆ) هەڵكێشی كە لەناویاندا گاڵتەی بەهەڵسوكەوتی خانەدان و پیاوانی ئایینی و رەفتارە لەخشتەبردنەكانیانی كردبوو. یەكێك لەوانە (نووستنی عەقڵ ئەهریمەنەكان بەئاگادەهێنێ) ی ناوە كە وەك كارێكی گرنگ لەمژووی هونەری جیهان دا شوێنی دیارە. تێیدا پیاوێك سەر و دەستی خستۆتە سەر مێزێك و نووستووە. لەدواوەشی كۆمەڵێك شەمشەمەكوێرە و كوندەپەپەی گەورە دیارن كە باڵافڕكێیانە. هەروەها دوو گیانداری دڕندەش دیارن. یەكێكیان لەسەر زەوی پاڵكەوتووە و روانینە شەڕانگێزەكەی بەئاراستەی پیاوەكەیە. ئاوەی دیكەش لەسەر پشتی پیاوەكە خەریكە بازبدا و لەتاریكی دا چاوەكانی دەبریسكێتەوە. لەبەشی پشتەوەی مێزەكەش نووسراوە (كاتێك عەقڵ دەنوێ دڕندەكان بەئاگادێن). ئەو بەرهەمە گوزارشتكردنێكی ساكارانەی هزری گەیایە، كەڕزی لەهەش دڵگرت و بەواشی بەئازادی هەبوو و دژایەتی كۆرەوەری و نەزانیشی دەكرد. دوای ئەوەی ئەو زنجیرەیەی خستە بەردیدە، هەر زوو لەترسی دەزگا ستەمكاریەكەی دادگاكانی پشكنین و بڕیارمانی پادشا كێشكردنەوە.

ساڵی 1798 كۆمەڵێك تابلۆی دیكەی كێشا لەناویاندا سەركەنەی بیروبۆچونە دواكەوتووەكان و فریودەرانەی مرۆڤی كردووە، بەیەكەم تابلۆ رەشكان ناسراون. لەوانە تابلۆكانی (ئەفسونلێكراوی بەهێز، یاخود چرای ئەهریمەن) و (چێشتخانەی جادووگەرەكان) و (فێنی جادووگەرەكان) و (ژنە ئەفسونگەر). لەوەی دوایی دا كە دیمەنێكی دزیو و غەمبارانەیە. ئاماژە بەو بۆچونە كۆنە دەكات گوایە رۆژی شەممە، ژنە ئەفسونگەرەكان تەرخانیان دەكرد بۆ كەبوونەوە لەگەڵ ئەهریمەن. دیمەنەكە زۆر وشكە. لەپردا ئەهریمەن لەشێوەی بزنێكی ژیری دنیادیدە دەركەوتوو و قۆچی گەورەی هەیە و تاجە گوڵێكی لەگەڵای بەووی لەسەر كردووە و وەك قۆشەش هەڵسوكەوت دەكات و بەكۆمەڵێك ژنی ئەفسونگەریش دەورە دراوە. یەك لەژنەكان منداڵێكی ساوای لەدەستە.

ساڵی 1807 تابلۆكانی (مرۆڤخۆرەكان بیر پاشماوەی مرۆڤ دەكەنەوە) و

(مرۆڤخۆرەکان بە نەچیرەکانیان لێئامادەباشیدان) ی بەکەتا گۆیاند. ئەوانەش لەتابلۆ رەشبینیەکانیەتی. ساڵی 1823 کۆمۆدك تابلۆی لەدیواری ماڵەکەی بەکەتا هێنا کە لەساڵی 1819 سەرقاڵیان بوو. پێدەچێت هەستکردن بەو هیستریایەی کە لەئێنجامی نابیستن لەتەمەنی 46 ساڵی دا تووشی ببوو. هەروەها تێکچوونی باری سیاسی وڵات و ئەو ململانێیانەی ئەوسای ئیسپانیا لەنێوان لیبرالیەکان و کڵسانی سەر بەکۆمەڵ و دەوڵەتی پادشایەتی رووبدا، هەکاری ئەو بەرهەمانە بن کە لەسەر حەزی خۆی کێشابوونی. شارەزایان ناویان ناوە تابلۆ رەشەکان، چونکە هەم ناوەرۆکی تاریکیان هەیە، هەمیش زیاتر بەڕەنگی تاریك کێشراون. تارماین، مرۆڤییەان وەها تێدا کیشراوە لەحاڵی هیستریادان. لەوانە تابلۆکانی (ساتور منداڵەکەی خۆی هەڵدەوشێ) و (دوو پیاوی پیر شەربا دەخۆن) و (سەگێکی نیوە نغرۆ) و (دوو پیاوی پیر) و (پیاوان دەخوێنەوە) و (جەدیس و هەلێفیرنەس) و (دوو ژن و پیاوێك)، یان دوو ژن بەپیاوێك پێدەکەنن. لەتابلۆی ساتور منداڵەکەی خۆی هەڵدەوشێ، کە بەیەك تابلۆ رەشە دزێوەکانی مرۆڤ دانراوە، گەڵاوێژەوە ئەفسانەیەکی کۆن، گوایە خوداوەندی رەمانی ساتور لەترسی ئەو پێشبینییەی کە گوایە یەك لەمنداڵەکانی لەناوی دەبات، یەك لەدوای یەك منداڵەکانی خۆی دەکوشت و دەیخواردن. لەو بارەمە ترسناکەشدا چاوکانی ساتور دەرچووون وەك ئاوێی لەو حاڵەتەدا دووچاری شێتی بووبێ، یەك لەمنداڵە ساواکانی دەخوات و خوێنی منداڵەکەش بەدەم و لچی شەبەتەوە و پەنجە رەقەکانیشی لەجەستەی منداڵەکە دەچوون. منداڵەکەش بەجولەیە. لەتابلۆی دوو پیر شەربا دەخۆن کە لەدیواری ژووری نانخواردن کێشابووی. دوو پیاوی روخسار دزێو لەتاریکی دەبینرێن شەربا دەخۆن و زەردەخەنەیەکی هەمنانەیان لەسەر لێوە و ئاماژە بە شتی نادیار دەکەن. یەکێکیان پیرە کە پێدەچێت گوزارشت لەگۆیا بکات. ئاوەکەی دیکەش بونەوەرێکی نامۆیە و لەکەللەسەرێکی بە چاو دەچێت کە ئاماژەیە بە مردنی چاوەڕوانکراو.

لەتابلۆی سەگێکی نیوە نغرۆش، سەگێکی وەك لەناو ژینگەیەکی غەمبارانە، هاوشێوەی گۆیا دەبینرێت. لەو کارەدا رەنگەکانی زەرد و قاوەیی بەکارهێناوە. زەردەکە بەرجەستەکەری لەمە کە بای بەهەز لەشێوەی گۆژەکەیەکی مازن دەیهێنێ و دەیبات. رەنگە قاوەییەکەش وێنەی گردێکی لمینی پێ کێشاوە. لەو کێشەدا سەگەکە کە لەناو بیابان ونبووە، بەهودانە چاوەڕوانی هەڵکردنی گەردەلوولێکی ترسناکە و توانستی رزگاربوونیشی نییە. ئەو بارەمە کە بەیەك لەبارەمە ئاژەکانی مرۆڤی هونەری لەجیهان دادنرێ، هەموو وردەکارییەکانی ناوی ئاماژەن بە ژیانی ئێوسای گۆیا و تەنیاییە

کوشندەکەی. لە تابلۆی دوو پیاوی پیریش لەناو تاریکیدا، پیرە پیاوێکی نابیستی شکەت دەبینرێ گەپاڵێکی بەدەستەوە. بونەوەرێکی دزێوی هاوشێوەی ئەهریمەنیش لەدواوەیتی و لەبن گوێچکەی هاوردەکات. وەها پەدەچێت گویا لەو بەرهەمەدا خودی خۆی بەرجەستە کردبێ. بەدنیایشەوە هەموو ئەو تابلۆیانە دەرخەری ئەو ژیانە پڕ ئازارەی ئەوسای گویان.

ئاکۆ عەبدوڵا

گویا لەچەند ستونێك:

- ساڵی 1786 گویا کرا بەنیگارکێشی کۆشکی پادشایەتی ئیسپانیا.
- ساڵی 1795 بەبڕیاری بەشی هونەری لەئەکادیمیای پادشایەتی دامەزرا.
- ساڵی 1799 بەچاودێری خودی کارلۆسی چوارەم، بەنیگارکێشی یەکەمی پادشا دیاری کرا.
- لەگەڵ ئەوەی لەدەسەڵاتی کێشکیش نزیکبووە، بەڵام هەردەم لەگەڵ کێشك و رژێمی پادشایەتی وەڵات ناکۆکبوو.
- ژیانی پڕ لەهەڵبەز و دابەزی گویا بەتەواوی گرنگ، زۆر لەسینەماکاران بەکاریان هێناوە لەوانە کێنراد وولف فیلمی (گویا) و میلوش فورمانیش فیلمی (تارماییەکانی گویا) و کارلۆس ساورا فیلمی (گویا لەبەردرێ) ی دەرهێنا.
- گویا کەمەڵك تابلۆ و پۆرترێتی ناوداری کێشاوە، لەوانە تابلۆکانی (خەزانی کارلۆسی چوارەم) و (پرسەکانی گوللەباران کردن لە 3 ی مایە لەچیای پرینسیپی پیە) و (هانیبالی سەرکەوتوو بۆیەکەمجار لەبەرزایەکانی ئەلپەوە بیر لەئیتاڵیا دەکاتەوە) و (رفاندنی ئەوروپا) و (پاکیزە و منداڵ) و (مەسیحی لەخاچدراو) و هەردوو تابلۆکەی (ماجا). هەروەها پۆرترێتەکانی (فەرناندۆی حەوتەم) و (ویلینگتۆن) و (خانمێك بەمانتیای رەشەوە) و(ماریا تێرێزا لەقالابریگا) و (مارکیزە دی لازان)، ئەوە جگە لەو پۆرترێتانەی بۆ (کارلۆسی سێیەم) و (کارلۆسی چوارەم) ی کێشاوە.



کۆ شیعری (ئاو هەنگاوانێی بە هاوشتن هاتنە بوون) ی عەلی شێخانی.. ئاکۆ عەبدوڵا

لەو رۆژانە بەتیراژی 500 دانە چاپی یەکەمی کۆ شیعری (ئاو هەنگاوانێی بە هاوشتن هاتنە بوون) ی عەلی شێخانی شاعیر لەچاپخانێی (زاکرۆس)ی شاری مهاباد بڵاوکراوە و کۆتە بەر دیدی خوێنەران. ئاو بەرهەمە لەبڵاوکراوەکانی (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی) یە. شاعیر لەپێشەکییەکی کورت و پوخت بەو جۆرێی پێسنی بەرهەمەکێی کردووە : (کۆی شیعرەکانی ناو ئەم کتێبە 400 شیعرن، هەر یەکێیان سەربەخۆن و پێیوەندییان بە شیعری پێش یان پاشی خۆیان نییە... ئەمەو زۆربەیان زۆر کورتن، زادێی زیاتر لە سی

ساڵ نووسینمن... بە ئەندازەیەك لەگەڵ ئەو كتێبە پشوودرێژ بووم، جگە لە هەنینەوەی شیعرەكان و پاراستن و هەشتنەوەیان بە ماوەیەكی زۆر بە شێوەی دەستنووس و دەستخەتی شەوق، هەر تایپ و هەڵچنكردن و پەداچوونەوەیان نزیك بە هەزار رۆژی خایاندووە بەبێ پشوو. ئەگەر لەیان..... باوەڕبخەبوون بردەوامیت لە هەوڵدان پێ دەدات، ئەگەر ئەو باوەڕبخەبوونە و ئەو بەخششی لە سەنگەیدا كە خۆی لە سەركەوتن دەبینێتەوە نەمبا، دەمەك بوو لەناو ئەو پووچگەراییەی باڵی بەسەر سەرجەم چین و توێژ و ئاستەكاندا كێشاوە و ناشیرینترینیان، دانەنان بە جوانییەكانی یەكدی، دەستەوستان دەبوونم و كەم دەدا...).
جێگای ئاماژە بە كردنە هیچ كام لەو 400 شیعرە ناونیشانی تایبەت بەخۆیان نییە، شیعرەكان بە ژمارە ریزبەندكراون. كەواتە ناوی بەرهەمەكە لەناونیشانی هیچ شیعرێكی وەرنەگیراوە.

ڕۆمانی كاتێك ئەتڵەس شانەكانی هەڵتەكاند.. ئاكێ عەبدوڵا

جیهانێك بە ململانێی لەپێناو گەشەپێدان و چەقبەستوویی

ئاین راندی ڕۆمانووس و سیناریۆنووس و فەیلەسوف و شانووس، بەناودارترین تیۆرداڕێژەری هزری (بابەتگەری) دادەنرێت. وەك ڕۆمانووسێكی سەنگینیش خاوەن ستایلی ڕەوان و ئەندێشەی سەركێش بوو. ساڵی 1957ڕۆمانی (كاتێك ئەتڵەس شانەكانی هەڵتەكاند Atlas Shrugged) بڵاوكردەوە كە ناوەرۆكەكەی لەشێوەی ئەندێشەی زانستی و نهێنی و ڕۆمانسی و چەشەی فەلسەفییانەیە. درێژترین ڕۆمانیشیەتی. ڕەنگدانەوەی تەنگژە ئابووریەكان و گرفتی دەزی وزەیە. هاوكات ڕۆمانێكی تەشویقییە و رازی تاوانی كوشتنیشە، كوشتنی گیانی مرۆڤ لەسەر دەستی ڕشنبیری بەكەمەڵ. مانگرتنی خاوەن كارگەكان و بەگەخەڕە سەرەكییەكانی كۆمەڵگەیە. وێنەیەكی ئاڵۆز و كێشندەی گەندەڵی و ئابووری و سیاسی و ئەخلاقییە كە لە (تەبایی) نێوان حكومەت و بزنسمانەكان دێتە ئارا. تێیدا ئاین راند وێنەی شارە خوازراوەكەی (یۆتۆبیا)ی لەدڵی گالت كێشاوە وەك (كۆمەڵەیەكی

خەبەخشی لەنێوان خەڵکی کە تەنیا بەرژەوەندی تایبەتییان بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، بەبێ هیچ ڕکخستنکی فەرمی). هەروەها تێیدا بەرگری لەتاکبوونی مرۆڤ و سەربەخۆبوون و بیرکەی بەرهەمهێنان کردووە کە بەردەوامبوون و پشکەوتن بەکەمەگە دەبەخشی. واتا تەنیابوونی مرۆڤ و سەربەست بوونی ئەو ئایدیایە بەدەستهاتووەی کە بەردەوامی و پشکەوتن بەکەمەگە دەبەخشێ. لەناو ڕووداوەکانیشدا ئەوەی سەلماندووە پشکەوتن و بەرهەمهێنانی ناو کەمەڵ پێویستی بەعەقڵیەتییەکی بابەتییانە و بەها بەدابڕاو و نموونەیەکی دوور لەدەسەڵاتی سەپێنراوەی نەزانانە هەیە. ئەوەش بەدیاردەخات لەخۆبردوویی سەرەتا دەبێتە هۆی دامانی مرۆڤ و دواتر کەمەگە. تێیدا جیهانێك دەبینین بەرهەمهێنەرەکانی لەبەرهەم دەوەستن و ماندەگرن لەکاردا بۆ ئەوەی لەهەموو شوێنێك ئاژاوە سەرهەڵبدات و خەڵکیش هۆشیان لەدەستبدەن بەوەش ڕاکەڕاکەی خەڵکی بۆ بەرژەوەندییەکانیان خراتر دەبێت. هەرچەندە ڕووداوەکانی ڕامانکە لەشاری نیویۆرکە، بەڵام نووسەر کاتی بۆ دیاری نەکردووە، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەو بیرکۆیە بکاتەوە پێیوندی بۆقناغێکی دیاریکراو نییە. تێیدا دەبینین لەشوێن کۆنگرێس (دەسەڵاتی یاسادانانی نیشتمانی) و لەبری سەرکیش (گەورەی دەوڵەت) هەیە. خاوەن کارە تایبەتییەکان بەدەست یاسای ئارزوومەندانە و ڕەسای خنکێنەر دەناڕەنن. کارەکتەرەکانی دوو گروپی تەواو جیای ناو کەمەگەن. گروپی یەکەم کەسانی هۆشدار و بەرهەمهێنی لایەنە جەراوجێرەکانی ژیانن کە. گروپەکەی دیکە ئەو کەسانەن کە تانە لەخاوەن هۆش و داهێنەران دەگرن، ئەوانەی لەبەردەم ڕەوەوەی پشکەوتن وگەشانەوەی ژیان لەمپەرن. لەنێویاندا داگنە تاگارتی بڵاوبۆری هۆڵی شەمەندەفەر هەیە کە هێلەکەی لەباوك و باپیریەوە بۆ جەماوە و بەردەوامیش هەوڵی گەشەپێدانی دەدات. هانک ڕیاردنیی سەرمایەداریش هەوڵی داهێنانی پێکهاتەیەکی نوێ بۆ ئاسنی جێش دەدات تاکو بەتایبەتمەندییەکانی ڕکەبەری بەرهەمهێنراوی هاوشێوەی ناو بازاڕ بکات. ئەوان خەبات دەکەن بۆ بەرگریکردن لەسەرمایەکۆیان لەبەرامبەر دزەکان کە هەوڵدەدەن بەرهەمی کارکانیان تاڵان بکەن. هاوکات بارودۆخی ئابووری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبێت. دواتر تێدەگەن کە کەسکی نهێنی هەیە بەناوی جێن گالت کە خاوەن سەرمایەکان هاندەدات بۆ وازهێنان لەکەمپانیا و وەبەرهێنانکانیان کە ئەوە هەوڵە بۆ لەدانی تاکە بەرهەمدارەکان لەکار و دژایەتیکردنی دزەکان. جێن گالتی سەرکردە و قسەکەر بەناوی بابەتگەری و دەستەکەی، ڕادەکەن بۆ ئەوەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت ئەردوگایەك دامەزرێنن کە ئازادی تێدا هەبێ بۆ داڕێژتنی

یاسا تایبەتییەکانیان. گالت ئەوە رەتدەکاتەوە هیچ ئەرکێکی بەرامبەر ئەوانی دیکە هەبێت و پێشبینی هیچ ئەرکێکی ئەوانیش لەبەرامبەر خۆی ناکات. لەکۆتایی رووداوەکان بیرمەندان سەردەکەون دوای ئەوەی تەواو پابەندی ئەوە دەبن لەپێناو نەیارەکانیان نەژین. شایەنی باسە ناوەرۆکی ئەو رۆمانە تا ئێستا فیلمێکی سێ بەشی لێدانەژراوە کە جون بوتش دەریهێناوە.
ئەتۆس لەئەفسانەی یۆنانیدا، بە هەتاهەتایە سزای هەڵگرتنی قوبەی ئاسمانییەکەی بە دەرچووە. لەرووە ئەمانەکە پرسیاری ئاوە دەکات، ئەگەر ئەتۆس بیار بدات شانەکانی هەبکەشێت و ئاسمان بکاوێتە خوارەوە، چی ڕووداوات؟ کواتە چی ڕووداوات کاتێک ئەندامانی بەرهەمهێنی کەمەگا دەستبەرداربن و دەست لەکاری خۆیان هەڵبگرن؟ بەجۆرێکی دیکە پێمان دەڵێت چۆن پێویستیمان بەمیتۆدێکی فەلسەفی سەخت هەیە تاکو گیان لەنوێ بێتەوە بوون و بونیاتی جیهان بکەینەوە.
لەو بەرهەمەیدا ئاین راند پشتیوانی خۆی بۆ عەقڵانییەت و تاکگەرایی و سەرمایەداری بازاڕی ئازاد و پێشبڕکێیەکان دەربڕی و دووپاتیشی کردەوە گۆشەکردن و بەرهەمهێنان لەکەمەگادا پێویستی بەعەقڵانییەتی بابەتی هەیە. شایانی باسە کاریگەری ئەو ڕۆمانە بەسەر کەمەگەی ئەمەریکی هێندە فراوانە دەڵێن گەورە کۆمپانیاکان ئەندامییەتی هیچ کەسێك قبوڵ ناکەن گەر پێشتر ئەو ڕۆمانەی نەخوێندبێتەوە. لەئاپرسییەکی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمەریکیش، دوای ئینجیل بەپلەی دووەم هات وەك کتێبێك کە زۆرترین کاریگەری بەسەر خوێنەرانی ئەمەریکی هەبێت.

ئاکۆ عەبدوڵا

نووسەر لەچەند دێکدا:

- ئەلیسا زینۆڤیڤنا ڕۆزنباوم، ناسراو بەئاین راند ڕۆژی 2 ی شوباتی ساڵی 1905 لەشاری سانت پیتەرسبورگی ڕووسیای قەیسەری ئەوسا هاتە دنیا.
- لەکاتی شۆشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 خۆزانەکەی ئازاری زۆریان چێژت. بۆلشەفییەکان دەستیان بەسەر دەرمانخانەکەی باوکیدا گرت و ناچاربوون بۆ قرم (ئۆکرانیا) ڕابکەن.
- ساڵی 1921 لەگەڵ خۆزانەکەی گەڕاوە شاری سانت پیتەرسبورگ و چووە زانکۆ.

- ساڵی 1924 لە (پەیمانگەی هونەری سینەمایی) خوێندی.
- 1926 لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیشتەجێ بوو. ئەمەو ئارەزووی نووسین لەبواری سینەما بەرەو هێلیود کێشی کرد و کەمەڵك سیناریۆی بۆ فلیم داڕشت.
- رۆمانەکانی (ئێمە زیندووین)، (سروود)، (کانی) و چەندان کتێبی دیکەی نووسیوە لەوانە: (فەزیلەتی خۆپەرستی)، (بۆ ڕشنبیری نوێ)، (سەرمایەداری: ئایدیای نەناسراو)، (مانیفێستی ڕمانسییەت)، (چەپی نوێ: شکڕش دژی پیشەسازی)، (پێشەکی بۆ زانستناسی بابەتی)، (فەلسەفە: کۆ پێویستی پێیە).
- ساڵی 1982 بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

ئێدگار ئالان پۆ... نووسین لە لێواری شێتیدا!.. نووسینی /هاشم ساڵح.. وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

ئێدگار ئالان پۆ یەکێک بوو لەگەورەترین نووسەرە ئەمریکییەکانی سەدەی نۆزدە و هەنگێ هی هەموو سەردەمێکیش. بەنووسینی کورتە چیرۆکی نائاسایی، ناوبانگی دەرکردووە. یەکەم کەسیش بوو لەئێدەبی ئەمریکی و نەودەکانیدا هەمانی پاڵیسی نووسیبێ، هەمانی ترسناك و تەشویق و وروژاندنیانە. شاعیرێکی ناوازە و دیار هەخنەگرێکی ئێدەبی بەرزیش بوو. تیرداهێژەری شیعر و پەخشانیش بوو. ئەو بەدبەختە کێیە، کە دواتر بوو بەئەفسانە؟
ئێدگار ئالان پۆ ساڵی 1809 لەشاری بۆستن هاتەدونیا. ساڵی 1849 لەشاری بالتیمۆر کۆچی دوایی کردووە. تەمەنی تەنها چل ساڵ بووە. کەچی جیهانی پۆ کرد و خۆکیشی سەرقاڵکرد. وەك زانراویش بەدلێری شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی بۆدلێر نووسەران دانابوو، تەنیاش سوێندی بەناوی ئەو دەخوارد، ژیانیشی بەوەرگێڕانی

بەرهەمەکانی بە زمانی فەرەنسی بەسەر بردوو. تا ئێستاش وەرگێڕانەکانی بەکاردێت و پشتی پێدەبەستێت کە یەکێک لە جوانترین و گەورەترین وەرگێڕانی ئەدەبییەکان. شاعیرێکی بلیمەت شاعیرێکی بلیمەتی دیکە وەردەگێڕێ! بەدڵەڕ لای سەیربوو و بەدەگمەن نەبوو، تەنانەت ناڕازیش بوو لەوەی زۆربەی ڕەشنبیرانی فەرەنسی ئەدگاریان نەدەناسی یان ناویان نەبیستبوو. کاتێک دەچوو ناو کافێیەک لەکەسێکی دەپرسی: ڕات چییە لەسەر ئەدگار ئالان پۆ؟ ئەویش وەڵامی دەداوە: "ئەو کەسە کێیە؟ لە ژیانمدا ناویم نەبیستووە". بەهەیەوە تووڕە دەبوو و هەندەی نەدەما هێرشی لێبکات یان بەدارێک لێیبدات. ئەدگار پۆ ساڵێک یان دوو ساڵ دوای هاتنەدونیا، دایکی و باوکی لەدەستدا. بۆیە هەتیوی دایک و باوک بوو و هیچیشی لەخەزانەکەی بەبیرنەدەهات. لەو ڕووەوە بە جان جینێە دەچێت، کە ئەویش هەموو ژیانی بگەڕان بەدوای دایکە خزمەتکارە سادەکێیدا بەسەر برد، کە لەو کاتەی لەنەخۆشخانەیەکدا داینا لە ژیاندا ون بوو. چیرۆکێکی نایابی ئەفسانەییە. بیهێنە بەرچاوت ئەگەر تەنها جارێکیش دایکی بینیبا! تەنانەت پێنج خولەک پێش مردنی کە چاوەڕێی دەکرد. هەرچی باوکیشی بوو بە یەک ساتیش بەدوایدا نەگەڕا، نە لەنزیکەوە و نە لەدوورەوەش بەلایەوە گرنگی نەبوو. بەڵام ئەویان شتێکی دیکەیە. با بگەڕێینەوە بۆ لای هاوڕێکەمان. لەلایەن خەزانەکی دەوڵەمەندی ئەمەریکی بەخۆکرا، کە بەزەییان پێدا هاتەوە و لەنزیک شۆقامەکە هەڵیانگرتەوە. لە باشترین قوتابخانەکانی ئەمەریکا خوێندی، و وەک دەوترێت هەر لە منداڵیشەوە گرنگی بە ئەدەب دا. بەڵام باوکی (بەخۆکردەکی) بەهەی ئەوەی شانازی بەخێ و کەسایەتییە بەهێزەکەی دەکرد، دەهات لێی بەزاردەبۆ. جگە لەوەش دەیویست بیکات بەبازرگان، کەچی ئەو تەنها بیری لە شیعر و ئەدەب دەکردەوە. بۆ شۆڕێ ناکۆکی لەنێوانیاندا سەریهەڵدا. لەلوتکەی دەمەقاڵێدا پێی وت: "بەخوا دەستبەرداری پیشەی ئەدەب نابم تەنانەت ئەگەر هەموو ئاتونەکانی کالیفۆرنیاشم پێ بدەن! دەستبەرداری بەرزترین و بەشەرەفترین پیشەی جیهان نابم. پێیوندی نێوان بزنس و ئەدەب چییە؟ جیاوازی نێوان ئاسمان و زەوییە". عەرەبەکان دەیانگوت دەرکی بەپیشەی ئەدەب کرد: واتە کتایی هات و بووە هەژار و برسی. جا ئایا ئەدەب نان دابین دەکات؟ ئەو گەوجییە چییە؟ ئەبو حەیان تەوحیدی لەکۆییە کە لەکتایی تەمەنیدا کتێبکانی دەاند، چونکە لەبرستی مرد؟ یەکێک لەگەورەترین پەخشان نووسانی عەرەبی هەموو سەردەمەکان، پاروویەك نانی نەدەزیوە. جیهانێکی گزیکەرانە. جیهانی دەوانە. کێنە دونیا لەتاریکییەوە دەردەچە بە ڕووناکی؟ لەو ساتانەشدا جیهان خەریکە شت دەبێت. بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ هاوڕێ داماوەکەمان. ئەو هەر

لەمنداڵییەوە دووچاری بەدبەختی و بەڵا ببوو. براکەی مرد و خوشکەکەشی پەکیکەوت. هەموو ئەوانەی لەدەوروبەریشی بوون دەوخان و دارەمان... هەژاری و برستی... لەهەمان کاتیشدا دەزگیرانەکەی هەتیکردەوە، دوای ئەوەی باوکی قەناعەتی پێکرد هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەند بکات نەک سەرگەردانێکی هەژار کە هیچ داهاتوویەکی نەبێ. بەو جۆرە پێی گوت: "بۆخوا تۆ شێتی! کە شوو بەشاعیر دەکات؟ مانای شیعر چییە؟ ئەو هەموو قسە بەمانا و گاڵتەجارییانە واتایان چییە؟" بەو شێوەیە دەرگاکان بەڕووی داخران و بەدبەختییەکان لەهەموو لایەکەوە بەسەر سەری نووسەری گەورەی داهاتوومان هەیانکرد. هەر ئەوەشە کە دەیکاتە گەورەترین نووسەری سەردەمەکەی خۆی. سوپاس بێ بەدبەختی و بەڵایەکان! خەریکە بەڵێم سوپاس بێ بەڵا و کارەساتەکان! ئەوان نەبان نووسراوە بلیمەتەکان نەدەبوون و ئەوان غەمباریش نەدەبوو. ئەمە نەک تەنها تاکەکان، لەسەر گاڵنیش پیادە دەبێت. ئەو گاڵنەی کە زیاتر لەگەلانی دیکە ئازار و مەینەتی دەچەژن، دەگەڵن بێ زەبربەدەست و هەر ئەوانیشن مژوو دروست دەکەن و دواتریش سەرکردایەتی جیهان دەکەن. هاوشێوەی وتاری شاخ (عظة الجبل) () ی بەناوبانگی عیسا مەسیح، دەتوانین بڵێین: "بەختەوەرن چەوساوە غەمبارەکان ئەوانەی پارچە پارچە بوون، چونکە مەلەکوتی ئاسمانەکان هی ئەوانە". ساڵی 1827 یەکەم کەمەڵە شیعرەکانی بڵاوکردەوە. ئەو کاتە تەمەنی تەنها هەژدە ساڵ بوو. بەڵام تەنها پێنجا دانەی چاپ کرا. بەناوی تایبەتی خۆشی بڵاوینەکردەوە، بەڵکو بەناوەکی نەناسراو (کەسێکی خەڵکی بەستن). کەسێش گرنگی بەوە نەدا. ئەمەش لەواقیعدا بەسەر زۆرێک لەبلیمەتەکاندا دادێت. لەسەرتاوە خەڵکی بەدگومان پەی بەهای ئەوانە دەبەن. ئەوان بەر لەکاتی خۆیان دەن. دوای مردنیشیان فیستیڤاڵیان بۆ سازدەکەین و کۆتەیان بۆ دادەڕێژین. تەنانەت تابلۆکانیشیان بەسەدان ملیۆن دۆلار دەکڕین، وەک ئەوەی بۆ ئەو شێتە گەورەیەی دیکەدا دەبینرێ: ڤینسێنت ڤان کۆخ! ئایا دەزانن ئەو یەکەم کەمەڵە شیعرەی ئێدگار ئالان پۆ بەو دواییانە لەنیویۆرک بۆ 662 هەزار دۆلار فرۆشرا؟ ئەی شیعرە بەناوبانگترەکەی (قەڵەش)؟ ئەی دەقە بلیمەتییەکانی دیکەی؟ ئەگەر لەژیانیدا پێی بدرابا، بەدرێژایی تەمەنی لەو پەی لەواری هەژاریی نەدەژیا. ئێدگار ئالان پۆ بەتە سیمبۆلی شاعیری نەفرەت لێکراو، یاخود شاعیری نەگبەت، یان دەزراوە، چۆنت دەوێ وەها ناوی لێبنێ... هەر بۆیە بەدڵنیاییش یەکێک بوو پێی، چونکە خۆی لەناویدا دەبینی. ئاشکراشە بەدڵنیاییش یەکێک بووە لەگەورەترین پڕاوێزخراوەکانی سەرگەردانی شەقامەکانی پاریس. لەو سەرگەردانییە بکۆتاییانەشدا گەورەترین شیعری فەرەنسی

سەریهەدا. ئەویش لەلەواری هەدەر دەژیا. پاشان ئەدگار ئالان پۆ وتارێکی زۆر گرنگی لەبارەی (بنەمای شیعر) یان (هونەری شیعر) ی پێشکەش کرد. لەبەردەم ئامادەبووانێکی گەورە کە هەزار کەس دەبوو! ئەوسا بلیمەتییەکەی دەرکەوت و دروشاوە. لەو کارەیدا تیۆرییە گشتییەکەی خۆی سەبارەت بەشیعر چەکردەتەوە. ئاشکراشە ئەویش وەک هەموو شاعیرێکی گەورە، هەڵخنەگرێکی گەورەش بووە، واتە فیلەسوفێک (فەلسەفەی شیعر، کەکی شیعر!). سەیری بەدلەر، ریلکە، هامبۆ، هێنیە شار و ئەوانی دیکە بکە. بەو جۆرە دەیگوت: "ئامۆژگاری ئەخلاقی شتێکە و داهێنانی شیعریش شتێکی دیکەی تەواو جیاواز. ئامۆژگاری ئەوەیە کە الاصعمی سەدان ساڵ پێش تر وتوویەتی: "الشعر نكد بابه الشر، فإذا دخل في باب الخير فسد". ئەوە دەستەواژەیەکی یەکلاکەرەوەیە و ناتوانرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت و هێت بکرێتەوە. عەرەب سەرچاوەی هەڵخنەی ئەدەبی و بلیمەتی شیعری و هزرییە. دواتر شاعیرە گەورەکەی ئەمریکی ئەو وشە گرنگانەی وت: "هەموو گەردوون بریتییە لەچامەیەکی خوداوەندی بەدەستهێنگی و جوانی دروستکراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ نابینایە لەبینینی دروستکراوی سەرسوهێنەری خودا، بۆیە شاعیر بۆزییە بەهێزەکەی و خەیاڵی داهێنرانەی خۆی، بۆرپرسیارێ لێناساندنی مرۆڤایەتی بۆجوانییەکانی ئەو چامە گەردوونییە". یەکێک لەو شتانەی کە بەگەیە بە گەورەیی ئەدگار ئالان پۆ ئەوەیە کە بەکەچی دوایی هاوسەرەکەی (ڤرجینیا) کە تەمەنی تەنها بیست و چوار ساڵ بوو، زۆر غەمباربوو. زیاتر لەجارێک گرتیان کە دوای نیوەشەو لە تەنیشت گەکەی دانیشتبوو. هیچ شتێک نەبوو بە مردنی ئەو دڵنەوایی بدات. دەیپرسی: "ئایا لەجیهانەکەی دیکە پێیدەگاتەوە؟ دوای مردن ژیانێکی دیکە هەیە؟ بە پوری نووسی (بۆرگەی خەمی ئەو ناگرم. ئەوە لەتوانای من بەدەرە. نامەوێت دوای ئەو کاتژمێرێکی دیکە بژیم). لەوانەیە بڵێن: لەوەدا چی سەیرە؟ کەسێک ماتەمینی بە ژنەکەی دەگەیەت. منیش وەڵامیان دەدەمەوە: کەسانێک دەناسم لەدەبەدەر دەخۆش بوون (بەگومان لەناخەوە) ئەو کاتەی ژنەکانیان دەمرد، تاکو بتوانن دواتر بەپەلە هاوسەرگیری بکەنەوە. لەکۆتاییدا کاریگەریی ئەدگار ئالان پۆ لەسەر ئەدەبی جیهانی زۆر بوو، بۆتایبەتی لەسەر ئەدەبی فەرەنسی و ڕووسی، باسی ئەدەبی ئەمریکی و ئینگلیزی ناکەم. بەدلەر و مالارمێ دانیان بەکاریگەربوونیاندا ناوە، هەروەک چۆن دەستێفسکی و زۆر کەسی دیکەش. واهاش دیار بوو لەلەواری هەدەر، لەلەواری شتیدا دەینووسی. جا ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان بلیمەتی و شێتی؟ ئایا هەموو دونیا شێت نییە؟ ئەستا کە دەتوانێ دەقێکی سرووشتبەزێن بنووسێت کە بەرزبۆتەوە بۆ ئاستی شێتی جیهانی؟! () بەواتای The

Sermon on the Mount دێت که کۆمەڵك قسەیە دەربارەنە پاڵ مەسیح (سڵاوی خودای لێبێت) که لەسەر شاخێك بۆ ئامادەبووانی خوێندۆتەوە. (وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

سەرچاوە:
https://aawsat.com/
13/11/2023

فەرەیدون هوەیدا … گەواهیدەری هەڵچوونی ڕژهەڵاتی ناوەراست و چەند بەشێکی دراماى ئێرانی.. وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

لەدیمەشق هاتە دنیا لەدیپلۆماسیەوە بەرەو ئەدەب و هزر چوو و لەتاراوگەش مرد

نووسینی / امیر طاهری
وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

هوەیدا لەپاریس یەکەم ڕۆمانی بەناوی (ژووڕەکانی نەخۆشخانە)(*) نووسی، کە یەکەم ڕۆمانە کەسێکی نا فەرەنسی بەزمانی فەرەنسی نووسیبێ، تا ئەمڕۆش بەیەك لەکارە ڕەسەنەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێت و بۆ خەڵاتی کۆنگۆریش کاندید کرا. بابەتی سەرەکی ناوی بریتییە لەسەرنەکەوتن لەتێگەیشتنی یەکتری لەنێوان ڕژهەڵاتی ئیسلام و ڕۆژئاوای عیلمانی. لەو ڕۆمانەدا لەکاتی ئاهەنگێك کە ژنێکی دەوڵەمەندی پاریسی سازی کرد بوو، ژیانی سێ کەس بەتەواوی دەگۆڕێت.
کتێبەکەی هویدا (شەوە ئاژاوەییەکان) کە بەوەسفێکی بێهودەییانەی درۆزی وەرزی پایز لەنیوێرك لەگەڵ هاوڕێیەکی دەست پێدەکات. کە

لەپ دەرك بەوە دەكات هیچ كامكیان ناتوانن بزانن چی دەكەن تا نەزانن ئایینده‌یان چ‌ن دەبت. دوای پیاسەكە هویدا چووەوە ناو ئەپارتمانە بەتاەكەی، دواتر زەنگی تەلەفنەكەی بەر گو دەكەوت و كە بندی دەكات دەنگكی گەورەی دتە بەر گو كە دەت : ئەوە تیت؟

ئەو پرسیارە بەدرژایی تەمەن راوەدووی هوەیدای دەنا و هەرگیز نەدەوەستا لەپرسینی: كەینوونەی راستەقینەی هەر كامكیمان چییە؟ دواتر پرسیارەكە فراوان بوو و لەچوارچیوەی تایبەتی دەرچوو بە پشكنینی كەینوونەی فراوانتر: نەتەوەی ئرانی و خزان لەژهاتی ناوەراست و ئیسلام و ئەوەی پی دەوترت جیهانی سیەم.

لەهەشتاكانی سەدەی رابردوو هوەیدا توانی لەهەنگاو هنت لەدیپلماسی و رمانووسكی ناسراو بەرەو هزرمەندكی رەسەن و تایبەت بەتوژینەوە لەشونی ئیسلام لەو جیهانەی كە هزی نائیسلام تیدا فەرمانەوایە. بەهی خوندنەوە فراوانەكەشی توانی كك لەدەقە نەناسراوە باوەكانی ناو پنج یان شەش زمان دەربهنن. ئەو جگە لەزمانی دایك (فارسی)، عەرەبی و فەرەنسی (دكترای بەفەرەنسی وەرگرت) و زمانی ئینگلیزی (كە بەهیەوە كاری دیپلماسی دەكرد) و ئەمانی (زمانی گیسلای ژنی دووەمی). نزیكەی شارەزایی لەهەموو ئەو كەلتوورانە پەیداكرد كە پوەندییان بەتوژینەوەكەی هەبوو.

فەرەیدون هوەیدا سای 1924 لەواتی سوریا هاتە دونیا، ئەوسا ئەو شونە لەژر ئینتدابی فەرەنسی بوو. باوكیشی (عین الملك) وەك دیپلماسكی ئرانی، سەركی بییزخانەی ناەسمی بەرجەستەكەری بەرژەوەندی ئران بوو لەدیمەشق. باوكی هوەیدا، خی بخی پگەیاند. كوی نانەوایەك بوو لەشاری شیراز، بەام بەهی خوندن و تكشان توانی هكشە و لەتارانی پایتەخت ببت بەفەرمانبەر. سای 1917 شازادەیەكی قاچاری خوازت. حەوت سا بەر لەوەی پەهلەویەكان شونی بنەماەی قاجاری لەدەسەات بگرنەوە. نازناوی عین الملكی وەك دیاری لەهاوسەرگیریەكەی لەلایەن شاوی قاچارەوە پبەخشرا. لەگە ئەوەی دەسەات لەبنەماەی قاچاریەوە بە پەهلەوی دەگوازرتەوە، كەچی باوكی هوەیدا لەوەرگرتنی پلە و پایەی حوكمی نەكەوت. سای 1931 لەواتی سعودیا بوو بەباوز و چوار سا لەودا ماوە و نازناوی (ئەمیری حەج) ی پبەخشرا كە هەموو سالك سەركایەتی حاجییەكانی ئرانییەكانی بە مەككە دەكرد.

هەرچی هوەیدا و برا گەورەكەشیەتی (ئەمیر عەباسی) بەمەبەستی تەواوكردنی خوندن بەزمانی فەرەنسی لەلای دایكیان مانەوە، سەرەتا لەدیمەشق دواتریش لەبەیروت. ئەوەش وەك هوەیدا دەت كاوژنەیەك بوو تاكو تیدا ئەو درامایانە ببینی كە ئەوسا رووبان دەدا و

دواتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پێکهێنا. جولانەوەی نەتەوەخوازی و بەئاوبوونەوەی ئایینداکانی وەك کۆمونیستی و نازی لەنێوان ڕۆشنبیرانی عەرەب و دروستبوون ئیسرائیل لەفەلەستین و سەرهەڵدانی تونديەوی ئیسلامی، بەتایبەتی ئیخوانی موسلمین و هەڵکشانی گرژی لەنێوان داگیرکەر و بادەستبوونی ڕۆژئاوایی. هاوکات عەرەبەکان لەژێر بەشی ئیمپراتۆریەتە دڕاوەکەی عوسمانی، وڵاتی نوێ و جۆراوجۆریان پێکهێنا و هەوڵیاندا بەهەموو توانایەك ناسنامەی نوێیان دابڕێژن. هوەیدا هەموو ئەوانەی بینی.
بەپێچەوانەی زۆربەی هاوڕێیەکانی خوێندنیشی لەدیمەشق و بەیروت، هوەیدا بایەخی بەکاری سیاسی نەدا، هێیەکەشی بێ ئەوە گەڕاوە ئەو لایەنێکی دیکەی خوشتری دڕزیبێوە. ئەویش سینەما بوو، کە بەواقیعێکی جێگرەوەی دادەنا. لەکاتی بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانیش خانەوادەکەیان گەڕانەوە شاری تاران و (ئەمیر عەباسی) برا گەورەی لەتەمەنی بیست و یەك ساڵی چووە ریزی هێزەکانی سوپا، بەڵام هوەیدا لەبەر تەمەن بچووکی هەر لەبەیروت ماوە و لەوێدا درێژەی بەخوێندنداد. دوای هاتنە جێشی کورتخایەن بێ ئەو هەڵچوونە چەپەو و نیشتمانییەی کە لەنێوان ساڵی 1950 – 1951 لەکاتی خۆماڵیکردنی نەوت روویدا، بێ تەواوکردنی خوێندن رووی لەپاریس کرد. لەوێدا پێوەندی بەتینی هاوڕێیەتی لەگەڵ ناودارانی وەك (هەنری مارسی، هەنری کۆربن، ریمۆن ئارۆن، مەکسم رودنسۆن، کلود بوردی، و ڕۆمانووسی ئێرانی تاراوگەنشین، سادق هیدایەتی) بەست.
دوای وەرگرتنی پلەی دکتۆرا لەبواری ئابووری بێ ماوەی دە ساڵ لەپاریس، شارە خۆشەویستەکەی ماوە و لەنووسینگەی باوەزخانەی وڵاتەکەی کاری کرد. پاریس ئەو شوێنە بوو کە بێ یەکەم جار تیشکی خستەسەر وەك دیپلۆماسکار، کاتێك کە یەکێك بوو لەو سێ کەسەی شاندی ئێرانی لەکۆنگرەی دامەزراندنی مافەکانی مرۆڤ. ئەوە سەرەتای هاریکارییە درێژەکەی ئەو بوو لەگەڵ پرسەکانی مافەکانی مرۆڤدا. ساڵی 1949 لەناو ئەو شاندە ئێرانییە دابوو کە بەشداری کرد لەداڕێژتنی مافە سەرتاسەریەکانی مرۆڤ. لەساڵی 1968 هوەیدا یەکێك بوو لەنووسەرە سەرەکییەکانی جاڕدانی تاران، کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بوو بێ یادی بیست ساڵەی جاڕدانی یەکەم پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ و ئاهەنگی گێڕا.
لەو کاتەی هوەیدا لەپاریس بوو، (توران مەنسوری) هاوسەری یەکەمی ناسی، کە باوکی ئەو لەساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، سەرۆك وەزیرانی ئێران بوو، بەڵام هەر زوو دەرکەوت هاوسەرگیریەکەیان ئاسوودەیی نییە، بۆیە دوای ماوەیەکی کورت دەستبەرداری یەکتری بوون، هەرچەند ئەو یارمەتی هوەیدایدا بێ بنیاتنانی پێوەندی بەهێز

لەگەڵ کەمەڵك لەچاکسازە گەنجەکان کە حوسێن عەلی مەنسوری برا گەورەکەی توران، سەرکردایەتی دەکردن، ئەو پیاوەی ساڵی 1964 بوو بەسەرۆك وەزیران.
هوەیدا لەپاریس دوای نووسینی ڕۆمانی (ڕۆژەکانی نەخۆشخانە) ، چەندان ڕۆمانی دیکەی نووسی لەوانە، (فڕۆکەخانە)، (لەزەوی نامێدا)، (بەفری سیناء) کە هەموویان لەدەزگای گالیماری چاپکران. هەروەها چەندان لێکۆڵینەوەی نووسیوە، لەوانە (نەوتی ئێرانی) کە بانگەوازێکی بەهێزە بۆ خۆماڵیکردن و ساڵی1951 بۆاوکراوە، و (ئیرتیکیەتی هەزار و یەك شەوە) و (مێژووی ڕۆمانە پۆلیسیەکان).
لەساڵانی شەستەکان توانرا هوەیدا ڕازی بکرێ دەست لەپلە و پایەی ناو ڕێکخراوی (یونسکۆ) هەبگرێت و بگەڕێتەوە ئێران، تاکو کاری دیپلۆماسی ئەنجام بدات، ئەو ڕۆژانە پێ بوون لەهیوا لەگەڵ پێشنیارەکانی شا بۆ چاکسازی کە بە (شۆڕشی سپی) ناسرا بوو، لەناویدا گرانکاری لەناو نەوەکانی کارکەرانی ناو دەزگاکانی وڵات هەبوو. بەوەش ئەمیر عەباسی برای هوەیدا ساڵی 1965 توانی ببێتە بەسەرۆك وەزیران و هوەیداش لەگای کاری دیپلۆماسیدا بوو بەبریکاری وەزیری دەرەوە بۆ ڕێکخراوە نۆو دەوڵەتییەکان. لەساڵی 1971 وەك باوەزی ئێران لەنەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیوێرك ناردرا. کە تا ساڵی 1979 دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامی لەژێر باڵادەستی ئایەتوڵا خومەینی، لەو پایەیە ماوە.
لەماوەی کارکردنی ناو نەتەوە یەکگرتووەکان هوەیدا بڕەوی بەسیاسەتی کرانەوەی نۆو دەوڵەتی لەنێوان هێزە گەورەکاندا و بۆ ماوەی چوار ساڵیش سەرکایەتی لیژنەی چەك داماڵینی گرتە ئەستۆ. ساڵی 1980 کتێبی (ڕووخانی شا) بڵاوکردەوە، کە تێیدا بەخڕایی باسی لەشۆڕشی خومەینی کردووە و ڕق و توڕەیی خۆشی لەبەرامبەر لەسەدارەدانی ئەمیر عەباسی برای لەنیسانی 1979 دەربڕیوە. دواتر کتێبی (ئاوێنە بۆ مەلا) و دوای تێپەڕبوونی دە ساڵی دیکەش کتێبی (خاچە شکاوەکەی) ی نووسی. کە توژینەوەیەکە بۆ توندوتیژی سیاسی لەمێژووی ئیسلامی. ئەو کتێبە یەکەم کتێبی هوەیدا بەزمانی ئینگلیزی. دواتر کتێبکی دیکەی بەو زمانە بەناوی (شا و ئایەتوڵا) نووسی. تێیدا هەوڵی تێگەیشتن لەئێرانی نۆ دەدات لەڕێگەی دیالۆگی نێوان ئەفسانە فارسییە کۆنەکان و تەقالیدی ئیسلامی نوێوە.
لەساڵانی هەشتاکانیش لایەنکی دیکەی بەهرەی هوەیدا لەئەنجامدانی زنجیرەك نیگار و کۆلاژ بەدیارکەوت و بووە مایەی سەرسامی هونەرمەندانی هاوچەرخی، لەوان ئاندی وارهۆل و شاعیر و نیگارکێشی ئەمەریکی مانوخەر یەکتای. هوەیدا پاش بەسەربردنی ملمانێی سەخت لەگەڵ نەخۆشی شیرپەنجە، ساڵی 2006 لەشاری ڤێرجەینای ولایەتە

یەکگرتووەکان کۆچی دوایی کرد. دوای خۆی گیسلای هاوسەر و هەردوو کچەکەی ماندانا و ڕۆکسانای جێهێشت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی www.asharqalawsat.com

- مەبەستی ڕۆمانی (Les Quarantaines) کە ساڵی 1962 بڵاویکردەوە. (وەرگێڕ)

جیریکو و کۆکی مەدوسا.. ئاکۆ عەبدوڵا

ساڵی 1816 کاتێک لۆکۆنارکانی ڕۆژئاوای ئەفریقا کەشتییە ناودارەکەی (مەدوسا) تێکشکا نغرۆ بوو، کاپتن و ئەفسەر و کەسە دیارەکانی سەری بەبەلەمی فریاگوزاری، خۆیان دەرباز کرد، کە لەناویاندا حاکمی سێنیگالی داگیرکەراو هەبوو، بەڵام خۆکۆ ئاسایییەکیان لەناو گۆڕاوی زەریا جێهێشت. دوای گەڕانەوەشیان هیچ باسێکی ئەوانیان نەکرد. لەلایەکی دیکەوە لەناو دەریاێ پانزێ کەس لەوانەی بەجێهێشترابوون، بەپارچێ تەختێ پەرت و بڵاوەکانی کەشتییێ تێکشاوەکێ کۆکۆکیان دروست کرد و دوای نزیکەی دوو هەفتێ مانەوەی ناو زەریا کێ ئازاری زەریان لێدەست برسێتی و تێنوێتی و مەترسی شەپۆکان چڕت و هەندێکیشیان مردن. ئینجا بۆکەوت بەکەشتییێك گەیشتن و ڕزگاریان دەبێت. کاتێکیش دەگەنەوە فەرەنسا. ئەو هەواڵە وەك بۆمبی ئابۆبار هەموو ئەوروپای هەژاند. ئەوسا جیریکوی نیگارکێش ویستی ئەو ڕووداوە بەجارێك بەرجەستێ بکات ببێت بەپەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەش لەبەرپرسیاریەتی لادان بگرێت و سەرکەنەی ناعەدالەتیش بکات. ماوەی ساڵێك جارەها لێکدانەوە و تاقیکردنەوەی کرد. بە ئەو مەبەستێش سەردانی کەسانی ڕزگاربووی کارساتەکەی کرد. هەروەها سەردانی نەخۆشخانەیەکی کرد تاکو تێیدا تەرمی مرۆڤی مردوو ببینێ. ئەمەو داوای لێدارتاشکیش کرد نموونەی کۆکۆکی بۆ دابڕێژ. لەئەنجامدا شاکارەکەی (کۆکی مەدوسا Le Radeau de La Méduse) ی کیشا و ساڵی 1819 لەپیشانگەی ساڵانی

سالۆنی پاریس هۆواسی کۆ تێدا لەدرامای کارەساتەکە، ئەو ساتەی هەڵبژاردووە کە سەرنشینی کەشتییەکەکە لەدووڕەوە کەشتییەکی فریاگوزار دەبینن و زەربەیان بۆتاسەی کۆم ئومێدانە هێوی ئاگادار کردنەوەی دەدەن.
تابلۆکە کۆ شێوەیکی هێمای وەرگرتووە، پڕ لەهێچوون. تێدا مرۆڤی مردوو و زیندوو و هی وەهاش دەبینرێن کە لەسەرەمەرگدان. لەپشتاو مانەوەشدا، لەنێوانیان هەست بەپاشنان و جۆرێك لەشەڕ دەکرێت. هێڕوەها لەدیمەنەکەدا کۆمەڵك وردەکاری دیکە هەیە چاوی بینەر کۆش دەکەن، لەوانە ئەو پیاوە ئەسمەرەی کە لەپشەوەی کەهەکەکە پەڕیەك رادەتەکێنێت بۆ ئاگادارکردنەوەی کەشتییەکە. ئەو بەشەی تابلۆکە لوتکەی شکۆی دیمەنەکە و هێزە دراميکیەکەیتی. لەڕادا جگەی ئاماژە بۆ کردنی جیریکو پێداگرانە ویستوێتی تابلۆکەی وێنەی مرۆڤکی ئەفریقی تێدابێت تاکو ببێت بەهەما بۆ یەك هیوایی هەموو مرۆڤ بەبۆ جیاوازی. ئەو کارەش بۆ ئەوسا ئاسایی نەبوو. لەلایەکی دیکەی دیمەنەکۆ پیاوێکی پیر دەبینرێت کە لاشەی کوڕە مردووەکەی گرتووە. ئەمانە و بەشوێیکی گشتی لەو کارەدا جیریکو لەبەکارهێنانی کاریگەرییەکانی رووناکی و تاریکی گەیشتوتە ئەوپەڕی و سەرشتی سرووشتیشی وەها دەرخستووە کە هێشتا دانەمرکابێتەوە، هەربۆیە دەڵێن هەموو کەسێك ناتوانێت بەدیار ئەو شاکارەۆ بوەستێت. بۆوپڕەی ژیری کۆشاویێتی تێنانێت ئۆو کەشتییەی کۆ فریاگوزارۆ، لەدوور تێنیا ئالاکەی دەرکەوتووە، ئۆوش بۆلای ئۆوانەی کۆ دێیانەوێت فریایان بکەون، ئۆوپڕەی سەختی و کۆم ئومێدییە.
ئۆو شاکارۆ بۆیەك لەکارە هونەرییە ناودار و کاریگەرەکانی چاخی ڕەمانسی دادنرێ. شوێنکی گرنگیشی هەیە لەمێژووی هونەری نوێ. دوای ئۆو بەرهەمۆ دێیان ڕەمان لەبارەی چیرکی ئۆو رووداوۆ نووسرا. ئۆوسا مشتومڕی سیاسی لەکەوتوۆ، ئۆوش هێندەی دیکۆ ڕقی ڕەخنۆگران و مامۆستایانی ئۆکادیمیای جولاند و جیریکویان تۆمەتبار کرد بۆوی هونەری کلاسیکی و ڕەسا ڕەسەنکانی هونەری بێزاندووۆ، نەك هەر ئۆوندۆ بەڵکو شاڕاوی توندیان کردۆ سەریو جیریکویان دووچاری بارکی خراپی دەروونیی کرد، ناچار بوو ساڵی دواتر سەر هەڵبگرۆ و بەرەو وڵاتی ئینگلتەرا بچێت.

نیگارکێش لەچەند ستوونکدا:

- جان لویس ئەندریا تیەدۆر جیریکو ناسراو بۆ تیەدۆر جیریکو Théodore Géricault ساڵی 1791 لەخێزانکی دەوڵەمەند و

بەرجوازی شاری روانی هەرەمی نەرماندی هاتە دونیا. ساڵی 1824 لەشاری پاریس کۆچی دوایی کرد.

- لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کورت بوو کەچی لەبواره‌کانی نیگار و پەیکەر و دیزاینەری نەخشە بەیەك لەپێشەنگەکانی هونەری نوێ و ڕەبەرە بوورکەی قوتابخانە نوێیەکەی (ڕەمانسی) ئۆوسا لەفەرەنسا دادەنرێت.
- هونەرکەی جیریکو هەموو ئەو ڕەشبینییەی بەرجەستە کردووە کە لەدوای شۆشی فەرەنسی لەو وڵاتە هاتەئارا. لەناویشیدا ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لەژەمی پادشایەتی و بەچوونی عەقڵگەرایی ئۆوسا گرتووە.
- یەك لەو نیگارکێشانەیە کەزۆر شەیدای کێشانی دیمەنی ئەسپ بوو، زۆر حەزیشی لەتاودانی بوو، تا ڕادەیەك لەسەری هەندەرا بەهەیەوە مرد.
- جگە لەو شاکارەکەی لەکادنەوەمان بۆ کرد کەمەڵك تابلۆی دیکەی ناوداری هەیەلەوانە (ناپلیۆن لەگەڵپانی شەپ، ئەفسەری نیشانە شکێنی سواری گاردی ئیمپراتۆری، ئەسپی خەڵەمێشی عەرەبی، ئەسپکان لەلەوەگە).

کۆتایی ستەمکاران.. نووسینی: حسونە المصباحی.. وەرگێڕانی: ئاکۆ عەبدوڵا

پرۆکۆپی مێژوونووسی بەناوبانگی بزانتی کە ساڵی 562 ی زاینی کۆچی دوایی کردووە، دەگێتەوە: "گیلیهەری دوا پادشای (ڤەندال) کە لە ئامۆزی بنەماڵەیەکی ناوداری شاهەنشایی پەروەردە ببوو، یەکجار بەهێز و دەسەڵاتداریش بوو، لەکۆتایی فەرمانگێڕیەکەی، هەڵات، دواتر پیر بوو و لەبرامبەر دوژمنەکانی، ساڵانێکی لەئازار و بێهیوایی و ترس بەسەربرد. لەکۆتایدا دەستگیر کرا و بەکۆت و بەندی ئاسنین بەرەو قەرتاجە بردرا. ئۆوسا لەبردەم ئاپۆەی زۆری دوژمنەکانی کە لەسەر ڕێگەی وەستابوون، دایە قاقای پێکەنین و

لەسەر ئۆش بەردەوام بوو. بەجۆرێك دوژمنەكانی وەهایان زانی بەهۆی ئەو شتانەی لەپاش شكۆ و دەسەڵات، دووچاری ببوو، شت بووە. بەڵام پرۆكڕاپ وەهای نووسیوە (گیلیهەر لەقاقای پیكەنینی دا دوای ئۆوی گەیشتە ئەو قەناعەتی، ژیان لەكۆتایدا جگە لەپكەنینی درۆز بۆ و بەهەمان شۆوش بەووداوە خۆش و ناخۆشەكانی، شایانی هیچ شتێكی دیكە نییە).

پێدەچێت كۆتایی ئەو ستەمكارانەی جیهانی سێیەمیش لەسەدەی رابردوو بەخۆیانەوە بینی، هەمان شێوە بێت. ئەدۆلف هیتلەری سەركردەی نازییەكان، كە خەونی بەوە دەبینی ئەمانیا فەرمانەوای جیهان بكات و نەژادی ئاریش بەسەر هەموو نەژادەكانی دیكە بادەست بێت، كاتێك دنیابوو دەسەڵاتەكەی بەرەو كۆتایی دەچێت، خۆكوشتنی پێباشتر بوو. كاتێكیش سوپای سوور گەیشتە ناو بنكەی نیشتجێبوونی لەشاری بەرلین، هیچ شوێنەوارێكی ئۆویان نەدزیەوە. پێدچێت لەترسی ئۆوبێت گاتە بۆچاوتێبینكەی بكەن، مردنی هەبژاردبێ. لەبەهاری ساڵی 1945 كاتێك جەنگی دووەمی جیهانی گەیشتە كۆتاییەكەی، بەرگریكەرانی ئیتاڵی توانییان مسولینی دەستگیربكەن، كە لەناو جلی جوتیاران خۆی شاردبۆوە. دواتر گوللەبارانیان كرد.

جەنەرا فرانكۆش كە ماوەی چل ساڵ بەزەبری ئاگر و ئاسن، حوكمی وڵاتی ئیسپانیای كرد. ماوەی چەند هەفتەیك لەگیانەدا بوو. پشتیوانەكانی رژانە لەدەوری كۆشكەكەی كەدبوونەوە بە دەربڕینی غەمباری خۆیان لەو دابڕانەی ئەو. رۆژنكیان جەنەرا فرانكۆ هۆشی هاتەوە سەرخۆ، كاتێك گوێی لەدەنگەدەنگی ئەو هەموو خۆكە بوو، بەكەسەكانی دەوروپشتی وت : "ئەو هەمووە خەكە بۆچی لێرە وەستاون؟" لەوەڵامدا پێیان وت: "جەنەرا بۆز، گەل هاتووە ماڵئاوایت لێبكات!" ئەویش پێیان دەت: "جا گەلە خۆشەویستەكەم خۆریكە بەرەو كوێ دەچێت؟!".

دەن ستالینیش ژیانی دوا مانگەكانی پێ بوو لەتارمایی هەموو ئەو كەسانەی كە پێشتر بەرەو كوشتارگە یاخود ئۆردوگا سەختەكانی سیبیریای ناردبوون. لەناو خەویش بەتوندی هاواری دەكرد و لەهەموانیش سێی دەكرد، تەنانەت لەكەسە نزیكەكانیشی. لەو بۆایە بوو بەنهێنی پلان لەدژی دادەڕژن.

دوای رووخانی دەسەڵاتەكەشی، شای ئێران لەوڵاتێك بەرەو وڵاتێكی دیكە چوو. بەدوای شوێنێك دەگەڕا تێیدا نیشتەجێ بێت، بەڵام هەموو وڵاتەكان، تەنانەت ئەوانەی كە پێشتر پەیوەندی هاوبەتیشیان لەگەڵ رژێمەكەی هەبوو، رازی نەبوون پێشوازی لێبكەن و بیگرنەخۆیان. تا لەكۆتایدا لێمیسر نیشتەوە و بەسەر (ئەنوەر سادات) بوو بەمیوان. لەوێدا دوای ماوەیەكی كورت بەسەر دروستبوونی ئۆوی بێ (كەماری

ئیسلامی ئێران) ناوبراوە، کەچی دوایی کرد. جەنەڕاڵ (پینۆشی)ش کە ساڵی 1973 ڕژێمی (سلڤادۆر ئەللیندی) ڕووخاند، دوا ساڵەکانی تەمەنی وەك تاوانبار لەنێو دادگەکان بەسەربرد. کە مردیش شیللییەکان بەملیۆنەها کەوتنە سەر شەقامەکان و دڵخۆشی خۆیان دەربڕی.
ڕۆمانووسە گەورەکانی ئەمەریکای لاتین، لەوانە ئێگستۆروا باستۆس و میگال ئەستۆریاس و ڤارگاس یوسا و گابریل گارسیا مارگیز، گرنگییان بەو ڕژێمە دیکتاتۆریانەدا کە لەوڵاتەکانیان فەرمانەوا بوون. لەهەوڵنیشیان دا شاکاری وەها هۆنرا بەرهەم، کە هەردەم لەیادگای مرۆڤایەتیدا بگۆشی بمێننەوە. ڕۆمانی (پایزی بەتریق) ی گابریال گارسیا مارگیز لەهەموویان چاکترە، پاڵەوانەکەی دیکتاتۆرێکە لەتەمەنی 250 دەمرێت کە ئەو تەمەنی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆریانەیە کە زۆربەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین بەخۆیانەوە بینیوە. ئەو دیکتاتۆرە لەو بڕوایە بوو (پەرستنی دەسەڵات) تاکە چارەنووسیەتی. مرۆڤەکی دڵڕەق و ریسوا بوو. (تەربوونی لەبرسی بوونی سەرچاوەی دڵگرت) کە کەتایی نەدەهات. بڕوای بەوە بوو (درۆ لەڕاستگۆیی باشترە و لەخۆشەویستیش بەسوودترە و لەحەقیقەتیش زیاتر دەمێنتەوە). لەکاتی (وردبوونی گەڵای پەرتبووی پایزیشی) گەیشتە ئەو بڕوایەی (خاوێنی ڕەهای دەسەڵاتکەیتی). دوای گیانەڵای تاڵیش، کاتێك مرد، جەماوەر بەپەلە بەناو شەقام و گەڕەپانەکان وەردەبن و بەدڵبرینی خۆشی خۆسکانە، گۆرانی بەخاکسپاردنی دەڵێن. هێندەی پێناچێت سیسارکە کچۆرکان لەگۆگەی پەنجەرەکانەوە دەچنە ناو کشکەکەی و بەدەنوك دەرگە ئاسنینەکان دەکێنەوە. کاتێکیش خەڵکی بەڵەشاو دەچنە ناو کشکی سەرکایەتی، دەبینن لەسەر مێزێکی دارینی لووسی درێژ، قاپ و قاچاغ هەیە کە هێشتا پاشماوەی خۆراکی نیوەڕۆژی یەکشەممەی لەناوە کە بەهەی تەوژمی تۆقانی لێپە، دەستبەرداری ببوو. لەژێر پریشکی خۆریشدا چەند ستەڵەك دەبینن شەراوی بگۆنیان لەناودایە. ئاودەستەکانیش کراوەبوون و بە سەرپۆش بوون. قەوزە و کز و گیاش لەهەموو لایەکدا روابوون. کشکی سەرکایەتیش کە هەمابوو بە خراپە و گەندەڵی و چەوساندەوە و سەرکوتکاری، وێران ببوو. لەناویدا چەڵەکان دەسوانەوە و بەسمەکانیشیان رایخە شەڵکانیان دەکوتا و مەخمەلی پەردەکانیشیان هەدەوشی. ئەو تابلۆیانەشیان شکاند بوو کە قەدیس و جەنگاوەرەکانیان بەرجەستە دەکرد. لەهەڵێی کبوونەوەکانیش تەپەڵەی کرم لەیخی مانگا وەرهاتبوو. بەهەی ئاوێنە گەورەکانی دیواریش، وێنە ناشیرنەکەی سەرۆك چەند بارە دەبەوە. ئایا ئەو وێنەیەی گابریال گارسیا مارکیز لەشاکاری (پایزی بەتریق) بە دیکتاتۆری کشاوە، بەرجەستەکەری هەموو ئەو

ستەمکارە عەرەبانە نییە کە لەسەدەی بیست و سەرەتای ئەو سەدەیە ناسیمانن؟ ئەوەی دەیەوێت لەوێ دەنیابێ، با ئەو ڕەمانە مەزنە بخوێنێتەوە یان لێنوێ بیخوێنێتەوە...

ئەو کتێبانەی یارمەتیت دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکانت، ژمارەیان کەمە.. نووسینی/ هاشم ساڵح

وەرگێڕانی / ئاکۆ عەبدوڵا

ئەگەر کەسێک لە پرسیبام لەو ماوە درێژەی لەپاریس دەژی گرنگترین کتێب خوێندبێتەوە چییە؟ یەکسەر وەڵامم دەدایەوە: (دانپێدانانەکان) ی جان جاک ڕۆسۆ. لەوانەیە ئەو خوێندنەوەیە گەورەترین دەزینەوە بووبێت بەلامەوە لەدوای گەیشتنم بەفەرەنسا، نزیک چل ساڵ لەمەوبەر. گەر هیچ شتێکی دیکەم نەخوێندباوە، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی شانازی بکەم و هاتنیشم بۆ وڵاتی مالیەر و ڤێتنەر بەهەدەر نەچووبێ. بۆچی ئەوەندە گرنگی پێدەدەم؟ چونکە پێ لەمەیلی مرۆڤایەتی.
لەبەشی یەکەمی ئەو کتێبە و لەلاپەڕەی ژمارە ١٢٠ی چاپی فلاماریونی فەرەنسی ساڵی ١٩٦٨دا، ڕۆسۆ چیرۆکێکی بچووک دەگێڕێتەوە کە لەسەرەتای منداڵیدا بەسەریدا هاتووە، ئەوەش بوو دواتر وەهای لێکرد دانپێدانەکانی یان بیرەوەرییەکانی بنووسێت بۆ ئەوەی پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە. یان تۆ بڵێ: یەکێک بوو لەهۆیە سەرەکییەکانی نووسینی.
ئەو لەسەرەتای لاویدا بوو، واتە لەتەمەنی شانزدە ساڵی، تازە لەمنداڵی دەرچووبوو کاتێک ڕووداوەکە ڕوویدا. پووتەکێشی بەو شێوەیە: وەک زانراوە دوای ئەوەی لەماڵی خەیان و خەزانەکەی لەجنێف ڕایکرد، سەرگەردان بوو و نەیدەزانی لەچ‌ڵەوانی بۆ کوێ سەرهەبگرێ. دواتر وەک خزمەتکار لای خەزانێکی ئیتاڵی کاری دەکرد.

ژنێک ملپێچکی جوانی کەوتە بەر دیدە و بۆیاریدا بیدزێت و پێشکەشی کچە خزمەتکارەکەی دیکەی ماڵەکەی بکات کە (ماریون) ی ناوبوو.
بەڵام دوای ئەوەی دزییەکە ئاشکرا بوو، لەیسوابوون ترسا، بۆیە ناچاربوو ئەو کچە تۆمەتبار بکات بەوەی ئەو دزیەکەی کردووە. خاوەن ماڵ داوای لەکچە خزمەتکارەکە کرد بڵتە بڕدەمی بە ئەوەی لەگەڵ ڕەسەڵ ڕووبەڕوویان بکاتەوە و دەرکەوێت کامیان دزەکە و کامیشیان ڕاستگۆیە. بەو پێیەی ئەو کچە بڵتاوان بوو، سەرەتا سەری سوڕما و وەڵامی نەداوە. نایدەزانی چی بڵێت، بۆیە دەستی کرد بە پاڵانەوە و داوای یارمەتی کردن،و سوێندیشی خوارد کە ئەو نییە. لەو کاتەی بڕگری لەخۆی دەکرد، ڕەسەڵ بەتوڕەیی لێی دەڕوانی، وەک ئەوەی هەر زوو شکستی هێنابێت. ئەویش بەنیگای هاوسۆزانە و سەرزەنشت و تاوانبارکردنەوە سەیری دەکرد.
بەدرێژایی ژیانی ئەو دیمەنە بڕدەوام لەخەیاڵی دا ماوە. پێی گوت: "نا ڕەسەڵ! پێم وانەبوو تۆ وا بیت. نا هۆسێ ئێمە لەگەڵ تۆدا ناگونجێت نا هۆسێ... من پێم وابوو تۆ کەسێکی باشیت. هەموو شتێکیش بەگەیە بە ئەوەی بڵێم باشیت. بەڵام بۆچی ئەوەت لەگەڵ کردم؟ بڵێم بۆچی؟ بەڵاستی منت خستۆ دۆخێکی ناخۆش. حەزناکەم لەشوێنی تۆ بم". بەڵام ئەو دوای ئەوەی نەیتوانی پەشیمان بڵتەوە، پێداگری کرد لەسەر درۆیەکەی. بەو شێوەیە لەکۆتاییدا توانی بەسەری دا سەرکەوێت و تاوانەکە بخاتە ئەستۆی ئەو. پاشان هەردووکیان لەماڵەکە دەرکران. ڕەسەڵ ملپێچەکەی دزی بوو تا وەک دەربڕینی خۆشویستی خۆی بیدات بەو کچە. بەڵام لەبری ئەوەی سوودی پێ بگەیەنێت، زیانی پێگەیاند... لەبری ئەوەی کلی بە تەبکات؛ کوڕی کرد.
کاتێک ڕەسەڵ ئەو چیرۆکەی ماریانی لەکتێبی دانپێدانان نووسی، چل ساڵ یان زیاتر تێپەڕیبوو. ئەو سوێندی بۆخوا دەخوارد کە بەهەیوە چەندین جار خەوی زڕاوە و نۆخۆتووە. ڕاستە بە ماوەیەک لەخەیاڵی ون دەبوو، جا درێژبێت یان کورت، بەڵام لەکاتی ناڕەحەتیدا دەهاتەوە بیری بە ئەوەی بکەوێتە دەڵاوکێ. ویژدانی سەرزەنشتی دەرکرد و ئازاری دەدا تا ئەو ڕادەیەی هەندێک جار لەخۆن دەیبینی کە لەپشت تۆمەکان لێی نزیک دەبێتەوە وەک ئەوەی پێی بڵێت: "بە وات لەگەڵ کردم ڕەسەڵ؟ نازانیت ناوبانگی منت لەماڵەکان لەکەدار کرد؟ نازانیت چیتر وەک خزمەتکار لای خێزان کارم پێناکەن؟ چیم لێ کردبووی تاکو وەڕانم بکەی؟". دوای چل ساڵ دەهاتە پێش چاوی وەک ئەوەی چیرۆکەکە دوێنێ ڕوویدابێ. فرمێسک لەچاوەکانی دەهاتەخوارەوە و ڕوومەت و باڵیفەکەی تەڕ دەکرد.
پاشان داغەلدانەکانی گۆڕبوون و خەیاڵ بەرەو نەخۆشی دەیبرد.

تا دەهات گەورە تر دەبوو تا نزیک بوو ببێتە تاوان. لەساتەکانی تەنیایی و دڵتەنگی دا لەخۆی دەپرسی: "دەبێ چی بەسەر ماریانی هەژار دا هاتبێ؟ چی بەسەر ئەو کچە بچووکەدا هاتووە کە لەژیانیدا هەرگیز ئازاری کەسێکی نەداوە؟ ئایا ئاستەهەموو خەزانەکان ڕەتیان کردەتەوە و ئەویش بە نموونەی ناچاربووە لەشفرۆشی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بژی؟ ماریانی هەژار بۆ کوێ چووە و لەچ ڕەگایەکدا ون بووە؟ ئایا داهاتووی وەران بووە، یان لەو شەرمەزارییە ڕزگاری بووە؟"
زۆر پرسیاری دیکە کە بەدرێژایی ساڵانێک دێ و مەشکیان شێواند … لەپاییز یان زستانی تەمەنی دا بوو ئەو پرسیارانەش لێینەدەبوونەوە، دوژمنەکانیشی لەهەموو لایەکەوە بەدوایدا دەگەڕان و هەڕەشیان دەکردە سەری، دوای ئەوەی زۆر بێناوبانگ بوو، تێنانێت پاش ئەوەی کتێبەکانی لایەن ئسولییەکان لەپاریس و جنێف و ئەمستردام بەجارێک سووتێنران، ببووە نیمچە ئەفسانەیەک. ئەوەش پاش گەورەبوونی ئەو منداڵە بچووکە بیژییە بوو کە کەس نایدەناسی و بووە جان جاک ڕەسۆ!
لەهەڵومەرجێکی وەها تراژیدی دا کە لەکۆتایی ژیانی دا دووریدابوو، پێی وابوو بەهۆی ئەو (گوناحە کۆنە) ی کە ڕۆژێک ئەنجامی داوە، پەروەردگار تۆڵەی لێدەکاتەوە. خۆریک بوو دڵخۆش بێت بەوەی ئەوانەی دی ئەشکەنجەی دەدەن و ناوبانگییەکەی دەشێوێنن. هەروەک چۆن ئەو ماریانی ئەشکەنجەدا و ناوزڕاوی کرد. داوای ستەم و چەوساندنەوەی زیاتری دەکرد بۆ ئەوەی خۆی چاک بکاتەوە و ببێتە کەفارەتی گوناهەکانیشی.
هەر لەو ساتەوە ڕقی لەدرکردن بووە، وەها لێی دوورکەوتەوە و لێی ترسا وەک ئەوەی تاوان بێت. تا بوو بەڕاستگۆترین نووسەر کە ئەوروپا لەهەموو مێژووی خۆیدا بەرهەمی هێنابێت، بگومان جگە لەچەند نووسەرێکی دیکە. وەک هەلدەرلین، کانت، گۆتە. بۆیە لەپشت هەر لاپەڕەیەکی دانپێدانانەوە دەبینیت وەک ئەوەی دەنگی ڕاستی بۆ قسە بکات نەک ئەو. لەشوێن تەواوی چاخێک، بووەتە گوتەبژی فەرمی بەناوی حەقیقەت. لەبەر ئەوە بوو کانت زۆر سەرسامی بوو پێی و وێنەکەی لەسەر مێزکەی دانابوو تاکو چێژی لە وەربگرێت و بەدێنەوایی و ئارامییەوە بنووسێت کاربکات. هەروەها هەلدرلین، هیگڵ، تێستەی، دەستێفسکی و چەندین کەسی دیکەی گەورە، یان گەورەی گەورەکان پێوەی سەرسام بوون. بووە پێغەمبەری سەردەمی مەدەرن.
بەو شێوەیە ڕەسۆ بایەخی دا لەو کتێبە بێناوبانگەی (دانپێدانانەکان) دا بەڕاشکاوی خۆی لەبەردەم خوێنەران و نووکانی داهاتوودا ئاشکرا بکات. بایەخی دا نهێنییەکانی خۆی بخاتەڕوو و

دانیش بەهەموو لاوازی و کەموکوڕییەکانی دا بنێت. زیاد لەپێویستیش لەگەڵ خۆی توند بوو و بەتوندوتیژیس مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و قسەی ناشرینی ئاراستەکردووە، تەنانەت زەویشی پێ سپیوەتەوە! بەوەش لەپرسینەوەی ویژدانی لەهەزری هاوچەرخی ئەوروپی دامەزراند. لەرێشەوەیە کەشندەیی دانپێدانەکان و نەمریيەکەی، بەدرێژایی سەدەکان.
بەڵێ ئەو چیرۆکەی ماریون بەدرێژایی ڕۆژ و ساڵەکان دڵی دەکوشی. خۆزگەی دەخواست کارەساتێك بەسەری دا هاتبا و ئەو کارەی نەکردبا. ئاگەر بەڵایەکدا هاتبا و بەجیا پرسیاری ئەو بابەتیان لێکردبا، دانی بەڕاستی دا دەهێنا و هەرگیز تەماتەکەی نەدەخستە پاڵ ئەو کچە. بەڵام زەحمەت بوو بۆی بەئاشکرا لەبەردەم هەمووان دانی بەگوناهەکەی دا بنێت.
لەو سێ لاپەڕەیەدا بەو واتایە دەڵێت: دوای کارەساتەکە ئەوەی لێ دەترسام سزا و لێدان و دەرکردن لەماڵەکە نەبوو. بەڵکو شەرمەزاری بوو. لەهەموو شتێکی دونیا زیاتر لێی دەترسام. لەمردن زیاتر لێی دەترسام. من پێم باشبوو زەوی شەق بێت و لولم دات نێک لەبەردەم خۆک دان بەوەدابنێم کە من دزم". بەیە ناچاربوو درێ بکات و بەپێچەوانەی ویستی خۆی، ئەو تەماتبار بکات.
هەندێک جار بەبیرم دا دێت بپرسم و ئەوە بڵێم: ئایا پێوەندی لەنێوان ئەو هەڵوەستەی ڕۆسێ و ڕاستگۆیی ڕەفتار لەوڵاتانی زەر شارستانی وەک سویسرا دا نییە، کە سویسرا وڵاتی ڕەسەنی ئەوە؟ ئایا ویژدانی ئەخلاقی یان لەپرسینەوەی ویژدانی لەسەرانسەری ئەوروپا دانەمەزراندووە؟ بۆچی پێوەندییە کەماڵیەتییەکان لەوڵاتانی پێشکەوتوو، ورد و ڕەکوپێکن؟ بۆچی فێڵ و درۆ و ساختەکاری لەوڵاتەکانی ئەمەدا زەر باون، کە ئەمە بانگەشەی ئیمان و تەقوا و خواپەرستی دەکەین؟ بۆچی تا زیاتر نوێژ بکەین و بەڕێژوو بین و کەنەش بەرین زیاتر فێڵ دەکەین؟ بۆگومان هەڵاوێری زەریش هەیە و خەریکە داوای لێبوردن بکەم لەوەی وتم… بەڵام ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە تە لەسویسرا، ئەڵمانیا، دانیمارک، نەرویج، سوید، یان وڵاتانی دیکەی ئەوروپی، ئاگەر بتەوێت، دەتوانیت ڕێژنامە و کتێب بکڕیت یان سواری پاس ببیت بەبێ ئەوەی یەک فلس بدەیت، چونکە کەسێک نییە چاودێریت بکات. تەنها ویژدانت چاودێری تە دەکات. ئەوانە وڵاتانی عیلمانین هیچ شونێواری ئایینیان تێدا نییە و بەدگومانیش بەڕێژوو دەبن و نوێژ دەکەن. کەچی سەد لەسەد ئەخلاقیین. ئەمە چۆن ڕوون بکرێتەوە؟ دان بەوەدا دەنێم، ئەوە سەرسامی کردم. بۆچاوی خۆم ئەوەم بینی ئەو کاتەی سەردانی سویسرا و ئەڵمانیا و هۆڵندام کرد، سەرسام بووم بەو دۆخە. بینیم هەموو هاوڵاتیان پارێی شتە

کەدراوەکانیان بکاش دەدەن. هەرگیز کەس بیری لەفەکردن و پشلکردنی یاسا نەدەکردەوە. کەواتە لەوەدا شتێک هەیە پێی دەوترێت ویژدان و لەهەموو پلیسێک گرنگترە! ئامۆژگاریکەرێکی ناخی هەیە و ڕێگریت لەدەکات ئەگەر لادان، پشلکردنی ئەرک، یان کەمتەرخەمی لەکارەکەت بەخەیاڵ دا بێت. چەن دەترسیت لەوەاتێکی لەو جۆرە؟ چەن گشە ناکات و پیش ناکەوێت و لەناوی دا گوزەران خش نابە؟ کە ویژدانی ئەخلاقی تەکمەی لەکولتووری ئەوروپی دا دامەزراند؟ ئەوان، چاکسازە ئایینییەکان و فەیلەسوفە گەورەکان و زاناکانی… زاناکان میراتگری پەغەمبەرانن.
ئایا تا ئێستا بیستووتە شارستانیەتێک بەبێ کەسایەتیەکی گەورەکان لەسەر پێی خۆی هەستێت و لەسەر حەقیقەت و بنەماکان بوەستێ و بشسووتێ بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ ئەوانی دیکە ڕووناک بکاتەوە؟ ئایا شارستانیەتەکتان بیستووە لەسەر نەریتی ناڕاست و وردی لەماماڵەکردن دروست بووبێ؟ گوتتان لەشارستانیەتێک بووە لەسەر شتێکی دیکە جگە لەئەخلاقی باش سەریهەڵدابێ و گەشەی کردبێ؟
إنما الأمم الأخلاق ما بقيت
فإن هم ذهبت أخلاقهم ذهبوا
هەکاری دیکەش هەیە پاڵم پێوە دەنێنن سەرسام بم بەدانپێدانانەکانی جان جاک ڕۆسۆ و لەرشدا ناتوانم هەموویان ئاشکرا بکەم. ڕەنگە گرنگترینیان ئەوە بێت کە لەدایکەم و سەرەتای منداڵیم و ئەو ڕووداوە زۆربەخشەی بوونمی دامەزراند نزیکی کردبێتمەوە. بەهەر حاڵ چیرۆکی من لەگەڵ ئەو کتێبە دا درێژە، لەو کاتەوێیە کە دەیجورە تاریکەکانی ژیانی ناوەوەمی ڕۆشن کردەتەوە، دوای ئەوەی بە یەکەم جار لەگوندی شاتنی مالبەری لەدەوروبەری پاریس خوێندمەوە. ئەوە هەمان گوندەکەی پڵ ڕیکەری فەیلەسوفی گەورەیە. هەروەها گوندی ڤۆلتێرە چونکە لەوە لەدایک بووە و پێکەرەکەشی لەپشەوەیە. بەختەوەر بووم کە لەکەتایی سەدەی ڕابردوو دا بەڕکەوت چەند ساڵێک لەوە نیشتەجێ بووم. لەو ساوە ئەو کتێبە هەرگیز لەم جیانەبێتەوە، بەتایبەتی لەساتە سەختەکاندا. یارمەتی داوم بۆ قوبوونەوە لەهەندێک پرسیاری تایبەتی و قبوڵکردنی ئەوانەی کە بەرگەیان ناگیرێ. لەڕاستیشدا ئەو کتێبانەی یارمەتیت دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکانت ژمارەیان کەمە. ئەوان بریتین لەکاوەژنە ڕووناکەکانی ناو داخراوەکان.

سەرچاوە: https://aawsat.com ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩

بیست و چوار کاتژمێر لێژیانی ژنێکدا.. ئاکۆ عەبدوڵا

لەسانەی هەشتاکانەوە شەیدای کورتە رۆمانە وەرگێڕدراوەکانی شتێفان تسڤایگی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و شانۆنووسی نەمساییم کە ئەوسا لەچەندان خانە بۆ زمانی عەرەبی وەردەگێڕدران. هەر کات دەستم پێیان دەگەیشت بەهەڕپەوە دەمخوێندنەوە، لەوانە (نامەیەك لێژنەکی نەناسراو)، (ئامۆژگاری)، (بازنەیەك لەسەر دەریاچەی جنێف)، (شڵەژانی هەستەکان) و (بیست و چوار کاتژمێر لێژیانی ژنێکدا)… ئەوە جگە لەکتێبەکانی دیکەی لەوانە (بەلەزاك) و (بونتیاتنێرانی جیهان). بەهزاد حەوێزی ئەو کورتە رۆمانەی دوایی لەزمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕا و ساڵی 2023 بەتیراژی 500 دانە لەچاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری بڵاویکردەوە. پێشتر تسڤایگ ساڵی 1927 بەزمانی ئەڵمانی بڵاویکردبووە. هاوشێوەی زۆر رۆمانی دیکەشی تێیدا ڕاشکاوانە ڕۆخنەی لێنەریتی بۆرجوازی ئەوسای کۆمەڵگەی ئەوروپی (چینەکەی خۆی) گرتووە. هەروەها وەك هەموو رۆمانەکانی دیکەی تێیدا زۆر بەپوختی چێتە ناخی کارەکتەرەکانی و بارودۆخی ئەو ساتەی تێیدان، شیکردێتەوە.
سەرەتا لەو رۆمانە دەبینین چیرۆکخوێن پیاوێکە وەك زۆر پاڵەوانی دیکەی رۆمانەکانی نووسەر، بەمەبەستی کات بەسەربردن گەشتی کردووە و لەکەناراوەکانی (ریڤیرا) لایداوە. لەوێدا لەگەڵ کەسانی هاوچینی (بۆرجوازی) کە دوو هاوسەری ئەڵمانی و دوو هاوسەری ئیتاڵی و کەسێکی دانیمارکی و ژنێکی ئینگلیزین، لەهۆتێلێکی رازاوە نیشتەجێن. لەسەر مێزی نانخواردنیش بەیەکتری دەگەن و قسە دەکەن. دواتر گەنجێکی فەرەنسی کۆشندە لەوێ لادەدات. هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ دوو کچی پیاوێکی قەڵەوی دەوڵەمەند یاری تێنس دەکات کە تەمەنیان 12 ساڵ و 16 ساڵە. دواتر لەگەڵ خاتوو (هنریيت) ی دایکییان، قسە دەکات. ڕۆژی دواتریش بەیەکەوە رادێکەن. ئەو هەواڵە ئارامی شوێنەکە دەهەژێنێ. ئامادەبووان لەسەر مێزی خوان لێکدانەوەی بۆ دەکەن و بەناپاك لەقەڵەمی دەدەن. تەنانەت گومانی ئەوەش دەکەن خاتوو هنریيت پێشتر پلانی ئەو ڕاکردنەی دانابێت، بەڵام لەناویاندا چیرۆکخوێن بۆچوونی پێچەوانە دەخاتەڕوو. داکۆکیش لەو کارەی ئەو

دەکات. بەوەش گفتوگۆکە بەرەو توندی دەچێت. وەك چیرۆکخوێن لەلاپەڕە 21 ئەو چاپە کوردییە بەو جۆرە باسی دەکات (جا لەبەبەختیانا بێ دژایەتی و بەگژاچوونەوەی من لەوە زیاتر چیدیکەیان چاکتر چنگ نەکەوت گوایە کەسی رەبەن ئەو بەتەنیا تاکە کەسێکە ئەو هەڵوێستەی من وەرگرێ و لەمیانەی سەرکێشییە سێکسییە ئاسان و بەسەرچووەکانی پیاوێکی بێ ژن، حوکم بەسەر ویژدانی مێینە بدات) . هاوکات ژنە ئینگلیزەکە کێ خاتوو (س)ی ناوێ بەهانای چیرۆکخوێن دێت و لێناگەێت ئەنجامی گفتوگۆکە بەشەڕ بگات. ئەو کە زیاتر گوێی دەگرت و کەمتر دەدوا بەسەنگینی خۆی جلەوەکە دەگرێت و داوا دەکات لەسەرخۆبن.

دواتر وەك لە لەلاپەڕە 25 دەبینین بەو جۆرە لەچیرۆکخوێن دەپرسێ (هەروەك تێگەیشتبم، تێ پێت وایە خاتوو (هنریيت) یا هەر ئافرەتێکی دیکە دەتوانێ بەبێ پلان و مشوری پێشوەختە، خۆ بخاتە ناو سەرەڕۆییەکی ئاوا چاوەڕوان نەکراو، پشت وایە ناکرێ ئافرەتێکی ئاوها جۆرێ لەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە بنوێنێ، کە بەر لە سعاتێك لای مەحاڵ بووە). ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ (بەڵێ). ئینجا لەلاپەڕە 28 بەو جۆرە چیرۆکخوێن لەبەرامبەر ئەوان شیکاری کارەکەی هنرییت دەکات (ئەو تەنیا ئاشقێکی مەزنە، من پێش ئەوەی بەو شتە بزانم، ئەو لەلای من تەنیا ئافرەتێکی زەعیفەی ئاسایی بوو، ڕەزم هەیە بڵێ، چونکە بەدوای خواست و ویستە ئازاکەی خۆی کەوت).

دواتر ئەو ڕوانینە جیاوازەی چیرۆکخوێن وەها لەخاتوو (س) دەکات داوای لێبکات گوێی بێ ڕادێرێ تاکو ڕاستگۆیانەی چیرۆکی خۆی بێ بگێڕێتەوە کە 24 ساڵ لەمەوبەر ڕوویداوە. چیرۆکی بیست و چوار کاتژمێری تەواو جیاواز لەژیاندا. کە ئەوسا تەمەنی 42 ساڵ بوو. دوو ساڵ بوو هاوسەرەدەوڵەمەندەکەی مرد بوو. دوو کوڕەکەشی خەریکی ژیانی خۆیان بوون. ئیتر لێرەوە کێشەی هنرییت لەگەڵمانەکە نامێنێ و دەبێتە بەسەرهاتی خاتوو (س) لەو بیست و چوار کاتژمێرەیدا، بەوەش لایەنە هونەرییەکەی ڕۆمانەکەی یەکجار نایاب بووەڵ.

پوختەی گۆڕانەوەی بەسەرهاتەکەی خاتوو (س) بەو جۆرەیە: دوای مردنی هاوسەرەکەی بێ خەمەوێنی بەردەوام لەو شار بێ ئەو شار دەچوو و لەهۆتێلەکان دەماوە، تا شەوێك لەقومارخانەیەکی مۆنتی کارلۆ گەنجێکی کێشنەی 24 ساڵان دەبینێ کە لەئارستۆکراتییە پڵێنییەکان بوو بە کاری دپلۆماسی خەریك بوو، بەڕام ئالوودەی قومارکردن بوو. دوای ئەوەی پارەیەکی زۆر دەدۆڕێنێ و دڵتەنگانە دەردەچێت و لەژێر بارانی بەفڕزمە لەسەر کورسییەکی پارکێك دادەنیشێ و بیردەکاتەوە. خاتوو (س) وەهای بەخەیاڵی دادێت ئەگەر فریای نەکەوێت ئەو کوڕە خۆی دەکوژێت، بڕیە لێی نزیك دەکەوێتەوە و هەوڵی لەگەڵ دەدات. هەر

ئەو شەوە بەرەو هوتێلێکی هەرزان بەهای دەبات و پارەشی پێدەدات، لەبەرامبەردا کوڕە بۆهیواکە وەها دەزانێت ئەو ژنە بێ پارە دوای کەوتووە کەچی خاتوو (س) دنیای دەکاتەوە تەنیا مەبەستی رزگارکردنی ئەوە. کاتێکیش دەیەوێت زێر لەکوڕەکە بکات بچێتە ناو هوتێلەکە، کوڕە دەستی دەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیباتە سەرەوە. ئینجا بەیەکەوە دەخەون. ڕۆژی دواتر کە بەلای خاتوو (س) زێر نامێ دەبێت و هەستیش بەشەرمەزاری دەکات. لەگەڵ کوڕەکە دەردەچن و ناچاریشی دەکات پەیمان بدات جارێکی دیکە قومار نەکات. ئەویش لەکۆسە بەڕن دەدات. ئەوسا خاتوو (س) پارەی گەڕانەوە و پارەی زۆرە دزراوەکەشی پێدەدات کە وەك بارمتە داینابوون. دوای لەیەکتر جیابوونەوە کوڕەکە بۆیاربوو بەرەو وڵستگەی شەمەندەفەر بڕوات. خاتوو (س) یش دووچاری بارێکی خراپی دەروونی دەبێت کە خۆشی لەخۆی ناگات، هەرچەندە بەگوێرەی گێڕانەوەکانی دەیەوێت چیڕۆکخوێن دنیا بکاتەوە هەرگیز مەبەستی داڕێژتنی پێوەندی نەبوو لەگەڵ ئەو کوڕە نامۆیە، بەڵام دڵی پێوەی پەیوەست ببوو. وەك لەپەلاپەڕە 130 بەو جۆرە دەبینین (هەوڵم دا بەروونی بیر لە هۆیەکانی ڕاکردن لە هەوەسی شێتیی ئازاربەخش و کوشندە بکەمەوە، هەوەسی تووڕەیی، پەشیمانی، نائومێدیی). دواتر لەناو ئەو پەستییەی تێیکەوتبوو کاتێك کە شەوی دواتر دەچێتەوە قومارخانەکە، دەبێت کوڕەکە پەیمانی شکاندووە و لەناو ئاپڕەی خەڵکی خەریکی ڕاڵەتە.

ئەوە بەسەرهاتی بیست و چوار کاتژمێری جیاوازی ژیانی بوو.. بۆیە خاتوون لەشوێنی ئەودا هەر ئەو شەوە وڵستگە بەوڵستگە، شەمەندەفەر دەبڕێ تا دەگاتە شاری لەندەن و لەماڵی کوڕێکی لادەدات. لەلاپەڕە 147 بەو جۆرە دێخی دوای ئەو ڕووداوەی دەربڕیوە (خانەوادەکەم بۆ من نیگەران بوون، هەروەك چۆن بۆ نەخۆش نیگەرانن، وەڵێ سۆز و خۆشەویستییان ئازاریان سەختتر، بەسۆزتر دەکردم، من شەرم دایدەگرتم، شەرمم لەڕزگرتنیان دەکرد، لە سۆز و لوتفیان، دەبوایەش بەردەوام چاودێری خۆمم کردبا لەهۆکارا لەبەردەمیانا هاوارم کردبا، کە من ناپاکیم لەگەڵ هەر هەموویان کردووە، لەبیرم کردوون و بەهۆی هەوەسێکی شێتانە و نەفامانە ماوەیەك بەجێم هێشتوون).

لەلاپەڕە 149 هۆکاری گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو بیست و چوار کاتژمێرەی بۆ چیرۆکخوێن بەو جۆرە باس دەکات (ئێستاکەش تێدەگەی، لەبەرچی لەهۆکارا بۆیارم دا ئەو چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە، لەکاتێکدا تۆ داکۆکی و بەرگریت لەخاتوو (هنرییت) دەکرد و بەهەموو دڵ و دەروونتەوە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە بووی کە بیست و چوار سعات دەتوانن سەرتاپای ژیانی ژنێك بگۆڕن، هەستم کرد ئەو وشانە من دەگرنەوە،

منیش سوپاسگوزاری تێ بووم، چونکه من – بە یەکەمجار- هەستم بەبوونی کەسێك کرد هاوڕامە).
دوای کۆتایی گۆڤانەوەکە خاتوو (س) مائیداوایی لێدەکات و هیوای گەشتێکی خۆشیشی بۆ دەخوازێ، چیرۆکخوێنیش لەلاپەڕەی کۆتایی، (لاپەڕە151) بەو جۆرە بەباسەکە تەواودەکات (ئایا ئەوە رەنگدانەوەی تاسە و خولیایەکی دامرکاو و کوژاوە بوو؟ ئایا ئەوە ئەو نیگەرانی و پەشۆیە بوو، کە لەناکاو رووەمتەکانی بە سوورێکی بۆئێقرە رەنگ ڤێژکرد و تا پرچە سپیەکەی هەڵدەکشا؟ ئەو لێرەکانە چەشنی کچێکە، بەئابڕوو و حەیاوە نیگەرانە لە بیرەوەرییەك و شەرمبارە لەدانپیانانی. من، بەدەست خۆم نەبوو، ئەو سەربردەیە کاری تێکردم و هەستم بە حەز و ئارەزوویەکی بەجۆش و خرۆش کرد بۆ ئەوەی بە وشەیەك رێز و سوپاسگوزاری خۆمی بۆ دەربڕم، وەلێ دەنگ لە گەروما خنکا، بەتاو و تینەوەش چەمیمەوە و بەحورمەتەوە دەستە سیس و بنێسەکەیم ماچ کرد، ئەو دەستەی هەروەك گەڵای پاییزە تۆزێك هەڵدەلەرزی).

ئاکۆ عەبدوڵڵا

ڕۆمانی ڕێبیکا شاکارێك لەنێوان ئاڤێزی و بێگەردی مرۆڤدا.. ئاکۆ عەبدوڵڵا

ڕۆمانی ڕێبیکا یەکێکە لەڕۆمانە ناودار و وروژێنەرەکانی سەدەی رابردوو. بەیەکێك لەسەد ڕۆمانە مەزنەکانی مێژووش دادەنرێ. دافنی دو مۆریەی خانمە نووسەری ئینگلیزی ساڵی 1938 بڵاویکردەوە و بەهۆیەوە خەڵاتی ئەنتۆنی و لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش خەڵاتی کتێبی نیشتمانی پێبەخشرا. ناوەڕۆکی ئەو شاکارە بریتییە لەگۆڤانەوەی بەسەرهاتی کچێکی سادە و بێگەرد و نەشمیل کە لەسەرەتای بیستەکانی تەمەندایە. ئەو کچە سەرەتا وەك یارمەتیدەری ژنێکی ئەمەریکی کە (ڤان هۆپەر) ی ناوە لێ هوتێلێکی مانتی کارلۆ، ئاشنای پیاوێکی دەوڵەمەند دەبێت کە (ماکسیم دی وینتەر)ی ناوە.

ئەو پیاوە سالی رابردوو ژنەکەی کە ڕۆبیکای ناو بوو لەووداوێکی کۆشتیوانیدا مردبوو. بۆ دەرچوون لەتەنگژەکان ئەویش بەرەو مانتی کارلۆ چوبوو. ئەوسا ماکسیم هێشتا بۆو رووداوێ کاریگەر و پەشۆوە. وەك کەسێکی کپیش دەردەکەوت. وشەیەك بەس بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ڕابردوو. هەر زوو شەیدای ئەو کچە دەبێت. دوای دوو حەفتە لەپۆندی خۆشویستی و گەڕان، کچەکە رازی دەبێت شووی پێبکات. بەمجۆرە لەخاتو هوپکر دادەبڕێت کە ئەویان دەیەویست بۆ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بگەڕێتەوە.
ماکسیم ژنە نوێیەکەی بۆ ناو کۆشکە گەورە و دابڕاوەکەی (ماندەرلی) کە لەسەر بەرزایی کەنداوێکی دەم دەریایە لەبەریتانیا دەبات. لەوێدا کارەکەرەکان پێشوازی لێدەکەن، لەناویاندا خاتوو (دینڤەرس) کە کەسایەتییەکی نامۆی هەیە، بەردەوام وەك تارمایی و سامناکە لەبەردەمی پەیدا دەبێت و زۆرجاریش بەگوێی دادەدات ئەویان ناگات بەجوانی و کاریزمایی خاتوونی پێشوو. بەمە کچە نەشمیلەکە دووچاری جۆرێك لەدڵەاوکە دەبێت. بەجۆرێك ناو کۆشکەکەی لێ تەنگ دەبێ. بەشی دەردەکەوێ ئەو کۆشکە هەموو لایەکی نامۆیە و شوێنەواری ڕۆبیکا و پیتی (R) ی ئەویش لەهەموو شوێنکی ناو ئەو ماڵە ئامادەیە. بەتایبەتی ئەو پیتە کە لەسەر دەسماڵەکان هەکێدراوە. ماکسیمی هاوسەریشی هێشتا لەکاریگەری ڕۆبیکا رزگاری نەبووە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کەچی ئەو دەوڵەت ژنکی نموونەیی بێت، مایەی دڵخۆشی و کامەرانی هاوسەرەکەی بێت.
جارێك بەخەیاڵیدادێت شوێنەواری ڕۆبیکا نەهێڵێت تاکو هاوسەرەکەی ئاسوودەبێت و رزگاری بێت، بەڵام هیچ هەنگاوێك ناگرێتەبەر. کاتێکیش دەزانێ ساڵانە لەو کۆشکە ئاهەنگی ماسك ساز دەکرا، داوا لەهاوسەرەکەی دەکات ئەو ساڵیش هەمان ئاهەنگ بگێڕن. بۆ ئەو شەوە لەسەر پێشنیاری خاتوو دینڤەرس، هەمان ئەو جلە دەپۆشێت کە ساڵی پێشتر ڕۆبیکا لەئاهەنگەکە پێشیبووی. کاتێك ماکسیم بەو جۆرە دەیبینێ بۆ تووڕەیی فەرمانی پێدەکات خێی بگۆڕێت. ئەمەو خاتوو دانڤەرسیش کە بەردەوام دڵی تەنگ دەکات، هانیدەدات خێی بکوژێت و لە پێنجەرە خێی هەڵداتە دەرەوە. ئەوسا دەنگی ئاگادارکردنەی نغرۆبوونی کەشتییەك بەرز دەبێتەوە. بەوەش دانیشتوانی ناو کۆشکەکە دەشلەژێن و ماکسیم و ژنەکەی و پیاوەکانی بەرەو کەنار دەچن. لەوێدا ئەوانەی کە دەچنە ژێر ئاو بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆکاری ڕووداوەکە، کەنە بەلەمەکەی ڕۆبیکا دەدۆزنەوە کە هێشتا لاشەی ئەوی تێدابووە. ئەو دەرکەوتنە دەبێتە مایەی وروژانی هەمووان و دەپرسن ئەی ئەوەی پێشتر لەگۆستانی تایبەت بە بنەماڵە نێژراوە کێ بوو؟ کە ئەویان دوای دوومانگ لەڕووداوەکە دۆزرابۆوە؟

ئەو دڵزینەوییە دەبێتە هۆی ئەوەی ماکسیم غەمبارانە لای هاوسەرەکەی دان بنێت کە لەگەڵ ژیبێکا بەختەوەر نەبووە. ئەوەشی پێدەچێت ژیبیکا ژنکی دڵند و خۆپارست بووە. کاتێکیش کە ژیبیکا پێی وتبوو ناپاکی لەگەڵ کردووە و لەجاگ فاقیلی ئاموزای دووگیان بووە. تەواو لێی هەڵدەچێت و دەیکوژێت و دەیخاتە ناو بەلەمەکەی. بۆ ئەوەی نقومیش بێت بەلەمەکەی کون دەکات. بەو جۆرە لەتاریکی شەو بەرەو قوڵایی دەریای ناردبوو.
ئەنجام دەرکەوتنی بەلەمەکە بەکونکراوی و دڵزینەوەی تەرمەکەی، دەبێتە بابەتکی دادگا. لەدادگا جاگ فاقیل کە خۆی بەخۆشەویستی ژیبیکا دادەنێ لەدژی ماکسیم بەبەڵگەوە دێتەڕ قسە و دەیەوێت تاوانی کوشتن بخاتە پاڵی. بەدادوەریش دەڵێت ژیبیکا لەشاری لەندەن سەردانی پزیشکێکی دەکرد. کاتێکیش ئەوان بۆ دەستکەوتنی بەڵگە دەچنە لای پزیشکەکە، دەردەکەوێت ژیبیکا ئەوسا دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە ببوو هەروەها نەزۆکیش بوو. ئەو پرسی دووگیانبوونەی بەدرۆ بەکارهێنابوو. پزیشکیش دڵنیای کردبۆوە زۆری لەژیان نەماوە. بۆیە ئەگەرەکان بۆ ئەوە دەچن لەنائومێدییان خۆی کوشتبێ. بەمەش هاوسەرەکەی لەدادگا بێتاوان دەردەچێت و کەیسەکەش دادەخرێت. دواتر کە ماکسیم لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆ کۆشکەکەی دەگەڕێتەوە کاتێك بۆی دەردەکەوێت دانقڕس لێناکاو لێماندڕلی ون بووە، پێداگری دەکات لەوەی بدرۆژایی شەو بۆ ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت کە نزیك بوونەوە دەبینن وا کۆشکەکە لەناو گڕی ئاگردایە و دینقڕسیش دەسووتێت، هەر ئەویش هۆکاری ئەو ئاگرە بووە، چونکە نەیدەویست ئەو ژن و مێردە بەبەختیاری ببینێ. ئینجا هەردووکیان بۆ لایەکی دیکە دەچن و بەخۆشی دەژیەن. چیرۆکخوێن هەموو ئەوانەی بەجوانی و کایگەرانە گۆڕاوەتەوە، بۆ نمونە لەکۆتاییەکەیدا دەڵیت: "لەگەڵ سووتانی کۆشکەکە دڵنیابووم تارمایی ژیبیکاش کۆتایی هاتووە".
شایانی باسە ناوەرۆکی ئەو ڕۆمانە هەر زوو کەوتە سەر پەردەی سینەما. ئەلفرێد هیتشکۆکی گەورە دەرهێنەر، شەیدای بوو و ساڵی 1940 دەریهێنا کە لەرانس ئێلیقییە و جوان فۆنتین، ڕۆڵی سەرەکییان تێدا گێڕاوە. فیلمەکەش ئەوسا وەك شاکارێکی سینەمایی، خەڵاتەکانی ئۆسکاری چاکترین فیلم و چاکترین وێنەگرتنی بەدەستهێنا. ساڵی 2020 بەشێوازێکی دیکە کراوە فیلم کە بین ویتلی دەریهێنا و لیلی جەیمس و ئارمی هامەر و کریستین سکۆت ڕۆڵیان تێداگێڕا.

دافنی دو مۆرییە لەچەند ستوونێکدا:

- ساڵی 1907 لەشاری لەندەن هاتە دنیا. ساڵی 1989 لەشاری

کورنوەال کەچی دوایی کرد.

- جیرالد دو موریيەی باوکی، ئەکتەرکی بەناوبانگ و بەوەبەری شانی ئینگلیزی بوو. مەریال بومەند دایکی رۆژنامەنووس بوو. جەرج دو مەریيەی باپیری نووسەر بوو. ئەنجەلای خوشکە گەورەی نووسەر و جینی خوشکی بچووکیشی، نیگارکێش بوو.
- ئالفرەد هیتشکەك جگە لە رەبیکا، ناوەرکی رەمانەکانی (یانەی جامایکا) و (باڵندەکان) ی دو مەریيەی بە سینەما دەرهێناوە، کە ئەوەی دوایی لەاپرسکی گۆڤاری تایمز لەلیستی100 فیلمی ترس، بەدرۆژایی مێژووی سینەما، لەپلەی حەوتەم دانراوە.
- جگە لەو سێ شاکارە، دو مەریيە کەمەك رەمان و چیرەك و شانۆگەری و کتێبی دیکەی نووسیوە.

گوتە و ناپلیۆن.. بەیەکگەیشتنی مێژوویی.. ئاکۆ عەبدوڵا

ساڵی 2008 گوستاڤ سایبتی نووسەری ئەڵمانی، ساڵی 2008 کتێبی (گۆتە و ناپلیۆن.. بەیەکگەیشتنی مێژوویی Goethe und Napoleon: Eine historische Begegnung) بڵاوکردەوە. ئەو کتێبە یەکەکە لەبەرهەمە ناوازەکان. تەنیا لەماوەی دوو ساڵی یەکەمیدا پێنج جار چاپکراوە. لەو ماوەیەش تەنیوە ناو زمانەکانی دیکە و وەك شاکارێکی هزری و ئەدەبی لایان رەخنەگران و خوێنەران بایەخی پێدرا. ناوەرکەکەی تایبەتە بەو دیدارە هەاوەرە مێژووییەی 2 نۆفمبری 1808 لەشاری ئیرفورتی پایتەختی هەرێمی تۆرینگنی وڵاتی ئەڵمانیا، لەنێوان (یەهان ڤۆلفگانگ ڤۆن گۆتە 1749 – 1832)ی شاعیری گەورەی ئەڵمانی و (ناپلیۆن پۆناپارت 1769 – 1821) ی ئیمپراتۆری فەڕەنسا، لەدوای شکستی سەرکردەی سوپای پروسیا لەجەنگی یەنا و ئویرشتین، روویدا. لەو دیدارەدا گفتوگۆی بەپێز لەنێوان ئەو دوو بلیمەتە روویدا کە کاریگەری بەسەر کارە ئەدەبیە و داهێنانەکانی گۆتەدا هەبوو، تەنانەت پێش ئەو کەبوونەوە بەناوبانگە، دەگوترا ناپلیۆن بەهەندێک

لەهاوکارێ نزیکەکانی ئاگایاندبوو لەگەنجیدا ئەمانەکەی (ئازارەکانی فێرتەری لاو) ی گۆتەی خوێندبەوە و پێوەی کاریگەر بوو. گۆتەش لە ژیانی ناپلیۆن بێ ئاگا نەبوو، بەڵکو ئاگاداربوو چۆن لەسوپای فەرەنسا هەڵکشا تا بوو بەو ئیمپراتۆرەی کە زۆربەی کیشوەری ئەورووپای کۆنترۆڵ کرد و خۆونی بە دوورتریش دەبینی.
ئەو کتێبە لەچوارچێوەی گۆڕانەوەی گرنگیدانە بەژیاننامەی تاکەکان. گوستاڤ سایبت بەکەم کەس نییە باسی لەو بایەخگەیشتنە بەهاوتایەی نێوان ئەو دوو کەسەی کردبێت، بەڵکو ئەو بەیەك گەیشتنە و وردەکاریەکانی نێوانیان، تۆژەرانی بۆخۆی کێش کردووە کە هەریەك لەگۆشەنیگای جەراوجۆر ڕاڤەی بکەن و لێبارەی بدوێن. ئەوەی تالیران 1745 – 1838 ی سیاسەتمەداری فەڕەنسیش تەماری کردووە، بۆتە پاڵنەر بۆ سایبت. ئەو کارەی سایبتیش بەوە جیادەکرێتەوە، لەدیدگای ڕۆخنەی هاوچەرخەوە لەو ساتەی روانیوە، زۆریش هەوڵیداوە پەداگری لەسەر گفتوگۆی نێوانیان بکات و دوریش بێت لەهەر دەمارگرژییەکی ئایدیایی یان لایەنگیری نیشتمانی. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، ئەو تەنیا لای لەساتەکانی بایەك گەیشتنەکە نەکردەتەوە، وەك نووسەرانی دیکە، بەڵکو لەخۆگەی فراوانتر روانیوەتی و ڕووتە هزری و سیاسییەکانی ئەو سەردەمەش بەبیر خوێنەران دەهێنێتەوە. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین تەنیا بەخوێندنەوەی ئەوە نەوەستاوە کە گۆتە و کەسانی دیکە لە بارەی بایەکگەیشتنەکە، تەماریان کردووە، بەڵکو هەوڵیداوە نیگاری ئەو وێنە سەبازیانەش بکێشێ کە لەڕۆژەکانی 14 – 15ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1806 بەسەرکەوتنی فەڕەنسییەکان کۆتایی هات. لەوکاتەی کە پروسیا لەجەنگی (یەنا- ئایرشتیت) لەبەرامبەر سوپای ناپلیۆن شکا. بەو ئەنجامەش بناغەی حکومەتی ڤایمار هەژاو بارودۆخ شێوا، گۆتەش ئەوسا لەکێشکی هیرتسوگ کارل ئوگست ڕاوەژکار بوو. لەساڵی 1775 بەرەو سەر بەڕەوبردنی تیپی شانۆ و سەرپەرشتی ئەو بازنە و گفتوگۆ زانستیانەشی دەرکرد کە لەناو زانکۆی یەنا دەبەسترا. ئەو زانکۆیەش پایەکی جیهانی هەبوو، فەلسەفەی ئایدلیستیانەی ئەمانیش لەوەدا ڕێچکەی گرت. پێگەکەی گۆتەش ڕۆی گەڵا لە دروستبوونی پێوەندی هاوەڵەتی لەنێوان گۆتە و فریدریش شیللەر 1759 – 1805ی گەورە شاعیر. بەیەك سایبت ڕاستی کردووە کاتێك کە وەسفی ژیانی گۆتەی لەڤایمار کردووە و وتویەتی ژیانی (کۆشك ـ ئەکادیمیای) بوو. هیرتسوگی ڤایمار فێڵەسوف و نووسەرانی دیکەی لە کەبوونەوە کە بەشداریان لەبنیاتنانی بزوتنەوەی فیکری بەپیتدا کرد، لەوانە هیگڵ و شلێگل، فیختە و شیللەر، و ئەو نووسەرانەی کە بیری مرۆڤیان بگشتی دەوڵەمەند کرد و بەشداریشیان لە پێکهاتنی ڕەوتە ئەدەبی، ڕەشنبیری، و فەلسەفیکانی سەرانسەری کیشوەری

ئەوروپا کرد.
نووسەر ئاماژە بەوە دەدات گەتە و ناپلیۆن لەسەر مێزی نانخواردن بڕیك گێشتن. نووسەر وەسفی وردەکاری دیدارەکە دەکات، لەشوێن و توخمەکان و ئاو شتانەی پێوەندییان بەژیان و یادگارییەکانی گەتەوە هەیە، دەستپێدەکات تا دەگات بەو کەسانەی ئامادەی دیدارەکە بوون. دواتر دەقی دیالۆگی نێوانیان بەو شێوەیە دەچێسپێنێ کە گەتە تەماری کرد بوو.ئینجا بەوردی رستەکان شیدەکاتەوە لەرێگای خوێندنەوەی قوڵ کە نزیك تەنیا بە دەقەکە، بەڵکو بە چوارچێوەی جەراوجێری سیاسی و رۆشنبیری، خوێنەر بە واتا گشتییەکان کەش دەکات. هاوکات نووسەر بەوردی بەدوای شوێنەوار و کاریگەری شکستییە سەربازییەکە بەسەر ژیانی گەتە کەوتووە، کە گۆڕانەکانی لەبازنەی بچووك بۆ بازنەی فراوانتر چوون.
دواتر ئاماژە بەدیوانێ بەناوبانگەکەی (دیوانی رۆژئاوایی رۆژهەڵاتی) دەکات کە بەنی ئاو ساتانەی پاش ناپلیۆنی لەدەت. لەناویشیاندا چامەی (کۆچ)ی دیاری کردووە کە گەتە بەلاتینی نوسیویەتی و تێیدا حەزی راکردن بۆ ئاسەی مەعریفی بۆرجەستە کردووە کە دووربەت لەقێرانی ئەوسای ئەوروپا. بەڵام پەیوەندی نێوان گەتە و ناپلیۆن کە لەشانگرێی ناودارەکەی (ڤاوست)ی گەتە دەبینرێت، بەئاماژەی ماوتاوێ، چونکە تێیدا لەیك کاتدا گەتە وردە وردە حەزی لەسەرکەنکردنی سیاسەتی وێرانکاریانەی ناپلیۆن کردووە کە ئەوروپا و جیهانی بۆ تێکدان برد، بەڵام هەشتا کەسایەتی ناپلیۆنی بەلاوە خۆشەویستە بوو. کتێبەکەی سایبتییش لەو ساتە سەخت و ئاماژەی مێژووی ئەدەبی و سیاسی و سەربازی دەوەستێت، ئەو ساتەی کە لەئابردوو خەکانێکی وەها لێکرد هەوەستی دژ بگەتە بگرنەبەر کە کار بەوە گەیشت سەرکەنەشی بکەن.

ئاکە عەبدوڵا

شەهەکانی نێوان ڤۆلتێر و

ڕەسەن.. نووسینی / حسونه المصباحی.. وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

ئەو شانۆگەریەی ئێستا لە پاریس نمایش دەکرێت، ئێو شەڕە سەختانەی هێناوە یاد کە لە نێوان ڤۆلتێر و ڕەسێدا ڕوویان دابوو. ئەوانە لە فەلسەفەی فەرەنسی سەدەی هەژدە، دوو کەسایەتی دیار بوون. نێک تەنیا لە فەرەنسا، بەڵکو لە سەرانسەری کیشوەرە کۆنەکە، دوو ئێستێرەی درەوشاوە بوون. بە بیرکە و تێزکانیان دەربارەی پرسە جەراوجەرەکانی سیاسەت و هزر و کۆمەڵایەتی و ئایینی، بیری لیبرالی و دیموکراسییان تاودا. ئەو بیرەی بە سەی شۆشی فەرەنسای هەڵگیرساند. هەر دووکیشیان بەرەنگاری کۆنەپەرستی ئایینی و دەسەڵاتی کڵێسە و هەموو دیاردەکانی ستەمکاری و پاوانخوازی بوونەوە. ئێستا ئێو دووانە لە گۆڕستانی (پانتیۆن)ی تایبەت بە بانگخوازانی فەرەنسا ڕاکشاون.

ڤۆلتێر ساڵی 1694 لەخێزانێکی خۆشگوزار هاتە دنیا. کە تەمەنی گەیشتە بیست و پێنج ساڵ، ناوی ڤۆلتێری بە خۆی هەڵبژارد. پێشتر ناوی فرانسوا ماری ئاوریێ بوو. لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ تێکۆشەرێکی ناوەندە ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵانی ئێرستەکراتی بوو. کاتێکیش تەمەنی گەیشتە نزدە ساڵی، خوێندنی یاسای جێهێشت تاکو ببێت بە نووسەری باڵێزخانە، بەڵام هەوڵستێ سیاسییە لیبەڕاڵەکانی بەرەو زیندانە ترسناکەکەی باستیلیان برد. ئێو کاتە تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو. دوای ئێوەی شانۆگەریەکەی (ئێدیپ) سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکرد، دیسان فێیان داوە ناو ئێو زیندانەی کە پێشتر ناومان هێنا. دوای دەرچوونی، ژیانی ئاوارەیی لە لەندەن هەڵبژارد. ئێوسا ساڵی 1726 بوو. لێرێ ئاشنای فەلسەفەی لەک و تاقیکردنەوە فیزیایەکانی نیوتن بوو. لە بەرهەمەکەی (نامە فەلسەفییەکان) دا کە ساڵی 1734 بڵاوکرایەوە، بیرکە نوێیەکانی لە بوارە جیاجیاکان نیشاندا. بە بوێری و ئازایش بڕچوونەکانی خۆی خستەڕوو، بە تایبەتی لەوانەی پێوەستن بە ئایین. ئێو کتێبە لەناو ئێوانی ئاواتخوازی جیهانی باشتر و دوور لە ستەمکاری سیاسی و کۆنەپەرستی ئایینی بوون، دەنگی داوە. ساڵی 1762 ڤۆلتێر بە بەرژەوەندی هاوڵاتییەك كه (جان كالاس) ی ناوبوو و تەمەتبار کرابوو بە کوشتنی کوڕەکەی بەهەڵە، هاتەدەنگ و دەقەکی بەناوی (لە بووردەیی) نووسی. تێیدا بە توندی هێرشی کردە سەر

کەس، تا مردنیشی لەسای 1778، واتا ساڵێک پێش هەڵگیرسانی شۆشی فەرەنسی، ڤۆلتێر وەک هەمایەکی گوورە بە بەرگریکەرانی ئازادی، ئەوانەی کە کڵێسەپەرستی و ستەمکاری دەتدەکێنوو، دانرا.
سەبارەت بەجان جاک ڕووسۆ. ئەویش سای 1712 لە شاری جنێڤ هاتە دنیا. چەند ساڵێک دوای بوونی، دایکی کۆچی دوایی کرد، بۆیە خاڵی بەخێوی کرد، ئەو خاڵەی قۆشەیەکی پرۆتستانتی بوو. جان جاک ڕووسۆ سەرەتای ژیانی وەك کرێکار لەنووسینگەی دادگە کاری کرد. دواتر لای نەخش سازێك. کاتێک تەمەنی گەیشتە شانزە ساڵان، جنێڤی جێهێشت و لای خانمێك کە ناوی (ڤارتانس) بوو ژیا. ئەو ژنە لەووی ئەدەبی و سێکسی پەروەردەی کرد. کاتێک تەمەنی گەیشتە سی ساڵی، ڕووی لەپاریس کرد، لەوێ دا پەیوەندی بەبازنەی (ئینسکلۆپیدیەکان) کرد و دیدرۆ و ڤۆلتێر و ئەوانی دیکەی ناسی.
دوای ئەوەی کتێبەکانی (ئیمیل) و (پەیمانی کۆمەڵایەتی) لەسای 1762دا بڵاوکردەوە، ڕووسۆ ناوبانگی گەورەی تەمارکرد. بەڵام هەزە کەنەپارێز و کۆنەپەرستەکان بەتوندی هێرشیان کردە سەری. ئەوسا ڕووسۆ هەستی بەو مەترسیانە دەکرد کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە، بۆیە هەڵاتە لەندەن، لەوێدا شەوی گەرمی دژی (هیوم) ی فەیلەسوف کرد، کە ئەویان یارمەتی دابوو لەپایتەختی بەریتانیا نیشتەجێ بێت، بەڵ(سیخوڕ) یش تەمەتباری کرد. ساڵانێکی درێژ لەسەریەك ڕووسۆ بەتەکچوونی دەمار ناڵاندی. بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر لەنووسینی دوو کتێبی گرنگ (دانپێدانانەکان) و (خەونەکانی تاکە کەسی). ڕۆژی 2 ی تەممووزی سای 1778 جان جاک ڕووسۆ کۆچی دوایی کرد، واتا تەنیا دوو مانگ دوای مردنی ڤۆلتێر.
لەسەرەتا دا ڕووسۆ بەڤۆلتێر و بیرکەکانی سەرسام بوو. پێش ئەوەی پێی بگات، هەموو کتێبە بڵاوکراوەکانی خوێندبوەوە. لە (دانپێدانانەکان) یش دا دانی بەوەداناوە (نامۆ فەلسەفیەکان) کتێبە دڵخوازەکەی ئەو، بەڵادەیەک هەرگیز لەخوێندنەوەی بێزار نابێت. کاتێکیش نمایشی شانۆگەری (زایر) () ی بینی، کە لەشاری گرنۆبڵ نمایش دەکرا، ڕووسۆ کە ئەوکات تەمەنی بیست و پێنج ساڵان بوو، بەهۆی کاریگەری زۆر هەستی بەتەنگەنەفەسی کرد. خۆریک بوو بەهۆیەوە لەهۆش خۆی بچێت. سای 1748نامەیەکی بە ڤۆلتێر نووسی و داوای دیداری لێکرد، دیدارێك کە لەتەمەنی پانزە ساڵیەوە بەتامەزرۆیەوە چاوەڕێی دەکرد. بەڵام ڤۆلتێر کە ناوبانگی بەرفراوانی هەبوو نەک تەنها لەفەرەنسا، بەڵکو لەبەریتانیا و هەندەدا و ئەمانیاش، وەڵامی بانگهێشتنامەکەی نەدایەوە، بۆیە ڕووسۆ بەپەلە پەوەندی بەبازنەی ئینسکلۆپیدیەکان کرد. ئەوسا ئەستێرە ئەویش درەوشاوە و لەناوەندە هزرییەکان پلەی بەرزی گرت،

بۆتایبەتیش دوای ئەوەی کتێبەکەی (پەیمانی کۆمۆنیستی) ی بڵاوکردەوە. بەڵام ڤۆڵتێر هیچ سەرسامی بە ئەو کتێبە دەرنەبڕی، بە (گەمانەوە بە دواوە) و بانگەواز بە تێکردنەوەی ئەو پشکۆوتنەی دانا کە هێندە بۆتوندی و بەهێز بەرگری لێدەکرد. لە نامەیەکیش کە بە ڕۆسۆی نارد لە 30 ی ئابی 1755دا ڤۆلتێر نووسی، هەر کەسێک (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بخوێنێتەوە، ویستی خۆخزاندن بە چوار پێیی دێبزوێت. بە ئەوەی ڤۆلتێر زیاتر بێزاری بکات، وتی: "من حەز لەخۆشگوزەرانی و لوتبەرزی و تەنانەت شل و شڵەقی و دەوڵەمەندی دەکەم. حەزم لەهەموو خۆشیەکە و هەموو هونەرێکیشم بەهەموو جۆرەکانەوە خۆشدەوێت". ئەو نامە توند و تیژە بۆسەی جەنگی گەرمی نێوان ئەو دوو فەیلەسوفە گەورەیەی هەڵگیرساند، دوای پێنج ساڵ لە نامەکەی ڤۆلتێر، ڕۆژی 17ی حوزەیرانی 1760 ڕۆسۆ نامەیەکی بە نووسەری کتێبی (نامە فەلسەفییەکان) نارد تێیدا بەو ڕستەیە دەستی پێکرد (خۆشم ناوێیت بەڵێزم!) و بە (ماڵئاوا بەیزم!) یشم کۆتایی هێنابوو.
لەوەڵامی ئەو نامە پڕ لەنائومێدی و تاڵە دا ڤۆلتێر وتی: "نە ڕۆسۆ و نە نووسینەکانیم خۆشدەوێ". کاتێکیش ڕۆسۆ بەرهەمەکەی (هەلیوزی نوێ) ی بڵاوکردەوە، ڤۆلتێر بەتوندی هێرشی کردە سەر و بە (بێرجوازی) و (بەگمژێ) ناوی برد. سەبارەت بەپەیمانی کۆمەڵایەتیش وتی : "کارێکە تەنها بە فەیلەسوفێکی بچووک گونجاوە کە سەردانی خانووە بچووکەکان دەکات". سەرچاوە: https://elaph.com/Web/ 2/ 11/ 2017 () مەبەستی شانۆکەری (Zaïre) یە کە ڤۆلتێر ساڵی 1732 نووسی. (وەرگێڕ)

نێبڵی ئادابی ئەم ساڵ بە کراسناهێرکای بەخشرا.. ئاکۆ عەبدوڵا

هاوشێوەی ساڵانی پێشوو، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 9ی ئەم مانگە، لەناو کۆمەڵێك ئەدیبی کاندید و میوانی دیار، لێژنەی بەخشینی خەڵاتی نێبڵی بواری ئەدەب ڕایگەیاند خەڵاتی ئەم ساڵی بوارەکە

بەکراساناھەرکای ەەمانووس و سیناریۆنووسی ھەنگاری دەبەخشێ، بەوەش ناوبراو لەدوای (ئیمری کیرتیس) بووە دووم ئەدیبی ھەنگاری ئەو خەڵاتە گەورەیەی بەرکەوت. لێژنەی بەخشینی خەڵاتەکە ھەکاری بەسەرکردنەوەی ناوبراویان بە ئەوە گەیاندەوە (نوسەرێکی مەزنە ناوەرێکی نووسینەکانی لەنەریتە ئەدەبییەکانی سەنتەری ئەوروپا ھەدەھەنجێ کە لەکافکاوە درێژ دەبێتەوە بەرەو تۆماس برنھارد. ئەمەو ستایلی نووسینیشی بەبێھودەیی و زیادەڕۆییانەی گروتسکییە جیادەکرێتەوە. ھاوکات توانستی ھونەریشی فراوانە). ماتس مالمی سکرتێری ھەمیشەیی ئەکادیمیەی سویدیش وتی: ” لەبەر بەرھەمە ئەدەبییە بەپێزەکانی کە کێشنەدەیی و دیدگای قوڵی فەلسەفیانەیان گرتێتە خۆ و لەبەرامبەر دۆخی ترسناکیشدا جەخت لە ھزی ھونەر دەکەنەوە، بۆیە خەلاتی نۆبڵی ئەدەبی ئەم ساڵمان بە کراساناھەرکای ھەنگاری بەخشی”.
کراساناھەرکای کە بۆئەدیبی پێستمدەرن ناوزەد دەکرێت یەکێکە لە پێشەنگەکانی ئەدەبی ئێستای ھەنگاری. لەرێگەی دیدگە فەلسەفییە قوڵەکەی بۆ ژیان و بوون، بەشداری کارای کردووە لەنوێکردنەوەی گەڕانەوەی ئەوروپی نوێ. کارەکانیشی کە جۆرێك لەەشبینیانە و بێھودەییانە و دیدی فەلسەفی ئاڵەزیان یان بەرامبەر بەکێشەکانی ژیان پێوەدیارە و لەجیھانی کافکا و دیستۆپیقسکی و گۆگۆل و ھەرمان میلڤیلی، دەسوڕانەوە، بەئاشکرا سەلمێنەری ئەوەن ئەدەب توانستی ڕووبەڕووبونەوەی ئاڵنگارییەکانی ژیانی ھەگرتووە. ئەوەش وەھای لێکردووە ببێتە سیمبولێك بۆ ئەدەبی نوێ. ئەو رستەی درێژ و ئاڵاز و چڕی زمانەوانی و چەشەی رامانی و حەزکردن لەجیھانی تاریك و شێواوی ناوەوە و رامانی فەلسەفی و کێمیدی تەنزاویانەی کردێتە تایبەتمەندی نووسین
لاسلۆ کراساناھەرکای László Krasznahorkai ڕۆژی 5 ی کانوونی دووەمی ساڵی 1954 لەخێزانێکی جولەکەی شارۆچکەی گیولای باشووری ڕۆژھەڵاتی ھەنگاریای سەر سنووری ڕۆمانییە ھاتە دنیا. گیرگی کراساناھەرکای باوکی پارێزەر بوو. جولیا پالینکاسی دایکیشی بەڕوبەری ئاسایشی کۆمۆنایەتی بوو. لەگەڵ ئەوەی شوێنەکەیان دووڕەدەست بوو کەچی ماڵەکەیان ژینگەیەکی گونجاوی ڕۆشنبیری بوو. ساڵی 1973 لەزانکۆی یۆزسێف ئاتیلا (سێگەدی ئێستا) چووە بەر خوێندنی یاسا، ساڵی 1976 بۆ زانکۆی ئیۆتڤۆس لۆراند (ELTE) لە بوداپێست گواستراوە و تا ساڵی 1978 لەخوێندنی یاسا بەردەوام بوو. دواتر تا ساڵی 1983 زمان و ئەدەبی ھەنگاری خوێند. تەزی بەوانامەکەی دەربارەی کار و ئەزموونەکانی (ساندۆر مارا)ی نووسەر بوو. دوای خوێندن بۆ ماوەیەك وەك ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر کاریکرد. شایانی باسە ھاوشێوەی زۆر

لەدانیشتوانی ئەوروپا ڕۆژهەڵات، ڕۆژە سەختەکانی سەردەمی کۆمونیستی و دەسەڵاتی سۆڤییەتی بەسەر وڵاتەکەی، بەئازار و نەهامەتی بەسەربرد. تەنانەت پۆلیس ماوەیەك ڕێگەی نەدا گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بکات. دواتر هەموو ئەوانە لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕەنگیانداوەتەوە.
ساڵی 1985 ڕۆمانی (ساتانتانگۆ Sátántangó) ی باڵوکردەوە. ئەو بەرهەمە شاکارێکی ڕەشبینییانەیە، تایبەتە بەژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەیەك جوتیار و لادێنشین و ئازارەکانیان لەسایەی ڕژێمی هەرەوەزی سۆشیالیستی کە ئەوسا پێش داڕمانی کۆمونیستی لەو شێوەیە بوو. ڕووداوەکانی لەگوندێکی دابڕاوە لەماوەی چەند ڕۆژێکی باراناوی، تادێت خەڵکەکە شوێنەکە چۆل دەکەن. پلانەکانیان سەرناگرێت و لەگەڵ یەکتریش ناپاکی دەکەن و خەونەکانیان بەبا دەچێت. ئەوسا دەبینرێ چۆن خەڵکە بێهیوایەکە بێ ڕزگاربوونیان لەئازار و مەینەتییەکان، چاوەڕوانی ڕووداوێکی پەرچوو دەکەن، تا کەسێك دەچێتە ناویان و پێیان دەڵێت دەستەزتانم. لەو ڕۆمانە وەسفی وردەکاری و دەرخستنی بڕچوونەکان و کارەکانی کارەکتەرەکان زۆر جوان و کێشندەییانەیە. بەو کارەشی ناوەندە ئەدەبییەکانی وڵاتەکەی هەژاند و بەهێیەوە وەک کۆسایەتییەکی پێشڕەنگی ئەدەبی دەرکەوت. ساڵی 1994 بیلا تاری دەرهێنەری ناودار ناوەرۆکی ئەو بەرهەمەی بێ سینەما گواستەوە و فیلمێکی سەرکەوتووانەی لێ دەرهێنا کە خودی کراسناهۆرکای سیناریۆکەی داڕشت بوو. ئەمەو دوای وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بێ زمانی ئینگلیزی، ساڵی 2013 خۆڕاتی باشترین کتێبی وەرگێڕدراوی پێبەخشرا.
ساڵی 1989 ڕۆمانی (خەمۆکی بۆرخەدان Az ellenállás melankóliája) ی باڵوکردەوە. ناوەرۆکی ئەو بەرهەمە هاوشێوەی گیانە مردووەکانی گۆگۆلی گەورە نووسەری ڕووسییە. تایبەتە بەکۆمەڵگەی ڕووداوی نامەی شارۆچکەیەکی هەنگاریا. کاتێك گروپێکی سێرك دەچنە ئەو شارە و نەهەنگێکی مۆمیا کراو نمایش دەکەن کە گوایە گەورەترین نەهەنگی جیهانە. ئەوسا دەنگۆی سەیر سەیر و هەڕەشەئامێز باوەبڵتەوە و بەو قسانەش خەڵکی شارەکە دەترسێنن. هاتنی ئەو گروپە کەشێکی ترسناك دەخولقێنێ. لێرەدا نووسەر بێ بەکارهێنانی دیمەنی خۆناوی و کارەکتەری گرۆتسک، لێزانانە ململانێی دەندانەی نێوان دوکی و پشێوی نیشان داوە. بەهۆی ئەو ڕۆمانە خۆڕاتی بەستنلیستی ئەڵمانی بێ باشترین بۆرهەمی ئەدەبی پێبەخشرا. (سوزان سونتاگ) ی خانمە ڕەخنەگری ئەمەریکی کە ئەو بەرهەمەی خوێندەوە، نووسەرەکەی بە (مستەری ئەدەبی هاوچەرخ لەوەسفکردنی کۆتایی جیهان) وەسف کرد.
ساڵی 2000 ناوەرۆکی ئەو ڕۆمانەش لایەن بیلا تار لەفیلمێکی سینەمایی بەناوی (وێرکمایستەر هارمۆنی Werckmeister

harmoniákدەرھێنرا کە کراسناھێرکای سیناریۆکەی داڕشت. شایانی باسە ساڵی 2015 دوای وەرگێڕانی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بۆ زمانی ئینگلیزی، خێراتی مان بوکێری نوودوودتی بەکراسناھێرکای بەخشرا. بەوەش بووە یەکەم نووسەری وڵاتەکەی ئەو خەڵاتە بەرزەی پێببەخشرێت.

دوای ووخانی بلۆکی ڕۆژھەڵات کراسناھێرکای زیاتر گرنگی بەگەشت و گەڕان دا. ھەرچەندە ساڵی 1987 بۆرسالێی DAAD بۆ یەکەمجار بۆ دەرەوەی ھەنگاریای کۆمونیستی بەرەو بەرلینی ڕۆژاوا چووبوو. ساڵی 1990 لەگەڵ ئێنیکێ پێلیە ھاوسەرگیری کرد. ھاوکات یەکەم گەشتی درێژخایەنی بۆ ڕۆژھەڵاتی ئاسیا کرد. لەو ماوەیە سەردانی مەنگۆلیا و چین و ژاپۆنی کرد و زۆرێش سەرسام بوو بەئەدەب و جوانی ڕۆژھەڵات. ئەو گەشتەی کاریگەری قووڵی بەسەر بەرھەمە ئەدەبییەکانیدا ھەبا. ساڵی 1992 کورتە ڕۆمانی (زیندانی ئورگا Az urgai fogoly) ی بڵاوکردەوە. ساڵی 1997 دوای جیابوونەوەی لەھاوسەری پێشووی، لەگەڵ دۆرا کۆپچسانی، زانای سینەماجی و دیزاینەری گرافیک، ھاوسەرگیری کرد. ھاوکات لەگەشتە درێژەکانی بەناو ئەوروپا و ئەمەریکا بەردەوام بوو. ماوەیەك لەشوقەکەی (ئالن گینسبێرگ Allen Ginsberg) ی شاعیری ئەمەریکی لەنیویۆرک نیشتەجێ بوو. زۆر دڵخۆشیش بوو بەئامادەگاریيەکانی ناوبرا. ساڵی 1999 ڕۆمانی (جەنگ و جەنگ Háború és háború) ی بڵاوکردەوە. ئەوسا وتی پشتگیری ئالن و ژینگەی ماڵەکەی ڕێی سەرەکییان ھەبوو لەتەواوکردنی ئەو ڕۆمانەم.

ساڵی 2003 کورتە ڕۆمانی (لەباکوورەوە، لەباشوورەوە، لەڕۆژئاوا، لەڕۆژھەڵاتەوە Északról hegy, Délről tó, Nyugatról utak, Keletről folyó) و ساڵی دواتریش ڕۆمانی (وێرانکاری و خەم لەژێر ئاسمان Rombolás és bánat az Ég alatt) ی بڵاوکردەوە. ئەوەی دوایی لەشێوەی دیکەمێنتاریيە. ساڵی 2008 کە کورتەچیرۆکی (سەیەبە چووە خوارەوە Seiobo járt odalent) ی بڵاوکردەوە. تێیدا زۆر لێھاتووانە بۆ ناو فەلسەفە و ھونەری ئاسیا ڕۆچووە، بەتایبەتیش بۆ ئایینی بوزیی. دوای وەرگێڕانی ئەو بەرھەمەشی بۆ زمانی ئینگلیزی، خەڵاتی باشترین کتێبی وەرگێڕدراوی پێببەخشرا. ساڵی دواتر کورتە چیرۆکی (دوا گورگ Az utolsó farkas) و ساڵی 2010 کورتە ڕۆمانی (ئێنیمالینساید Állatvanbent) و ساڵی 2016 ڕۆمانی (گەڕانەوەی بارۆن وێنکھایم بۆ ماڵەوە Báró Wenckheim hazatér) ی بڵاوکردەوە. لەوەشیاندا بەشێوەیەکی کۆمیدییانە گەڕانەوەی بارۆنکی لەتاڵاوگە تاوتوێ کردووە. لێرەدا گەڕانەوە جۆرێکە لەخەیاڵ و مەبەستی نووسەر بۆ زێدی خۆی و ولاتەکەیەتی.

بەشێك لەشارەزایان بارەنی ناو ئەو بەرهەمە بەو گەمژەیەی دیستۆیفسکی بەراورد دەکەن کە ئالوودەی قوماره، چونکە ئەویش چارەنوسی خۆی خستۆتە دەست قەدەرێکی ناوون. دوای وەرگێڕانی ئەو بەرهەمەشی بۆ زمانی ئینگلیزی، لەئەمەریکا خێراتی نیشتمانی کتێب بۆ ئەدەبی وەرگێڕدراوی پێبەخشرا
ساڵی 2018 کورتە رۆمانی (Aprómunka egytaért) و ساڵی دواتر کورتە رۆمانی (ماوەدوونانی هەمرMindig Homérosznak) ی بڵاوکردەوە. ئەوەی دوایی لەبارەی پیاوێکی نەناسراوە کە بەدرێژایی کەنارەکانی دەریای ئەدریاتیك لەدەست دوو کەس رادەکات. ساڵی 2021 کورتە رۆمانی (Herscht 07769) ی بڵاوکردەوە. ئەوەیان کە لەبەر لێهاتوویی لەخستنەووی وردی بارگرژییە کۆمەڵایەتییەکانی ئیستای ئەمانیا، بەتایبەتمانێکی مەزنی هاوچەرخی ئەو وڵاتە دادەنرێت. لەوەشیاندا خوێنەر بۆ کەشی تاریك و ئاڵۆزاوی کێش دەکات. بەرەو شارۆچکەیەکی بچووکی سەر بەشاری تورینگن لەئەمانیا کە تاریکبینیانە سبستیان باخی گەورە میوزیککار رووبەووی نازییە نوێیەکان دەبێتەوە. ساڵی 2024 رۆمانی (زسملە عاشقی بووە Zsömle odavan) ی بڵاوکردەوە. لەوەشیاندا لەگەی کەسایەتی مامە جوزی کارا کە رازێکی پادشایی شاردۆتەوە، گەاوەتەوە هەنگاریا.
دوای گەانی زەر و نیشتەجێبوونی چەندان ساڵ لەبەرلین، بەو دواییە کراسناهەرکای گەایەوە هەنگاریا. ئەمەو لەبەر ئەوەی رۆمانەکانی ناوەرکی هزری و مرۆقانەی هەمە ئاستییان گرتۆتەخۆ بۆیە لەزەر زانکۆی ئەوروپی و جیهانی لەچوارچێوەی ئەدەبی بەراوردکاری دەخوێنرێن. جەیمس وودی رەخنەگری ئەدەبیش لەئاستیدا وتویەتی :"کتێبەکانی کراسناهەرکای وەك دراوی دەگمەن ئاوەریان پێدەکرێت". لەلایەکی دیکەوە ئەو وەك سیناریۆنووس و هاریکاریکردن لەگەڵ بیلا تاری دەرهێنەر لەزەر شۆنی جیهانی، هەوادارانی سینەما ئاشنای بەرهەم و کارەکانی دیکەی ئەو بوارەی ئەون.
جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدان کراسناهەرکای کۆمەڵك بەرهەمی دیکەی لەشێوەی وتار و کورتە چیڕك و سیناریۆی فیلم داڕێژتووە. ئەمەو جگە لەو خەاتانەی ناومان هێنان کۆمەڵك خەاتی دیکەی بەدەستهێناوە لەوانە: ئاتیلا یۆزسەف، مایکس کۆلۆمبن کەر، دۆری تیبەر، کرودی گیولا، مارای ساندەر، کۆماری هەنگاریا، دامەزراوەی سەرەس، کۆستەت، کۆمەڵەی نووسەران، بروک-بەرلین، سپایچەر، پریما پریمیسیما، خەاتی ئەمریکا بۆ بەشداریکردنی تەمەنی لە نووسینی نەودەوەتی، ڤیلینیکا، خەاتی دەوەتی نەمسا بۆ ئەدەبیاتی ئەوروپی، فەرهەنتەر…

دیکارت ووبەووی تاریکی و تاریکیخوازکان دەبتەوە..
نووسینی/ هاشم صالح..
وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

بلیمەتی گەلان، هی هەموو گەلێك، بۆری لە نووسەر و شاعیر و فەیلەسوفە گەورەکاندا بەرجەستە دەبێت. هەر بۆیە دەڵێین دیکارت فەرەنسایە، شکسپیر ئینگلتەرایە، سەرفانتس ئیسپانیایە، دانتی ئیتالیایە، موتەنەبی نەتەوەی عەرەبە..هتد. ئەمەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ جگە لەوانە بلیمەتی دیکە نەبن، بەڵکو تەنیا بە نموونە دەهێنرێنەوە. سەبارەت بەدیکارت، بەناوبانگترین فەیلەسوفە لەمێژووی فەرەنسادا. کەس ناتوانێت بە لوتکەی ناوبانگ و شکۆمەندی، کەبەکەی لەگەڵدا بکات. کەواتە ئەو کەسە کێیە کە ناوبانگی گەیشتووەتە هەموو گۆشکانی زەوی؟ هیچ زانکۆیەکیش لەدونیادا نییە فەلسەفەی دیکارتی تێدا نەخوێندرێت. کەواتە ئەو (پاڵەوانە بوترەی بیرکردنەوە)، وەک ئەوەی هیگڵ جارێک وەسفیکردووە، کێیە؟
ڕەنگە خوێنەر سەری بسوڕمێت ئەگەر پێی بڵێین دیکارت بردەوام لەژیانیدا هەڵەشەی لەسەر بووە. هەر لەبەر ئەو هەکارشەڵە دوای ئەوەی نیشانەکانی بلیمەتییان تێدا بینی، هاوڕێکانی ئامۆژگارییان کرد دەستبەجێ فەرەنسا جێبهێڵێت. پێیان گوت: "تۆ تەنیا کەسی بتوانی ڕاستی و ڕەوەی گەیشتن بەڕێشنگەری و ڕزگاربوونمان بگریتە ئەستۆ، بۆیە تۆ چیتر هی خۆت نیت، بەڵکو موڵکی هەموو فەرەنسا و سەرجەم مرۆڤایەتیت. ئەمە دڵخۆش نابین چونکە بڕوامان دەهێ. داواشت لێ ناکەین بەئارەزووی خۆت ئەو کارە بکەی. بەڵام ئەگەر لەوەتادا بەمنیتەوە سەرت لەبازنەی سووری مەترسیدار دەبێت. ئەوسا ڕەنگە پێش ئەوەی ڕاستییەکان بخەیتەوو و بڕەمەگورەکانت بنووسیت، لەناوتبەرن. ئەمەش زیانێکە قەرەبوو ناکرێتەوە".
جا لەبەرچی وایان پێ وت؟ چونکە ئەوسا فەرەنسا هاوشێوەی هەندێک بەشی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ئەمڕ، ئسولی(1) تاریکخوازی کۆنەپەرستانە بوو. کاسۆلیکی پاپایی زۆرینە بوو. مەزهەبکانی تری دەچەوسێندەوە و بەکافری دادەنان و نەشیدەهشت هەناسە بدەن،

تەنانەت هەناسەدان. لووتدا بە پێچوانەی ئینگلتەرا و سویسرا و هەندا، ئازادی فیکری نەبوو. هەرچەندە ئیوان وەاتانی پرۆتستانتی بوون، لەناو دەریای فراوانی مەسیحی کاسۆلیکی پاپایدا کەمینە بوون. جا بۆ پێیەی حەق هەردەم لەگەڵ زۆرینە دایە هەتا ئاگر هەڵش بێت، بۆیە لەبەرژەوەندی دیکارتی کاسۆلیکیدا بوو لەلای پرۆتستانتە زەندەقییە لەبوردەتر و عەقڵانیتر لەچەمکی ئایینی مەسیحی، بژیەت. ئەم دەڵێن هەرچەندە ئیوان لەلایەن زۆرینەی کاسۆلیکەکان بەکافر دادەنران، کە خوێنیان بەحەڵاڵ دەزانرا و بەسەربینیشیان هەویان دەدا لەخودای گەورە نزیک ببنەوە. ئیو کاتێ شتەکان بۆ شەویێ بوو. ئیوروپا چێندە گۆڕاوە. لێپشان چێن بوو و ئێستاش چێنە؟!

پێویستێ ئاماژە بۆ بکرێت دیکارت لە سەردەمی کاردینالی بەناوبانگ ڕیشلیۆ و شا لویسی سێزدەدا ژیاوە. کاردینالە پیرەکە ناچار بوو لەگەڵ ئسولییە مەسیحییەکان پەیمان ببەستێ کە ئەوسا ئەوان بەسەر تەکەای گەل زاڵببوون. پێویستێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین مرۆڤی سادە و نەزان هەمیشە لەگەڵ ئسولییەکان و پیاوە ئایینیەکانن. سێیری لای ئێمە بکەن، بە نموونێ ئیوانەی لەئێران و تورکیا و سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی ڕوودەدات... خێ دیکارت لەسەدەی حەڤدەمدا ژیا و ئێمەش لەناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکداین، واتێ 400 ساڵ دوای دیکارتەوە. کەچی هێشتا ئێمە لەهەمان تەمومژاوی ئایینیدا نغرێ بووین. ئێمە هێشتا هاوشێوەی ئەو و ڕەنگێ زیاتریش لێو، لەئسولییەکان دەترسین...

ئسولییە مەسیحییەکانی ئەوسا نوێنەرایەتی تونددەوە کاسۆلیکییەکانیان دەکرد، لەناویشیاندا ڕێکخراوێکی مەترسیدار بەناوی (کەمەڵەی ئیکاریستی)(2) هەبوو. ئیو ڕێکخراوێ پێیوەست بوو بەهەواگری گشتی و ئەرکەکەشی ڕاوەدوونانی ئیو کەسانێ بوو کێ بەدوژمنی ئایین یان بەلادەر لەڕێگای ڕاستیان دادەنا. واتا ڕاوەدوونانی ئەو کەسانەی کێ بێ (دوژمنی خودا) ناویان دەبرد. واتا سەرجەم ئیو زانا و ڕۆشنبیرە ڕووناکخوازانەی کێ دژیانویست لەدژەوەی چوارچێوەی ئسولی مەسیحی چەقداکوتراو یان پابەندوونی خنکاوی کەمەایەتی، بیر بکەنەوە.

دیکارت هەرگیز بەدین نەبووە، بەڵکو باوەڕی قووڵی بەخودا هەبووێ. بەڵام لەئێنجامدانی ڕێوڕەسمە مەسیحییەکان، خێ بەدوور دەگرت. نەیدەتوانی هەموو ڕێزێکێ بێ بۆشداریکردن قوداس و نوێژ و عیبادەتەکان بەسەر بەرێت. ئەمەو وێک هەر بلیمەتێکی دیکەش شەیدای گەڵان بەدوای حەقیقەتدا بوو، لەکاتێکدا بەلای ئسولییەکان حەقیقەت لێو دایە و پێویست بگەڵان بەدوایدا ناکات. لەکتێبێ کێنێ

کەلەپووریەکاندایە. واتا ئەو کتێبە زۆردە تۆز لێنیشتووانەی کە بناغەی ئایدیۆلۆژی و فیدباکی ڕۆحی گەلی مەسیحی و کەمەڵگایان بەگشتی پێکهێناوە. ئەوسا قەشەکان دەیانگوت: ئەی فەیلەسوفی لووتبەرز! بۆچی بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێی لەکاتێکدا حەقیقەت لەکتێبە ئاینییە پیرۆزەکانماندایە؟ دواتر دیکارتی بەناچار تێ کەیت تاکو تەحەدای دەسەڵاتی ئیلاهی بکەیت؟ ئسولییەکان لەو سەردەمە بەو شێوەیە فەیلەسوف و زانایانان ترساند.
جگە لەوەش کاسۆلیکەکان خۆیان بەتاکە ڕێگەوی ڕاستەقینە لەئاییینی مەسیحیدا دادەنا. هەر بۆیە ئەوانی دیکەی وەک پرۆتستانتەکان و ڕێگەوەکانی دیکەیان بەکافر دەزانی و بۆزەندەقییان دەناساندن. (کەمەڵەی ئیکاریستی) کاسۆلیکی مەترسیدارترین دۆزگای هەواگری و نهێنیترینان بوو. لەناو هەموو چین و توێژەکانی خێڵکدا بڕبڕاو بوو، بەڵام نادەبینرا. ئامانجی ئەو بوو هەر کەسێک کە هەر ئارەزوویەکی بۆ ئازادی نیشان بدات، تێنانێت ئەگەر زۆر سنووردارییش بێت جاێ لێبدات. فەقێیەکانی سەربان، یاخود زانایانی لاهوتی مەسیحی، چاودێری هەموو کتێبە چاپکراوەکانیان دەکرد و هەر شتێکیش لەناویاندا پێیان وابووایە پێچەوانەی ئایینە، لایان دەبرد.
لەوەش خراپتر، کەسانی سەر بەیشلیە (هەواگر لەسەر هەواگری) بوون. ئەوان سیخوڕیان بەسەر هەموو کەسێکدا دەکرد، بۆ پۆلیس و خودی کەمەڵەی ئیکاریستیشەوە! کەواتە لەکۆشکی ئاوا خنکێنەردا دیکارت چۆن دەیتوانی بژی؟ چۆن دەیتوانی هەناسە بدات، یاخود ئەو فەلسەفە نوێیە دابهێنێت کە لەناخیدا دەلەرێیەوە؟ لەبەر ئەو هۆیە بوو وەاتە کاسۆلیکییەکەی خۆی بۆجهێشت و بەرەو هەندەرای پرۆتستانتی ڕۆیشت کە زۆربەی ژیانی لەوێ بەسەربرد و هەموو کتێبەکانیشی تێدا چاپ کرد. لەڕاستیدا ئەو لەژێر پەردەی تاریکیدا جێیهێشت، دوای ئەوەی بیستی کاردیناڵ ڕیشلیە پلانی داڕێژتووە لەدژگەی یەکێک لەپیاوەکانی کەمەڵەی ئیکاریستی، تیرۆری بکات… لەسەرتادا کەس نەیزانێ بۆ کوێ چووە، دواتر جگە لەچەند هاوڕێیەکی دەسزی، کە پێی وتبوون نهێنی تەواوی ئەو بپارێزن، ناونیشانی خۆی بەکەسی دیکە نەدا. ئەوانیش زیاتر لەخۆمی ئەودا بوون وەك ئەوەی لەخەمی خۆیاندا بن، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، چونکە دەیانزانی کە ئەو تاکە بیرمەندە بتوانێ ببێتە جگرتنەوەی فرانسیس بیکۆنی ئینگلیزی، و ڕاستییە تەمومژاویەکانیش کە تەنیا خۆیان دەدەنە دەست بلیمەتان یان بلیمەتی بلیمەتان، بدزێتەوە.
بەو شێوەیە لەبەردەم دەستەدەسزەکانیدا سوێندی خوارد کە لەئێستا بەدواوە زۆر وریا دەبێت و تا بشتوانێت ژیانی خۆی دەپارێزێت. هەموو هەوڵەکانیشی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی زانستی- فەلسەفی و

خزمەتکردنی تەخمی مرۆیی تەرخان بکات. بۆنیشی پێدان بۆزووترین کات بگاتە میتۆدی عەقڵانی و کلیلی فەلسەفەی دروست. ئەوە بوو لەتەمەنی چل و یەک ساڵیدا گەیشتە ئەو ئەنجامە کاتێک کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (وتارێک لەسەر میتۆد) نووسی. بۆیە دوای ئەوەی لەبارەی دادگاییکردنی گالیلەی بیست، لەترسی تووڕەیی کڵێسە، بڕیاری واژۆ بکاویکردەوە. بەو شێوەیە ڕۆژی 8 ی حوزەیرانی ساڵی 1637 یەکێک لەگەورەترین دەقە فەلسەفییەکانی مێژوو چاپ و بڵاوکرایەوە. دواتر دەقێکی دیکەی بەدواداهێنا کە گرنگیەکی لەوەی پێشوو کەمتر نەبوو، ئەگەر زیاتریش نەبێت. ئەویش: (تێڕامانە میتافیزیکییەکان)ی ناوە(3).

ئاستێ دواجار گەیشتنێ دیکارت، ئەو کاتەی فرانسوا ڤیەجی ئسولی کاسۆلیکی لەژێویە دووڕە دەستەکانی سوید، لەیگەی بژێهراویکردنی خیانەتکارانێ لەناو کڵێسەدا تیرۆری کرد. بۆیە بەرهەمە سەرەکییەکانی نووسیبوو و گەورەترین دەزینەوەکانیشی بەجێگەیاندبوو. لەئاستیدا ئەوان لەفەلسەفە ڕەشنگەر و عەقڵانییەکەی ئەو بەسەر چەمکەڵ تائیفی و تەکفیری و تاریکی ئایینی مەسیحی، دەترسان. هەر بۆیە تیرۆریان کرد، پاشان هزرەکەشیان تیرۆر کرد، ئەو کاتەی ڤاتیکان بەرهەمەکانی خستە ناو لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکان. بۆیە بەسوود بوو چونکە هزرەکەی وەک ئاگری دەم پووش و پەاش بەهەموو ئەوروپادا بڵاوببۆوە.

لەکۆتاییدا با ئەو پرسیارە بکەین: ئەمە ڕەشنبیری عەرەب لەچ سەردەمێکدا دەژی؟ لەسەدەی بیست و یەکدا دەژی یان سەدەکانی ناوەڕاست؟ وەڵامەکە ئەویە ئەو لەسەردەمی ئسولی و ئسولییەکاندا دەژی، هاوشێوەی دیکارت لەڕۆژگاری خۆیدا. بۆیە ئەو لەسەردەمی (ابو مصعب السوری) دەژی، کە جارێک وتی: "تۆندوتیژی فەریزەیە و تیرۆرکردنیش سونەتە". ئەو هەمان ئەو (ابو مصعب الزرقاوی)یە قەزوون و بەدناوە نییە، کە سەردەمانێک عەراقی خەتانی خوێن کرد و لەکۆتایشدا داعشی هەڵهێنا. دواتر ابو مصعب السوری وتی: "تیرۆرکردنی ڕەشنبیران زۆر گرنگترە لەتیرۆرکردنی سەرۆک و زەعیم و سەرکردە سیاسییەکان". لەبەرچی؟ چونکە ئەوان سەرکردەی هزرن لەجیهانی عەرەبی و کەواتە بە ئەمە لەسەرکردە سیاسییەکان مەترسیدارترن. ئەوان لەگەڵ ئەمە کەبەکە دەکەن بە دە و مشکی نەوەکانی دواتر. ئەوان دەیانەوێت جەماوەرمان لەدەست دەربهێنن. هەرگیزیش ڕێگە بەوە نادەین. ئەمە بە ئەمە هەڵی سوورە. بۆیە تیرۆرکردنیان بەئەرکێکی ڕەهای ئایینی دادەنرێت. بەو شێوەیە تێبینی دەکەین بەو زووانە لەجیهانی عەرەبیدا جەنگێکی گەورەی هزری لەنێوان ڕەشنبیرانی ئسولی و ڕەشنبیرانی ڕۆشنگەری هەڵبگیرسێت. کە

تێیدا هەموو چەکێکی یاسایی و نایاسایی بەکاردەهێنرێت. زۆر توند و دڕندانەش دەبێت. کۆتایشی نایەت تەنیا بەسەرکەوتوو و دۆڕاو نابێت.

نووسینی/ هاشم صالح
وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

سەرچاوە : https://aawsat.com/ 7/ 7/ 2025
1)) ئسولییەتFundamentalism فاندامێنتالیزم، بنەماخواز، بڕواتای گرژی لەباوەڕی ئایینی دەت. (وەرگێڕ)
(2) رابطة القربان المقدس
(3) مەبەستی کتێبی (تەئامانەکانی فەلسەفەی یەکەم Meditationes de Prima Philosophia) ـە کە ساڵی 1641 بڵاویکردەوە. (وەرگێڕ)

ریلکە... شیعر و مەردەزمەکانی مندا.. نووسینی / هاشم ساڵح.. وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

بۆ پێیەی هەموو ژیانم دەوەزمەییە (تەنانەت پێش کارناش!)، هەگری ئەو نووسەرانەم کە ژیانی مەردەمانەییان بەسەر بردووە، بەتایبەتی لەسەرەتای منداڵییاندا، وەک کافکا، بەدلەر، دەستێفسکی، ریلکە هتد... بەئام با ئێستا واز لەدەوەزمەکان بێنین و باسی شتی دیکە بکەین. خۆزگە دەمزانی بەچوونی ریلکە لەبارەی پرسی کار چی بوو، بە نموونە ئەو کە لەهەموو ژیانیدا یەک ڕۆژ کاری نەکردووە، مەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین سووانەوە لەشقامەکانی میونخ یان پیاسەکردن لەباوەشی سروشتدا لەگەڵ کچێکی نەشمیل، کاری سەخت و ماندووکەرانەبێت.
ئەو ریلکەیە کێیە؟ ئایا دەزانی بیست هەزار نامەی بە یەك ژن نووسیوە کە ژنی خۆی نەبووە، هەتا ئەگەر ژنیشی بووبێ؟ لەو ڕۆژانەشدا ئینتەرنێت و ئیمەیڵەکان نەبوو کە بەخەرایی ڕەشبا دەگاتە لای خاوەنەکەی. خەڵکی نامەکانیان بەدەست دەنووسی و چۆزی

زەریشیان لە دەبینی، بەتایبەتی ئەگەر نامەکە بە ژنێک نووسرابا. ئینیە ماریا ریلکە ساڵی ١٨٧٥ لە خەزانێکی پڕ لەناکۆکی و هات و هاواری شاری پراگ لەدایک بووە. خەزانێکی ناکۆك کە بەدەست چەندین کێشە دەیناڵاند. زەرجار شەڕی سەخت لەنێوان دایکی و باوکی سەریهەڵدا کە ریلکە، ئەو کوڕە بچووک و نازدارەی دەترساند. ئۆوەش لەسەر دەروونە ناتەواوەکە شوێنەواری نەساوڕی بەجێهێشت. دەکرێ بڵێین دوەزمە ترسناکەکەی منداڵی تا مردیش لەگەڵیدابوو. بەردەوام بەدوای دا بوو و راوی دەنا. وەك ئەوەی دەروونناسی دەیڵێت: (کەس لەمنداڵەتی خۆی رزگاری نابێت). بەدرێژایی ژیانی لەدژی ئەو دوەزمە ترسناکە تێدەکۆشا.
بەهەرحاڵ ریلکە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ژیان نەگونجا. تا کۆتایش بەو شێوەیە ماوە. دواتر ئەوە لەشیعر و پەخشانەکانی دا دەنگیداوە. زانراوەیشە دەروونی پڕ بووە لەدڵەڕاوکێی گەورە و ترسی ناوونی ناخ. لەوانەیە ئەوەش ئەو سووتەمەنییە بووبێت کە بەردەوام وزەی بەشیعرەکەی دەدا. جا ئەگەر لەدڵەڕاوکێی بوون ڕزگاری بوایە، دەیتوانی لەنووسینی شیعر بەردەوام بێ؟
بەهۆی کێشەکانی و گرفتە دەروونییەکەی، ریلکە ژیانێکی گێشگیرانە و پڕ لەتەنیایی و تەنامان و پشکنینی ناخی بەسەربرد. تا ئۆوپەڕی حەزی لەتەنیایی بوو. بەگەرمی دەیپەرست. لەو ڕووەوە بەکیرکەگاردی فەیلەسوفی دانیمارکی، یا نێتشەی فەیلەسوفی ئەڵمانی، یاخود هەلدەرلینی شاعیری گەورە دەچوو. هەموویان بەشێوەیەك یان جۆری دیکە شێتبوون. هەموویان لەگەڵ سەردەم نەدەگونجان، بەتایبەتیش لەگەڵ خەیان دا. هەموویان مازۆشی بوون، ڕەژانە ملیۆنێک جار لەخەیان دەدا.
گرنگترین دیدار لەژیانی ریلکە دا چی بوو؟ لەبەرلین ڕوویدا، ساڵی ١٨٩٧. ئەو کاتەی شاعیرەکەمان بە یەکەمجار چاوی بەو ئەدیبە جوانە کەوت کە پێشتر هەشی خەکانی دیکەی بردبوو ئەویش (لو ئەندریا سالۆمی) بوو. وەك زانراوە دە ساڵ پێش ئەو کاتە نێتشەی ناسیبوو، ئۆیش خۆشی ویست و لەبەر ئەوەی ڕەتیکردەوە، خەریکبوو لەپێناویدا خۆی بکوژێت. بەڵام لەڕاستیدا کەسێکی دیکەی هاوڕێی نێتشە کەتایی بژیانی خۆی هێنا ئەویش پڕ ڕی فەیلەسوف بوو. لەلوتکەی شاخەکانی سویسرا خۆی فڕدا. ڕەنگە کەسانی دیکەش هەبن کە لەپێناو ئۆودا خەیان کوشتبێت، بەڵام مەژوو ناوەکانیانی نەپاراستووە.
تا کەتایی ژیانی بەردەوام بوو لەیادکردنەوە و نامەنووسین بۆی، تەنانەت دوای ئۆوەی ساڵانێکی زۆر بوو پەیوەندی سۆزداری نەوانیان بەتەواوی کەتایی هاتبوو. ئەو خاتوونە ڕۆگارکەر و پارێزەری بوو، لەڕووی دەروونی و لەژیانیدا. ریلکە نزیکەی لەبارەی هەموو شتێکەوە

ەاوژی پەدەکرد. لەگەڵیدا گەشتی ڕۆمانسی و مرۆیانە کرد بۆ ئیتالیا و ڕووسیا. لەڕووسیا سەردانی تالستۆیان کرد، کە ئەویان لەبەر چەندان هۆ بەخراپی پێشوازیی لێکردن، لەوانە لەبەر ئەو ناکۆکییە تونده‌ی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەبووە، ڕەنگە لەگەڵ خۆشیدا. ئەویش شتێکی گەورە بوو.
دەڵێن ریلکە نزیکەی بیست هەزار نامەی بۆ لو ئەندریا سالۆمی نووسیوە! شتێکی ترسناک، شتێکە کە عەقڵ بەزەحمەت باوەڕی پێدەکات… ئەو ژنە تاکە کەس بوو کە بەڕاشکاوی و بەبێ هیچ پێچ و پەنا بەی بنووسە. ئەو پەناگە گەورەکەی ئەو بوو کە لەئازار نهێنییەکانی یان دەڕاوکە کوشندەکەی سووك دەکرد.
ڕیلکە لەدیوانێکی بەناوی (کتێبی هەژاری و مردن) ئەو دێڕانەی نووسیوە:
پەروەردگار، هەر کەسێک مردنی خۆی پێببەخشێ،
مردنێک بەهاستی دەرەنجامی ژیانی بێت،
کە خۆشەویستی و واتا و ئازاری تێدا بدزێتەوە.
ئێمە هیچ نین جگە لەتوێکڵ، جگە لەگەڵا
بەهام ئەو بەرەی لەسەنتەری هەموو شتێکە
ئەوە مردنە گەورەکەیە کە هەریەکەمان لەناو خۆماندا هەڵماندگرتووە
جا بەڵای کەمەوە شایەنی مردنێک نین هاوشێوەمان بێ، ئۆگەر شایەنی ژیان نەبین؟ ئایا لەدایک دەبین تەنها بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا بمرین؟ ئایا مردن بەر نییە، حەقیقەتی جەوهەری، تاکە حەقیقەت؟ جا لەبەرچی ڕقمان لەیەبەت ئۆگەر ناچارییانە بڕۆو ڕووی بەڕین تاکو ڕۆژێک لەئامێزی بگرین؟ بۆچی ئاهەنگی بۆ نەگەڕین و بۆهاوڕێیەکی دڕینی دانەنێین کە دواجار پێیدەگەینەوە؟ بەڵام لەمەی دەکەین ئۆگەر بشێوێیەک بمرین کە لەئێمە نەچێت، شایانی ئێمە نەبێ. ئەوە تاکە شتێکە کە ئێمە مافی ئەومان هەیە گلەیی لێ بکەین.
ساڵی ۱۹۰۲ بەرەو پاریس چوو بۆ ئەوەی بەڕدانی هونەرمەندی بەناوبانگ بگات، بەمەبەستی نووسینی تێزێکی زانکۆیی لەسەری. بەڵام سەرەتا پاریسی نەکەوتە بەر دڵ و هەستی بەبێزاری و بێناڕەحەتی کرد، بۆیە بۆ ئیتالیا چوو. لەوێ دا ئیلهامی شیعری بۆ هات و لەیەک هەفتەدا بڕشی سێیەمی کتێبی کاتژمێرەکانی نووسی کە بریتییە لەکتێبی (هەژاری و مردن) (). وەك ئاشکراشە بەدرێژایی ژیانی لەڕادەبەدەر هەژارانە ژیاوە. خۆزگە لانیکەم خەڵاتی نۆبێلیان پێ بدایە؟ ئایا دەزانن بۆ یەکەم جار ساڵی ۱۹۰۱ خەڵاتەکەیان بەکێ بەخشی؟ بهشاعیرێکی فەرەنسی (سولی پرۆدۆم). دەزانن کێیە؟ تەحەداتان دەکەم ئۆگەر پێشتر ئەو ناوەتان بیستبێ. ئەو بەسەر تالستۆی سەرکەوت! ئەوسا ئەدیبە سویدییەکان هەستیان بڕشەرمەزاری

زەر کرد و نامەیان بۆ نووسەری گەورەی ڕووسی نارد و تێیدا داوای لێبوردنیان کرد لەسەر ئەو هەڵە قێزەونە کە شایانی لێبووردن نییە و پەککەوتووەکانی لێژنەی نێوبژێ ئەنجامیان دا، ئەوانەی هیچ شتێک لە ئەدەب تێنەدەگەیشتن. تۆلستۆیش بە نامەیەکی بلیمەتیانە وەڵامی دانەوە و بۆ شۆڕیە دەستی پێکرد: "هاوڕێیانی ئازیز، زۆر دڵخۆشم کە خەڵاتی نۆبڵ بۆمن نۆبڵخشرا. من چی لەنۆبڵ بکەم؟ پەیوەندی من لەگەڵ نۆبڵ دا چییە؟" پاشان ریلکۆ لەسەرگەردانی و گەڵانی لەهەموو شوێنێک بەردەوام بوو. ئایا ژیانێکی جوانتر هەیە؟ ئایا ژیانێکی دیکە هەیە شایانی شاعیر بێت؟ شاعیر بە گەیدەیی لەو جیهانە دا دروست بووە. کەسێکە سەرگەردان و بە هیچ مەبەستێکی دیاریکراو و بە هیچ ئامانجێک. ناشزانێت بۆچی دەژیات؟ بەرەو کوێ؟ بۆهیچ شۆڕیکیش نایەوێت بگات. بەڵام ئەو هەمیشە دەگەڵاوە بە پاریس. لەوێشدا کتێبە پەخشانە ناوبانگەکەی (دەفتەرەکانی مالتی لوریدز بریگ) نووسی. واتە بیرۆکەریەکانی گەنجێک کە زۆر هاوشێوەی خۆیەتی. ساڵی ١٩١٠ تەواوی کردووە دوای ئەوەی نزیکەی دە ساڵ پەوەی سەرقاڵبوو. دوای بەکۆتا گەیاندنی ئەو کتێبەی کە زۆر پەوەی ماندوو بوو و بەتەواوی کوشی، ریلکۆ چووە حاڵەتی تێکچوونی دەمارەی مەترسیدار. ئەوسا بیری کردەوە بچێتە لای دەروونشیکارێک بۆ ئەوەی بزانێت هۆکاری دەڵاوکێی ناوەوەی و ئەو دەوەزمانەی هەرشی دەکەنە سەری چییە. بەڵام لەدوایین سات دا لەژێر کاریگەری (بەتاکردنەوەکەی) ئێندریا سالۆمی پاشگەزی کرد، کە پێی وت: "ئامان ئەوە مەکە، ئۆگەر گرێیە (کۆمپلێکسە) دەروونییەکانت هەڵبوەشێتەوە، بلیمەتی شیعریت لەدەست دەدەیت. ئەوە تاکە گەنجینەی تۆیە". دواجار ساڵی ١٩٢٥ لەکاتی چنینی دەستە گوڵێک تاکو وەک دیاری پێشکەش بژنێکی بەرژوازی یان ئەرستۆکراتی بکات، گوڵێکی سوور بریندار کرد. گوێ شاعیر زامدار دەکات: شتێکی خۆشە. گوێ پێشکەش بژن، یان با بەم گوێ پێشکەش بگوێ بکرێت. شتێکی شیرینترە. ئەوسا پزیشکەکان بەیان دەرکەوت تووشی شێرپەنجەی خوێن بووە، ئەمەش لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٦ لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا بووە هەی مردنی. وەك زانرایشە ئەو زۆر شەیدای گوڵی سوور بوو، لەشیعرەکانیشیدا زۆر باسی کردووە. بۆ شۆڕیەش ئەو گوڵەی کە لەدونیادا زۆر خۆشی دەویست کوشتی. بۆچی شەیدای گوڵی سوور دەبین؟ ڕیلکۆ لەچامەی (هەژدەکی پایزی) نووسیویەتی؛ ئای پەروەردگار وادە نزیک بێتەوە، هاوین زۆر نایاب بوو سەبارەکەت، بخە سەر کاتژمێرەکان و سەر ئەو دەشتانەی با دەیان لەرێنێتەوە فەرمان بە پگەیشتنی دوا بەر دەربکە دوو هەژی دیکەشی پێ بدە تا زیاتر سەنگین بێت پاڵەش بکە لەتواو بوونی، و شەربەتەکەشی بکوشە لەناو گەزە قورسەکانی مەی دا ئەوەی خانووی

نەبێ، لەو ڕۆژوە خانوو دروست ناکات ئاوەی تێنایە، بەدرێژایی تەمەنی بۆتنیا دەمێنێتەوە. نامەکانی دۆستەکانی و شەونحونییەکانیشی درێژ دەبێت، وەک نامەیەکی ونبوو، لێرە و لەوێ دەکەوات یان لەو ڕۆژەوانەی کە گۆناکانی پاییزیان لێ دادەبارێ و باش بۆاویان دەکاتەوە…

سەرچاوە : https://aawsat.com/ 5 /1/ 2021 () (کتێبی هەژاری و مردن Das Buch von der Armut und vom Tode) لەساڵی 1903 بۆاویکردەوە. کەدوا بەشی (کتێبی کاتژمێرەکان Das Stunden-Buch) ـە. (وەرگێڕ)
.

مەدام ریکامیێە لەدوو نیگاری هاوشێوەدا.. ئاکێ عەبدوڵڵا

لەڕۆژگاری خێاندا ئافرەتانێك جگە لەوەی ناودارانە ژیاون، لەچوارچیوەی نیگاریشدا بەدرەوشاوەیی کێشراون. لەمێژووی هونەری شێوەکاریدا بەتایبەتی پێش دەرکەوتنی ئامێری فۆتگرافی چەندانی وەها دەبینرێن. یەکێك لەوانە (جان فرانسوا جولی ئادێلاید بێرنارد)، ناسراو بە (مەدام ریکامیێە 1777- 1849) یە. ناوبراو ئافرەتێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو. باوکی پزیشك بوو. لەئاهەنگێك کەوتە بەردیدەی (جاك ریکامیێە) و بووە مایەی سەرسامی و شەیدابوونی. ئەو پیاوە یەکێك بوو لەدەوڵەمەندە دیارەکانی کۆمەڵگەی پاریسی، کۆمەڵك بانکی هەبوو. تەمەنیشی لەسەرەوەی تەمەنی باوکی جولی بوو. لەتەمەنی پانزدە ساڵی شووی پێکرد. دواتر بێ کێشکردنی عەقڵ و هۆشی پیاوانی سیاسەتمەدار و هزرمەند و هونەرمەند و ئەدیب، جوانی و دڵفێنی و ژیری خێ و سامانی هاوسەرەکەی بەکارهێنا. ساڵانێکی کردبوە کە ببووە مەکێ گردبوونەوەی کەسایەتییە ناوارەکانی ئەو ڕۆژگارەی پاریس. ناپلیۆن بۆتاپۆرت بەچیایەکی سەرکێش ناوی دەبرد، دواتریش لەبەر نانەوەی کێشە دژی شۆش و بارودۆخی ئەوسای وڵات، دووریخستەوە.
مەدام ریکامیێە حەزی دەکرد لەبەردەم نیگارکێشان بوەستێ و ئەوانیش

بۆ کێشانی روخسار و پێگەکەی، سەرنجی وردی خۆیان بەکاربهێنن. ساڵی 1800 داوای لە (جاك دەیقد) کرد کە ناودارترین نیگارکێشی ئەوسای فەرەنسا بوو. ئەوە بوو لەتابلۆیەکدا بەرجەستەی کرد کە تێیدا دەبینرێت لەسەر قەنەفەیەکی نایاب راکشاوە و سەری بۆ دواوە سوڕاندووە و لەبینەر دەوانێ. جلێکی سپی درێژی پێشیوە، لەشۆوەی پێشاکی خانمە شازادەکان کە دامێنەکەی بەسەر قەنەفەکە شۆبۆتەوە. قژیشی بەجۆرێك شانەکردووە و شریتێکی رەشیشی بەنێو چەوانی بەستووە وەك ئەوەی ئامادەیی پێوە دیاربێت. روخساریشی جۆرێك لەبەختیاری و هەوڵدانی دەربڕینی قسەی پێوە دیارە. بەگشتیش هیلە لاربووەکانی ناو دیمەنەکە بەرجەستەی هەست و ئەدگاری مێینەن.
بەر لەوەی ئەوکارە بەکۆتا بگەیەنێ، دەیقد لەلایەکی دیکەی ژوورەکە چاوی بەپۆرترێتکی دیکەی مەدام ریکامیێە دەکەوێت کە (فرانسوا جیرارد) ی قوتابی خۆی کاری لەسەر دەکرد. ئەوسا دەیقد زۆر تووڕە دەبێ، چونکە بۆای نەدەکرد خاتوون لەهەمان کاتدا لەبەردەم قوتابییەکی ئەو دابنیشێ، بۆیە و کەل و پەلەکانی کۆکردەوە و لەکاغەزێك بۆی نووسی (خانمەکەم.. من دەزانم ئافرەتە جوانەکان زۆر سەرقاڵی جوانی و شەنگی خۆیانن، بەڵام پێویستە بزانی هونەرمەندانیش شانازی بەکار و کەرامەتی خۆیان دەکەن. عیزەتی نەفسیان هەیە، ئەگەر لەدەستی بدەن، هەموو شتێکیان لەدەستدەچێت. بۆیە رێگەم پێبدە لەو ئاستەدا بوەستم).
هەندێك دەڵین ئەوەشی بۆ نوسیوە (وەها دابنێ یەك لەو کارانە تەواوکراوە). بەو جۆرە کارەکە زۆر وردەکاری مابوو دەستی لێهەڵگرت، بەتایبەتی بابەتەکانی رازاندنەوەی ژینگە و وردەکارییەکانی دیکەی تایبەت بەجوانکاری. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تابلۆیەکە وەك شاکارێکی جیهانی سەنگی خۆی هەیە. تەنانەت لەهەموو ئەو کارانەش ناودارترە کە بۆ ریکامیێە کێشراون.
ساڵی 1951 (ژانێ ماگریت) ی نیگارکێش بەهەمان ژینگەی کارەکەی دەیقد تابلۆی (رونگە: مەدام ریکامیێە لەدەیقدەوە) ی کێشا. لێرەدا نیگارکێش هاوشێوەی بەرهەمە سوریالییەکانی دیکە هەمان ناوەرۆك و بابەتی کۆکردێتەوە بەڵام بەچەشە و ناونیشانی دیکە. لەشوێن خاتوونی ناوبراو تابوتێکی شێوە نامۆی لەسەر هەمان قەنەفە داناوە. بۆ لەیەکچوونی زیاتری نێوان هەردوو دیمەنیش پاشماوەی کراسە سپیە شۆبۆوەکەی خاتوو ریکامیێە لەژێر تابووتەکە بۆ سەر زەویەکە درێژبۆتەوە. ئەو بەرهەمەش وەك کارێکی نوێی شێوەکاری پێگەی دیارە و دوای تێپەڕینی ئەو ماوە درێژە چیرۆکە کاریگەرەکەی کارەکەی پێشووی بەبیر بینەران هێناوەتەوە.

دەیفد:
جاك لویس دەیفد (1748- 1825) ی نیگارکێشی فەرەنسی بەیەك لەبلیمەتەکانی نیگار دادەنرێت. بەهۆی گەڕان بەدوای کەلەپووری کلاسیکی گریکی و ڕۆمانی کۆن و داڕێژتنەوەیان بەشێوەی نوێ، توانی قوتابخانەی کلاسیکی نوێ دابمەزرێنی. ئەوسا جارێی ئەوەیدا دەستنیشانکردنی ساتی درامی و بەکارهێنانی لەناو تابلۆ، بنەمای سەرەکی کلاسیکی نوێیە. بەو کارەشی شێوەکی گەورەی بەسەری ڕەوەوی ڕۆکۆکۆ هەڵگیرساند. زیاد لەهەموو هونەرمەندێکی ئەو ڕەوتە نوێیەش، زیاتر هەوێیدا هونەری ڕۆمانی زیندووبکاتەوە. زۆربەی تابلۆکانیشی کە بابەتی مێژوویی و ئەفسانەییان گرتەخۆ، بارگاوین بەپەیامی جۆشدارانە و دروشم و ناوەڕۆکی سیاسی و نیشتمانی. لەناو زۆربەشیاندا زیاتر لەهەنگ، جەختی لەسای ئەندازەیی و هێل دەکرد. هاوکات لەکێشانی پۆرترێتیش لێهاتوو بوو. بەدەر لەهونەر، لەکاتی شەشە مەزنەکەی وڵاتەکەی، زیاد لەهەموو نیگارکێشێکی دیکە، ڕۆڵی کارای گەلا و مکوڕانەش بانگەوازی بۆ چاکسازی سیاسی رادیکالی و ڕامایینی دەسەڵاتی ستەمکار دەکرد. لەسەردەمی ناپلیۆنیش بەتوندی جلەوی هونەری شێوەکاری وڵاتەکەی گرتبوو.

ماگریت:
ڕێنێ ماگریت 1898 -1967 ی بەلجیکی لەنیگارکێشە هەرە دیار و کاریگەرەکانی سەدەی ڕابردووە. لەهونەری شێوەکاری، بەرامبەر بەسەلڤادۆر دالی، بەجەمسەرەکەی دیکەی ڕەبازی سوریالی دادەنرێ. بەڵام سوریالییەتی ئەو لەهی سوریالییەکانی دیکە جیابوو. جۆرێك لەدەربڕینی نەست، یاخود دەربڕینی خەونەکان نەبوو. بەکو هەڵزنانەی هەستییانەی کەلوپەلە کۆشراوەکان بوو. لەناو سوریالییەکانیشدا تاکە هونەرمەند بوو واقیعیانە وێنەی دەکێشا و شێوە و چەشەی وەهاشی بنیاد دەنا کە پێشتر نیگارکێشان بەلایدا نەچووبوون. ئەو ستایلێکی وەهای گرتبووبەر کە بەمەبەستی گەیشتن بەبنیاتی کەش و هەوای سوریالییانە، هەموو هێکارێکی لەخشتەبردنی چاوی بەکاردەهێنا. بەهۆی خەیاڵی قووڵیش توانی سەرچاوەیەکی هونەری وەهای بۆ بدزێتەوەی لەناویدا پێکهاتە هەماییە بکۆتاییەکان دەستەبەر بکات. هەر بۆیە سوریالییەتیەکەی بەهەڵگری هزری و شاعیریەتی دادەنرێت. لەتابلۆکانیدا پەنجەرەی وەهای بۆ بینەر کردەتەوە تاکو لەناویاندا بچێتە ناو لایەنە تاریکەکانی هۆش. واتا لەناویاندا ئەوانەی نیشانداوە کە ناکەونە بەر دیدە. لەکاتی

دیارنەمانی هەستیش، ڕگەیەکی وەها دەخەنە سەرپشت کە لەشوە باو و زانراوەکان گەلك دوورتر دەچن. زیاتریش بەو کارانە ناوبانگی دەرکرد کە لەناویاندا هەوێداوە توخمە ئاساییەکان لەچکەی نائاسایی نزیك بکاتەوە تا واتای نو ببەخشن کە پشتر نەزانرابوون. بەوەش هەم بینەر ناچار دەکات زڕ بەوردی لەناوەرکەکان بڕوانێ، هەمیش بۆ خۆی بووە نیشانەیەکی جیاواز لەمژووی سوریالیدا.

ئاکۆ عەبدوڵا



عەلی و نینۆ لەنۆوان ئەدەب و هونەردا.. ئاکۆ عەبدوڵڵا

عەلی و نینۆ، وەك كورتە ڕۆمانێكی چڕ و پوخت. یەكێكە لەشاكارە دیارەكانی ئەدەبی قەفقازی. تێیدا لەنێو كەشی گەرمی خۆشەویستی بێ هاوسەر و نیشتمان، ئەو بەربەست و ئازارانە دەخاتە بەردیدە كە ڕژێمی فەرمانەوای ڕووسی لەسەردەمەكانی قەیسەری و سۆڤییەتی، واتا لەگەرمەی جەنگی یەكەمی جیهانی و جەنگی ناوخۆ، لەنێوان ساڵی 1918 تا ساڵی 1920 خستبوویانە بەردەم باكۆی پایتەختی ئازەربایجان. داستانێكی خۆشەویستی و بەرگریكردنە، لەنێوان (عەلی خان شێرقانشێر) كە لەخانەدانێكی موسوڵمانی شیعەی ئازەری ڕەسەن فارسە و لەنێوان شازادە (نینۆ كیپانی) مەسیحی ئارسۆدۆكسی جۆرجی. ئەوانە كە لەباكۆ هاوپۆلی خوێندن بوون پێوەندی خۆشەویستی لەنێوانیان دێتە ئارا و شەیدای یەكتری دەبن. دوای پرس و ڕای زۆر، هەردوو ماڵباتەكە بەهاوسەرگیریان ڕازی دەبن، بەو مەرجەی نینۆ خوێندنی تەواو بكات. باوكی عەلیش بەو مەرجەی ڕازی دەبێت (عەلی نوێژ كات و مەی نەخواتەوە و كاری باش بكات و لەپێناو بیروباوەڕیش بجەنگێ و ڕێگاش بەدوژمن نەدات دەستدرێژ بكات).

كاتێك كاروبارەكان بەباشی بەڕێوەدەچوون كۆڵكی مەسیحی ئەرمەنی دەوڵەمەند كە (نەخارەیان) ی ناوە و هاوڕێی عەلی بوو دێتە نێوانیان بێ نموونە لای باوكی نینۆ باسی هەڕەشەی زۆری دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ڕووسی بەسەر ماڵباتی شێرقانشێری لە ئێراندا دەكات و بەگوێدا دەخوێنێ هاوسەرگیری كچەكەی لەگەڵ عەلی دەبێتە مایەی گرفت لەنێوان ئەوان (كیپانی) و حكومەتی ڕووسی. ئەمەو كە ڕووسیاش لەساڵی 1914 چووەتە ناو بەرەكانی جەنگی یەكەمی جیهانی، هەندێك لەهاوڕێكانی عەلی چوونە ریزەكانی سووپا بەناو كاتێك دەوڵەتی عوسمانیش دژی ڕووسیا چووە جەنگەكە، ئەوان تووشی بارێكی نائاسایی دەبن، هەرچەندە عوسمانییەكان سونین و ئازەریەكانیش شیعە.

نەخارەیان بێ بەدیهێنانی مەبەستە شاراوەكانی ڕژێمێك بەئوتۆمبیلەكەی دەیەوێت نینۆ بفڕێنێ، ئەوە بوو بێ دەرەوەی شاری باكۆی برد. كاتێكیش ئەو هەواڵە بە عەلی دەگات بەپەلە و بەئەسپێكی خواستراو دوای دەكەوێت تا پێیاندەگات. دوای ڕووبەڕووبونەوە عەلی بەخەنجەرەكەی دەیكوژێت. بەوەش ناچار بەرەو چیاكانی داغستان دەبێت ڕابكات و لای خزمەكانی لەگوندێك دانیشتە دەدرێت. دوای ماوەیەك

بەیارمەتی کەسێکی خزمی عەلی نینۆ دەگاتە ئەو گوندەی سەخت و دوورە دەستە. لەوێدا لەگەڵ عەلی هاوسەرگیری دەکات. بەو جۆرە لەشازادەییەوە دەبێتە ژنێکی گوندی و خەریکی کاروباری ناوماڵ و هێنانی ئاو و سەختەکانی دیکەی ژیانە دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەختیارانە دەژیەن.
دواتر هەواڵ بەعەلی دەگات قەیسەر نیکۆلای دووەم لەدەسەڵات لادراوە و باکۆش لەبەردەم هەڕەشەدایە. ئەمەو ماڵباتی نەخارەیانیش بەرەو ئەرمینیا باریان کردووە. بۆیە عەلی بڕیار دەدات بۆ بەرگریکردن بگەڕێتەوە باکۆ. ئەوسا سوپا هەڵوەشاوەکەی رژێمی پێشوو کە بەدوای تاڵانێدا دەگەڕان بەسەر شاری باکۆدا دەدەن و دوای رووبەڕووبوونەوەی سەخت، عەلی و نینۆ رادەکەن و ماڵەکەشیان وێران دەکرێت. نینۆ لەوڵاتی ئێران رۆژانێکی ناخۆش لەکۆشکێکی داخراو بەسەر دەبات. دواتر عەلی پێی دەگاتەوە و لای مامی ماوەیەك دەمێنێتەوە کە مامی لای شای ئێران پێگەی بەرز بوو. کاتێکیش نینۆ دەبێنی هاوسەرەکەی ڕووروسمی عاشورا ئەنجامەدات و جەستەی خەڵتانی خوێن دەکات، زۆری پێناخۆش دەبێت. دوای ئەوەی هەواڵی ئەوشیان پێدەگات هێزەکانی عوسمانی ئازەربایجانیان کۆنترۆڵ کردووە و باکۆ ئازاد کراوە. ئەوسا عەلی و نینۆ دەگەڕێنەوە باکۆ. هاوکات جاڕی کۆماری ئازەربایجانی دیموکراتی دەدرێت. نینۆ ئەرکی نێژەنکردنەوەی خانووەگەورەکەی بنەماڵەی عەلی دەگرێتە ئەستۆ و عەلیش لەلایەن (فتالی خان هویسکا) ی یەکەم سەرۆك وەزیرانی ئازەربایجان، لەوەزارەتی دەرەوە دەکرێتە پاشکۆی نووسینگەی ئەوروپای ڕۆژئاوایی حکومەت. بەڵام هێندەی پێناچێت، سووپای تورکی ئەو شوێنەش بۆ هێزی ئینگلیزی چۆڵ دەکات کە ئەوان وەك هێزی پارێزەر هاتبوون. لەبەر ئەوەی عەلی و نینۆش زمانی ئینگلیزییان دەزانی بۆیە هاوکاریان کردن. ئەوسا نینۆ خەونی بەوە دەبینی لەباڵوێزخانەی شاری پاریس کار بکەن. دوای وەستانی جەنگەکە هێزی ئینگلیزی ناوچەکەیان جێهێشت و دانیشتوانی ئازەربایجانیش هاوشێوەی ئێمەی کورد و گەلانی دیکەی ئەوسا، چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بەندەکانی سیڤەر بوون. بەڵام سوپای سووری سۆڤییەتی بەمەبەستی ڕووخانی کۆمارەکە و سوودمەندبوون لەتەواوی نەوتەکەی یەکسەر هێرش دەکاتەوە سەر باکو و هەوڵی لکاندنەوەی بەسۆڤییەتەوە دەدات. بەوەش باکۆ داگیر دەکرێتەوە و عەلی و نینۆش بەرەو شاری گەنجە ڕادەکەن. دوای ئەوەی سوپای سۆڤییەتی دەگاتە ئەو شوێنەش، عەلی ئەو جارە نینۆ و کچەکەی بەرەو جۆرجیا دەنێرێت و بۆخۆشی لەگەڵ ئازادیخوازەکان چەکی بەرگری هەڵدەگرێت، تا شەهید دەکرێت دەجەنگێت.
وەك دەردەکەوێت ناوەرۆکی ئەو داستانە تەنیا چیرۆکێکی ئاسایی

خۆشەویستی نییە بەلکو سیمبولێکە بۆ ناسنامە و سازانی نەوان کەلتوورەکان و ئایینەکان. نەوان رۆژهەلات و رۆژئاوا. نەوان دواکەوتوویی و ژیانی نو. نەوان بیابان و چیا. نەوان پابەندبوون بەداخوازی دۆ و دەستبەردارنەبوونی بیروباوەڕ. نووسەر جەختی لەسەر دوو جۆر خۆشەویستی کردووە. یەکەمیان خۆشەویستی کوێرانەیە بۆ ئاشقەکەی. دووەمیش خۆشەویستی هەمان کۆ بۆ نیشتمانەکەی. ڕۆمانێکە قەفقازی تێدا بەرجەستەیە. ئەو خاکە پڕە لەداستان و ڕەگەز و ئایین و کەلتووری جۆراجۆر. هەر بۆیە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و چێژکی میللی تێدا دەبینین، بۆ نمونە لەئاوارە خوانێکی ناو مالی کیپانی، نەخارەیان لەناو ئاپۆرەی ئامادەبووان وەك گاڵتەکردن ڕوو لەعەلی دەکات و دەڵێت : "هەڵە لەچیا و بەوریش لە جەنگەڵەکان دەردەچن، ئەی لەبیابان چی هەیە؟" مەبەستی لەبیابان خاکی ئازەربایجانە. عەلیش لێزانانە وەڵام دەدات و دەڵێت : "شەڕ و جەنگاوەرەکانی لێ دەردەچێت.
شایانی باسە تا ئێستا نووسەری ڕاستەقینەی ئەو شاکارە نادیارە. هەندێك لەو بۆچوونە (لیف نوسیمباوم 1905 – 1942) نووسەری ئازەری نووسیویەتی کە ناوبراو لەبەر هۆکاری سیاسی لەژێر ناوی خواستراوی (ئەسعەد سەیدEssad said) بابەتەکانی دەنووسی. خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی گرنگە، لەوانە (خوێن و نەوت لەڕۆژهەڵات)، (دوانزدە نهێنی قەفقاز)، (ڕووسیای سپی)، (زەڵەی هەش) و (مانوڵا). بەڵام زۆرینەی شارەزایان لەو بۆچوونەن نووسەری ئەو شاکارە (یوسف ڤیزێر شامانزامینلی 1887 – 1943) نووسەر و دیپلۆماسکاری ئازەربایجانییە کە ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی بەناوی خواستراوی (قوربان سەید Kurban Said) دەینووسی. زۆر ئەدگاری پاڵەوانی ڕۆمانەکەش بەکەسایەتی ئەو نووسەرە دەچێت. هەر لەڕووبەڕووبوونەوەوە تا دەگاتە قوربانی دان. هەندێك دەڵێن تەنانەت ناوە خواستراوەکەی قوربانیش لەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو نووسەرە ڕاوێژگاری دادوەری بوو. ساڵی 1920 دوای ئەوەی سوپای سۆڤیەتی بەرەو ئازەربایجان چوو، لەبەر بۆچوونە سیاسییەکانی دژ بەسۆڤیەت، وڵاتی جێهێشت و لەتاراوگەش بۆ ئەوەی نەناسرێ و دەستگیر نەگرێت زۆربەی بەرهەمەکانی بەناوی خواستراو بڵاوکردەوە. لەوانە (قوتابییان) و (بەهاری کچان) و (لەنێوان دوو ئاگردا). ساڵی 1925 مەتەی گەانەوەی بەرەو باکۆ پێدرا. ساڵی دواتر گەاوە. ئەوسا ماوەیەك لەزانکۆی باکۆ وانەی زمانی ئازەری وتەوە. زۆر بابەتیشی لەزمانی ڕووسی بۆ ئازەری وەرگێڕا. ساڵی 1934 بەشداری لەکۆکردنەوەی یەکەم فەرهەنگی ڕووسی – ئازەری کرد. ساڵی 1937 لەکاتی هەمەتی پاکتاوکردنی ئەدیبانی دژ بەئایدیای ، بەهۆی ناوەڕکی ڕۆمانەکانی،

هاوشێوەی کەمەیك ئەدیبی دیکە دەستگیر کرا و ماوەی هەشت ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا. دوای بەسەر بردنی سێ ساڵ، بەهۆی بەدخۆراکی و ئازارەکانی جەستە لەئێردوگای غولاغ، گیانی سپارد.
سەرەتای بڵاوکردنەوەی عەلی و نینێ بۆ ساڵی 1937 دەگەڕێتەوە کە (ئی پی تال ڤێرلاگ E.p.Tal. Verlag) لەڤییەننا بەزمانی ئەڵمانی چاپیکرد. دواتر لەپێش چاوی خوێنەران وون بوو، تا ساڵی 1970 خاتوو (جێنیا گرامان Jenia Graman) لەکتێبخانەیەکی کۆنی ئازەربایجانی دەیدۆزێتەوە و وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەوسا هێندەی پێناچێت بۆ کەمەڵەك زمانی دیکە وەردەگێدرێت. ئەمەش وەك ئایکۆنێکی سەنگینی کەماری ئازەربایجانی دیموکراتی سەیری دەکرێت.
سەبارەت بە تەنینەوەی ئەو شاکارەش بۆ ناو کاری هونەری ساڵی 2016 لەبەریتانیا بەهەمان ناوی عەلی و نینێ کرا بەفیلم. کریستۆفەر هامپتۆن سیناریۆکەی داڕێژت و ئاسەف کاپادیای دەرهێنەری بەریتانی رەسەن هیندیش، دەریهێنا. وێنەی دیمەنەکانی لەتورکیا و ئازەربایجان گیراون. ئادەم بەکری ئەکتەری فەلەستینی و ماریا ڤالڤردی ئەکتەری ئیسپانی لەتەك ریکاردۆ سکامارچیۆ و هەمایۆن ئەرشەدی و ماندی باتینکین و کۆنی نیلسن و کەمەڵەك ئەکتەری دیکە، ڕۆڵە سەرەکییەکانیان تێدا بەرجەستە کردووە. ئەمەو پێشتریش وەك شکۆدارکردنی داستانەکە، خاتوو (تەمارا کڤیسیتادزی) ی پەیکەرسازی جۆرجی ساڵی 2007 دیزانی بۆ پەیکەرێکی دووانەیی کوێ و کچێك بەناوی (پەیکەری خۆشەویستی) داڕێژت و ساڵی 2010 لەشاری باتۆمی سەر دەریای ڕەش، چەسپاندی. هەردوو بەشەکەی پەیکەرەکە لەپارچە شووە بازنەیین لەپڵا دروستکراون. بەرزییەکەیان هەشت مەتر و کێشیشیان حەوت تەنە. ئەو دوو پەیکەرەی لەرێگای تەکنیکی کارەبایی بەردەوام لەبنەکەکەیانەوە لەخوێگەیەك دەسوڕێنەوە تاکو لەکاتژمێر حەوتی ئێوارەی هەموو ڕۆژێك بەهێواشی ئاوێتەی یەکتر دەبن. سەرەتا وەك ئەوە یەکتری ماچ بکەن دواتر یەکتر لەئامێز دەگرن. ئینجا یەکتری دەبڕن و لە لەنگەری سووڕانەوەی خۆیان دەستبەرداری یەکتری دەبن و پشت لەیەکتری دەکەن، وەك ئاماژەکردنێك بۆ ئەوەی هیچ شتێك لەخۆشەویستیدا بەردەوام نییە.
ئەو کارە هونەریە بۆتە ڕووگەیەکی دیاری گەشتیاری و شارستانی شارەکە. ڕۆژانە زۆری گەشتیار لەدیار ساتی ئاوێزانبوونی هەردوو پەیکەرەکەی دەوەستن و بیریش لەساتە سەختەکانی چیڕۆکی خۆشەویستی تراژیدی ناو جەنگی یەکەمی جیهانی دەکەنەوە.

ئاکۆ عەبدوڵا

سیڤاگ دەنگۆ کاریگەرەکەی شیعری ئەرمەنی.. ئاکۆ عەبدوڵا

ئەمە کەمینەین بۆ ئەرمەنین
دەزانیین چەن خزمەتی کەسانی دیکە بکەین
هەروەها لەچەنیەتی گۆران بەرەو شمشێریش دەزانین
تا لەهەناوی ئەوانەی گیرکەین کە دژایەتیمان دەکەن

ئەوەی سەرەوە سەرەتای چامەیەکی ناودارە لەئەدەبی هاوچەرخی ئەرمەنی. سیڤاك دایەشتووە و تێیدا لەزوخاوی قەتل و عامی ساڵی 1915 ی گەلەکەی لەلایەن عوسمانییەکان هەڵچووە. شاعیر لەو بەرهەمەدا زەر بەلەزانی رابردوو و ئایندەی خاك و خوێن و ژیانەوەی گەلەکەی و بابەتکانی دیکەی وەك ژیان و خۆشەویستی ئاوێتە کردووە. بەیە ئەو بەرهەمەی لەسەر زاری هەموو ئەرمەنییەکە. ناوبراو وەك شاعیر و وێرگێ و ڕەخنەگری ئەدەبی، بەدیارترین دەنگی شیعری هاوچەرخی ئەرمەنی دادنرێ. وەك شاعیرێکی نوخوواز، وەنێ شیعرییەکانی کە لەنەوان داستانی و مۆژووییەن، لەتەکنیکی شیعری نوێ هەیەهنجاوە. زەربەشیان ڕەنگدانەوەن بۆ ئازارەکانی گەل. بەتایبەتیش لەو ستەمە گەورەیەی کە بەناوی قەسابخانەی ئەرمەنییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە ناسراوە.
باڕیێر گازاریان Barouyr Ghazarian ی ناسراو بەپاروێر سیڤاك Paruyr Sevak ڕۆژی 24 ی کانونی دووەمی ساڵی 1924 لەخزانێکی جوتیاری گوندی تشانختشی هەرمی ئارارات ئەرمینای یەکێتی سۆڤیەتی ئوسا هاتدونیا. دواتر لەبەر ئەو، ناوی ئەو گوندە گۆڕا بەسیڤاگاڤان و ئێستاش زانگاکاتونی پێدەڵێن. سیڤاك تاقانە بوو، باوکیشی گرنگی زەری پێدا. ساڵی1930 خرا بەر خوێندن. هەر زووش بەهرەی هەنینەوەی شیعری لێدەرکەوت. دوای ئەوەی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی تەواوکرد، ساڵی 1940 چووە کۆلیژی مامۆستایانی زانکۆی یەریڤان. ساڵی 1942 یەکەم چامەی لەڕۆژنامەیەك بڵاوکردەوە. ئوسا لەبەر خۆشەویستی و سەرسامبوونی بە (روبین سیڤاك) ی شاعیری گەورەی ئەرمەنی کە لەکەمەکوژییەکەی ئاماژەمان پێدا لەناوچووبوو، ناوی سیڤاکی وەك نازناو بەکارهێنا و لەو ساوە بەو ناوە بەرهەمەکانی بڵاوکردەوە و پێی ناسرا.

ساڵی 1945 دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆی یەریڤان، لە پەیمانگەی مانوك ئابیجیانی ئەکادیمیای ئەرمەنی بە زانست، لە ئەدەبی ئەرمەنی سەرقاڵی خوێندنی باڵا بوو. ساڵی 1948 دیوانی (فەرمانی نەمرەکان Immortals Command) ی بڵاوکردەوە. کە تێیدا دەڵاوکێی خۆی سەبارەت بەو قۆناغەی ژیان نیشانداوە. هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ مایا ئاقاجیان هاوسەرگیری کرد. هاوکات وەك نووسەر لە ڕۆژنامەکان بابەتی بڵاودەکردەوە. ساڵی 1951 بە خوێندن لە پەیمانگەی مەکسیم گۆرگی بە ئادابی جیهانی، چووە مۆسکۆ. لەوێدا بەخاتوو (نیللی میناجاریشڤیلی) گۆیشت دواتر، هاوسەرگیری لەگەڵ ئەویش کرد. ساڵی 1953 دیوانی (ئینتیمای سازش نەکراو Uncompromising Intimacy) و ساڵی دواتریش دیوانی (ڕێگەی خۆشەویستی Love Road) ی بڵاوکردەوە. ساڵی 1955 لە پەیمانگەی گۆرگی خوێندنی بەکۆتا گەیاند. ساڵی 1957 دیوانی (جارێکی دیکە لەگەڵ تۆ) ی بڵاوکردەوە. لەو ساوە تا ساڵی 1959 لەشاری مۆسکۆ بەوەرگێڕانی بابەتە ئەدەبییەکان خەریك بوو. هاوکات چامەکانیشی لە ڕۆژنامە ئەرمەنییەکانی سۆفیەت بڵاودەکردەوە. دواتر گێڕاوە یەریڤان و داستانە چامە نیشتیمانییە ناودارەکەی (زەنگۆکەی بەدەنگ نابە The Unsilenceable Belfry) ی بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەدا بەتەواوی لەچوارچێوە و فەرمی شیعری کلاسیکی ئەرمەنی دەرچوو. لەهەردوو بواری ستایل و بونیاد دا ڕێگای نوێخوازی گرتووە. هەروەها بەناو بابەتەکانی بونگەرایی ڕەچوو. بەتام لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاریی لە پرسی ناسنامەی نەتەوەکەی کردووە. ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمەی لەزامە تاڵەکانی قەسابخانەکە وەرگرتووە و لەوەشدا بەوردی چەتە ناو ژیانی (کۆمیتاس ڤارداپەت Komitas Vardapet) ی میوزیکاری ئەرمەنی و چارەنووسە ڕەشەکەی. بەبەچوونی خۆشی نووسین لەبارەی کۆمیتاس، نووسینە لەبارەی گەلی ئەرمەنی بەخۆشیەکان و ناخۆشیەکانیەوە. بەرابردوو و ئایندەیەوە. هەروەها لەڕگەی ئەو کەسایەتیەش پەردەی لەسەر پرسی نیشتمانی دزراو هەڵماڵیوە و بەواشی بەوبووە ڕەژنەك دادە ئازارەکان کەتایان پێدەت.
ساڵی 1963 وەك تۆژەر لە پەیمانگەی (مانوك ئابیجیان) ی ئاداب دامەزرا. هاوکات دیوانی (Man in a Palm) ی بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەدا ناز و سۆزی دایك بەرجەستەیە. وەك چۆنکە مرۆڤی لەناو پەلی مرۆڤ ئاخنیوە تاکو لەگەڵیدا واتاکانی خۆشەویستی و جوانی و هیوا لەکەداتەوە. لەووی ستایلیشەوە لەو بەرهەمەش لەگەڵ کلاسیکیەکان دەرچووە و ئاسەی نوێی لەبەرامبەر شیعردا کردەتەوە. ساڵی 1966 بەسکرتێری ئەنجومەنی یەکێتی نووسەرانی ئەرمەنی دیاریکرا، تا کۆتایی ژیانیشی لەو پایەیە ماوە. ساڵی دواتر

لەئەنجامی ئامادەکردنی تێزێك لەبارەی (سیات نەقا) ی شاعیر و میوزیککاری ناوداری ئەرمەنی کە یەکێك بوو لەسیمبووڵکانی ئەو نەتەوەیە لەسەدەی هەژدە، دکتەرای بەدەستهێنا. ساڵی 1968 لەئەنجومەنی باڵای سۆڤیەتی ناو کۆماری ئەرمینیای سۆشیالیستی سۆڤیەتی، وەك ئەندام دیاریکرا. ساڵی دواتر توێژینەوەکەی لەدوو تەی کتێبەك بەناوی (سایات نەقا Sayat Nova) بەاوکردەوە. هەروەها دیوانی (با رووناکی هەڵکات Let There Be Light) یشی بەاوکردەوە. لەوەی دوایی لەجیهانی ماسکدار و ئامەرکان، بانگەوازی بە خۆشویستی و ئاشتی و سۆز و بەزەیی کردووە. بەوپەڕی راشکاوانەش هەوێداوە روانینی بە جیهان و ژیان بەحەقیقەتی خۆیان و دوور لەماسك بخاتەوو. ساڵی 1971 دیوانێکی شیعری تایبەت بەمندالان بەاوکردەوە. بەو جۆرە بەردەوام بوو تا لەگەڵ 17 ی حوزەیرانی ئەو ساڵە لەگەڵ گەلانەوە بەرەو یەریقان دووچاری پەکدادانی ئوتەمبیل بوو، بەهەیەوە خۆی و نیللی هاوسەری کەچی دواییان کرد. زۆر لەشارەزایان و خەڵکی ئاسایی ئەوسا و ئێستا. گومانیان لەسرووشتی ئەو رووداوە هەیە و بەمردنی پلان بۆ داڕێژراو لەلایەن رژێمی سۆڤیەتی ئەوسای دادنەن کە دەیەویست دەنگی سیڤاك کپ بکات، چونکە لەسانەی دوایی رۆخنەی زۆری لەگەندەڵیەکانی ناو دامەزراوە سۆڤیەتیەکان دەگرت. هەرچەندە کەسێکی لادەر یاخود شەڕەنگێزی رادیکالیش نەبوو، تەنیا شاعیرێك بوو بە ئەرمینیا دەیخوێند.
جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدا، سیڤاك کەمێك چامە و داستانی دیکەی نووسیوە کە لەناویاندا رەهەندی فەلسەفی و گیانی نیشتمانی ئەرمەنی ئاوێتەکردووە. هەروەها زۆر بەرهەمی بە زمانی ئەرمەنی وەرگێڕا، لەوانە بەرهەمەکانی پوشکین. زۆر وتاری رۆخنەیشی لەبارەی شاعیرانی وەك (ناریکاتسی) و (کوتشاك) نووسی. دوای مردنیشی کتێبی (خۆشویستی سیڤاکی گەورە) بەاوکراوە تێیدا ئەو نامانە هەیە کە بە سولامیتای ناردووە. ئەو تاکە ژنەی کە بەبەهیوا و بەبێ سستی خۆشی دەویست. ساڵی 1984 فیلمێکی دیکۆمینتاری بەناوی (پارویەر سیڤاك) لەلایەن لیڤەن مکرتشیان لەبارەی ئەو دەرهێنرا.
سیڤاك لەمژووی ئەدەبی ئەرمەنی کەسێکی جیابوو. بەوپەڕی بوێرانە توانی لەبابەتە کلاسیکەکانی داڕێژتنی شیعری دەرچێت و ڕێچە بشکێنی و بەبابەتە فەلسەفییە نوێیەکان، کاوەژنێیکی نوێ لەبەرامبەر شیعر بکاتەوە. بەو بابەتانەش کە خستیەووە بەتە ئینسکلۆپیدیای مرۆڤایەتی، چونکە لەبارەی زەربەی دەخەکانی دەروونی مرۆڤی نووسیوە کە خوێنەر بەوێنە جوانیەکانی شیعری و توانستە بەرزەکەی لەبونیادنانی دژبەیەکە جوانەکانی نەوان دیاردە جەراوجەرەکان، سەرسام دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو بەنموونەیەکی نامەی ئەو

ڕەشنبیرانە دادەنرێ کە لەماوەی فەرمانڕەوایی ڕژێمی تۆتالیتاری لەیەکێتی سۆڤیەت دەرکەوتن. ڕاستە ئەویش وەک زۆرینە، بووە کۆمونیستی، بەڵام لەشیعرکانی هەردەم شەڕشگێڕ بوو دژی (خوداوەندی سەختە) دەهاتە گۆ. هەروەها نیشتمانپەروەرییەکەی تەواو پێچەوانەی بیرکەی تۆتالیتاری بوو.

بەشەک لەچامەی (چاکترین) ی سیڤاک

چاکترین زەردەخەنە، بەدەنیایی وە
زەردەخەنەیە بەچاوی داخراو
چاکترین خوونکانیش
خوونکانن بەچاوی کراوە
بەڵام چاکترین گرانی
ئەو گرانییەیە کە لەدوورەوە دێت
بەناو پەنجەرەیەکی پەردەدار دا
پاراوترین قسەش
ئەو قسەیەیە کە لەوپەڕی بێدەنگی، دەردەبڕێ
لەوانەشە چاکترین گەل
ئەو گەلەیە کە ئیمپراتۆریەتی فراوانی نییە
چاکترین بەواش
ئەو بەوایە کە بگەڕێت بەرەو ئایین
چاکترین ماسکیش، بێبە گومان
رووی مرۆڤە
چاکترین نواندنیش
نواندنی سەرنەکەوتوو
چاکترین خۆشەویستیش
ئەو خۆشەویستییەیە کە هەشتا تەواونەبووە
چاکترین ئازار و ناخۆشیش
ئازاری گوڵە لەگرانی
چاکترین مەیمونیش لەجیهاندا، وەک دیارە
مرۆڤە
چاکترین مرۆڤیش، بێبە گومان
بەئەو مەرجەتم بدەن … منم

کاهلۆ لەنێوان هونەر و ژیانی سەختدا.. ئاکۆ عەبدوڵا

کاهلۆ لەگەڵ دیگۆ ریڤیرای هاوسەری، لە بەجیهانی کردنی نیگاری هاوچەرخی مەکسیکی، رۆڵی دیار و گەورەیان گێڕاوە. نیگار کەشیەتی کاهلۆ لەحەزی خەرسك و ئیلهام و خوێندنی ئەکادیمییانە نەهاتە ئارا، بەڵکو تووشبوون بەکارەسات و کەوتنی لەناو جێگا، وەهایان لێکرد ببێت بەنیگارکێش. واتا لەو جێرە کەسانەیە کە لەلایەن خەیان و بە کات بەسەربردن و دەربڕینی ئازارەکانی ناخ، فێر دەبن. ئەوسا نیگاریش تاکە دەروازە بوو بۆ خەمڕەوێنی و ناخشیکانی. بەیە تابلۆکانی ئاوێنەی هەستەکانییەتی. لەتەك گرنگیدان بە بابەتی گوزارشتکەر و دەربڕی ناخشیکان و سرووشتی کپ و پەرتەتی کەسانی دەوروبەر، زیاد لەهەموو بابەتکی دیکە، پەرتەتی خۆی کەشاوە. لەو بارەوە دەیوت : "خودی خەم باشترین بابەتە بیناسم". زیاتریش لەناویاندا بەتەنیایی و بێشوێی نائاسایی دەری بڕیوە. بەبڕی پانی بڕیکەوە لکاو و سمێڵ دیارکەی. لەو کارێشیدا مەبەستی ئەوە بوو نکەوێتە ژێر باری ڕەساکان و ببێت بەئایکۆنکی تایبەتی. لەوێشدا سەرکەوت.

ماگدالینا کارمەن فریدا کاهلۆ Magdalena Carmen Frida Kahlo ناسراو بەفریدا کاهلۆ Frida Kahlo ڕۆژی 6 ی تەممووزی ساڵی 1907 لەکۆیەاکانی دەوروبەری شاری مەکسیکۆ ستی هاتە دنیا. دواتر وەك شانازی کردن بەساڵی هەڵگیرسانی شۆڕشی زاباتای وەاتەکەی، ڕەکەوتی لەدایکبوونی گێڕی بەساڵی 1910. گیلیرمو کاهلۆی باوکی، جولەکەیەکی بەرەسەن ئەمانی بوو، ستۆدیۆی فۆتۆگرافی هەبوو. ساڵی 1913 نیشانەکانی دووچاربوون بەئیفلیجی لەکاهلۆ دەرکەوت، بەهۆیەوە ماوەی ساڵێك کەوتە ناو جێگە. دواتر وردە وردە بەسەر پێ کەوتەوە. بەڵام کاریگەری ئەو نەخشیەی هەردەم پێوە دیاربوو بەتایبەتی لەقاچی ڕاستیدا، بەیە ناچار بوو لەڕێگەی گەڕەوی، نامۆیی قاچەکانی بشارێتەوە. لەکاتی خوێندندا، باوکی گرنگی زۆری پێدا و لەقوتابخانەیەکی سیستەمی ئەمانی داینا. تا ساڵی 1921 لەو قوتابخانەیە خوێندی. ساڵی دواتر چووە پەیمانگەی پزیشکی، بەو هیوایەی لەئایندە ببێتە پزیشك. ئەوسا بەووخسارە شیرینەکەی و

پەشینی جل و بەرگی تەقلیدی و رەنگا و ڕەنگ و خشل، ناوبانگی دەرکرد. لەوەدا کەمەك لاوی لەگەڵ بوو کە بەبیروبۆچوونی سیاسی خەریك بوون. دواتر زۆربەیان وەك هزرمەند بەدیارکەوتن. هەر لەو ساڵەدا بە یەکەم جار چاوی بە (دیگۆ ریڤێرا 1886 – 1975) کەوت کە لەپێژەی سیمەن بەلیڤاری قوتابخانەی دواناوەندی نیشتمانی، سەرقاڵی کێشانی دیواربەندەك بوو. لەو ساوە کاهلە زۆر سەرسامی ئەو نیگارکێشە ناودارەی وەاتەکەی بوو.
ساڵی 1924 تابلۆی (دەستباشی و خۆشخاش Tray with Poppies) و ساڵی دواتر تابلۆکانی (ژیانی کپ- گوڵکان Still Life (Roses)) و (دیمەنی مەدەنیانە Urban Landscape) ی کێشا. هەر لەو ساڵانە لەگەڵ ئەلیخاندرە ئاریاسی هاوڕێی، کە لەڕێگای قوتابخانەدابوو، ئوتەمبیلێکیان خۆی بەتراموایەك کێشا و بەهەیوانە کاهلە بەسەختی زامدار بوو. لەئەنجامدا بەبەەی پشت و حەوزی شکا و ماوەی ساڵەك کەوتە ناو جێگا. ئەوسا بەمەبەستی کات بەسەربردن و لەبیرکردنی ئازارەکانی جەستە، بەیارمەتی دایکی کە ئاوەنێیکی گەورەی لەبەرامبەری بە دانابوو تاکو بەردەوام بیر لەخۆی بکاتەوە و وێنەی خۆی ببینێ، فڕچەی گرتە دەست و کەوتە کێشان. بەو جۆرە ئەزموونی نیگار کێشانی پیشەیانەی لەسەرچاوەی ئازارکان سەرچاوەی گرت و ئەو کارەشی بووە تاکە دەروازە بە دەرکردنی ئازار و ناخۆشیکانی. بەو جۆرەش لەهیوای پزیشکی بەرەو جیهانی نیگارکێشی هەنگاوی نا!. ئینجا بە ماوەیەك لەستدیۆکەی (فەرناندە فرناندەز دومینەز) ی هاوڕێی باوکی، مەشقی لەهەڵکەندین و چاپ کردن کرد.
ساڵی 1926 پەرتەتی خود بەجلی مەخملی کێشا و پێشکێشی (ئەلیخاندرە) ی خۆشویستی کرد کە ئەوسا ئەو بە ماوەیەك لەی دوورکەوتبوەوە. دواتریش لەبەر کەم و کورتییە جەستەییکانی کاهلە، کەس و کاری ئەلیخاندرە، بەمەبەستی دوورخستنەوەی تەواو لەکاهلە، ئەلیخاندریان بە خوێندن ناردە ئەوروپا. ساڵی دواتر کاهلە تابلۆی (ئادەلیتا، پانچۆ ڤیلا و فریدا La Adelita, Pancho Villa, and Frida) و پەرتەتکانی (مایکەل ن. لیرا Miquel N. Lira) و (ئادریانا Adriana) و (ئاگوستین ئەلمەدە Agustin Olmedo) و (ئالیسیا گالانت Alicia Galant) و (ڕۆس کینتانیلا Ruth Quintanilla) و (Jesús Ríos y Valles) و (ئالیخاندرە گەمەز ئاریاس Alejandro Gómez Arias) و ساڵی 1928 تابلۆکانی (کچێك لەگەڵ مراوی دانیشتوو Sitting Girl with Duck) و (دوو ژن Two Women) ی کێشا. هاوکات وەك زۆربەی لاوانی ئەوسای وەاتەکەی، پەیوەندی بەیزەکانی حزبی کۆمونستی کرد. لەو بازنەیش راستەوخۆ بەدیگۆ ریڤیرا گەیشت. ئەویش سەرسام بوونی خۆی بەبەرهەمکانی

کاهلۆ نیشاندا و هانی بۆردەوام بوونیدا. ئەمەو بۆدیداری (خۆلیۆ ئۆنتانیۆ میلا) ش گەیشت کە ئەوسا ناوبراو وەك دووەمخراوەی شیوعی لەمەکسیك دەژیا.
ساڵی دواتر پۆرترێتەکانی (کچ Girl) و (کچێك شریتێك لەهوری کەمەریەتی Girl with Ribbon Around her Waist) و (ئیسۆلدا پینێدۆ کاهلۆ Isolda Pinedo Kahlo) و (لوپ مارین Lupe Marín) و (ڤیرجینیا، کچی بچوك Virginia (Little Girl)) و تابلۆی (پاسەکە The Bus) ی کێشا. هەر لەو ساڵەدا شووی بەدیبگۆ کرد. ئەوسا زۆر لەکەسە نزیکەکانی کاهلۆ بەو کارەی رازی نەبوون، چونکە لەلایەك جیاوازی تەمەنییان زۆر بوو، لەلایەکی دیکەش ریڤیرا کەسێك بوو لەتەك هونەرەکەی، بۆردەوام لەگەڵ ژنانی داوێنپیس کاتی بەسەردەبرد. دەستبەرداری هاوسەرەکانی پێشووشی ببوو. بۆیە کەسە نزیکەکانی کاهلۆ ئەو هاوسەرگیرییان وەك (فیل و کێتر) ناو دەبرد کە گوایە ریڤیرا لەبەر قەڵەوی و مەزنی بەفیل دەچێت و کاهلۆیش لەبەر بچووکی و ناسکی، بەکێتر دەچێت.
ساڵی 1930 کاهلۆ تابلۆی (ژنێك بەبەرگی سپی Woman in White) و پۆرترێتی خۆی کێشا. هاوکات چوونە سان فرانسیسکۆی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەوێدا داوای کێشانی دیواربەندیان بە بازاڕی بەرسۆ و قوتابخانەی کالیفۆرنیا بە هونەرە جوانەکان لێریفێری کرا. ئەوسا بە یەکەم جار کاهلۆ دووگیان بوو، بەڵام لەبەر باری تەندروستی، پزیشك ئامۆژگاری کرد بەناچاری لەبەر خۆی بڕێت. دواتریش چەندان جاری دیکە دووگیان بوو، بەڵام لەبەر باری سەختی جەستەیی و ئەو هەموو نەشتەرگەریانەی لەدوای رووداوی بەرکەوتنەکە بە جەستەکەی کرا کە زیاتر لەسی و دوو نەشتەرگەری بوو، بەناچاری دەبووایە لەبەر خۆیان بڕێ. بەو جۆرە لەئاواتی دایکایەتی بەبەش بوو کە زۆر حەزی لێ بوو. بەگومان ئەو ئازارەشی لەتەك ئازارەکانی دیکە، لەچەندان کاری هونەری خستەتە ڕوو.
ساڵی دواتر پۆرترێتەکانی (دکتۆر لیۆ ئەلیسەر Dr. Leo Eloesser) و (ئیڤا فرەدریك Eva Frederick) و (خاتوو (جین وایت Jean Wight) و تابلۆی (فریدا و دیگۆ ریڤێرا Frieda and Diego Rivera) ی کێشا. لەوەی دواییدا هەردووکیان بەجلی میللی دەبینرێن. بەبەراورد بەدیبگۆ، کاهلۆ زۆر بچووکتر کیشراوە. دیبگۆ فەچۆ و پانتی لەدەستەکۆ و بەدەستەکەی دیکەش دەستی کاهلۆی گرتووە. شایانی باسە ئەو بڕەهەمەی بە بەرجەستە کردنی هاوسەرگیری بەختیار، وەك ئایکۆن وایە.
ساڵی 1932 پۆرترێتی خود لەسەر لەسواری مەکسیك و ولایەتە یەکگرتووەکان کێشا. تێیدا کاهلۆ لەنوان خاکی مەکسیك و ولایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەستاوە و بەدەستکی ئاسای وەاتەکەی گرتووە. لەبەشی مەکسیك وەنەی سرووشت و خاك و شارستانیەتییە دێرینەکەی دەبینرێ، بەڵام لایەکەی دیکەدا ژیانی شار و پیشەسازی پڕ هاژەهاژی بەرجەستە کردووە کە کاهلۆ نەحزی لێوە دەکرد و نە بەرگەشی دەگرت. هەر لێو ساڵە تابلۆی (نەخۆشخانەی هێنری فۆرد Henry Ford Hospital) ی کێشا. ئەو بەرهەمە ئەدگارەکانی سوریالی گرتەتە خۆی و تێیدا چیرۆکی خۆی لەکاتی لەباربردنی دووەمی بەرجەستە کردووە. لێو دیمەنەدا کاهلۆ بەووتی لەسەر تەختەیەکی نەخۆشخانەی ناوبراو راکشاوە و کەمەنك شتیشی لەتەك دەبینرێ، لەوانە کەرپەڵە، گوڵچکەماسی و گوڵەکی ژاکاو و ئەسکی حەوزی مرۆڤ. هەموو ئەو شتانەش لەناگەی کەمەنك پەتی سوور و پان بەجەستەی کاهلۆ گرێدراون. هاوکات لەتابلۆکانی (لەدایکبوونی من My Birth) و (فریدرا و نەشتەرگەری قەیسەر Frida and the Cesarean Operation) یش هەمان کێشەی لەباربردنی کەپڕۆکانی بەرجەستە کرد.
ساڵی دواتر دوای بیستنی هەواڵی مردنی باوکی، سەزی بە وەات بزوا و پەرتەتەکانی (خود- زەر دزەوە) و (خود لەگەڵ ملوانکە) و تابلۆی (جلەکەم لێوە هەڵواسراوە My Dress Hangs There) یشی کێشا. لێو بەرهەمەی دوایشدا هەست کردن بەتەنیایی دەبینرێ. لەناو دیمەنەکی پڕی بینا و دوو ستووەنی بڵند، پەتەك هەڵخراوە و جلە مەکسیکییەکەی کاهلۆی پێوە کراوە. ساڵی 1933 لەگەڵ ریڤیرا گەڵانەوە مەکسیك. دواتر تا دەهات ناپاکییەکانی ریڤیرا بەرامبەر بەکاهلۆ زیاتر دەبوو، بەیەك هەریەك بەجیا لەدد خانووی تەك یەك ژیان. ساڵی 1935 کاهلۆ پەرتەتەکانی (خود بەقژی لولاوی) و ساڵی دواتر تابلۆی (باپیرم، دایك و باوکم و من My Grandparents, My Parents, and I) و ساڵی 1937 پەرتەتەکانی (ئەلبەرتۆ میسراچی Alberto Misrachi) و (دیگۆ ریڤیرا Diego Rivera) و تابلۆکانی (بەری کاکتی Cactus Fruits) و (من و فولانج چانج Fulang-Chang and I) و (من و پەرستارەکەم My Nurse and I) و (مەن و بووکەکەم Me and My Doll) و (دیماسی مردوو The Deceased Dimas) و (یادەوەری، دڵ Memory, the Heart) و (یادگە Recuerdo) ی کێشا. لەناوەراستی ئەو بەرهەمەی دواییدا وەنەی خۆی کێشاوە کە لەلەواری دەریا وەستاوە و هەوری تاریکی ئاسمانی دواوەی دیمەنەکەی تەنیوە. کاهلۆ قاچەکی لەسەر ئاوەکە ڕاگرتووە. پەڕاوەکەی پێی لەناو ئاوەکە بەتەواوی بەلەمەکی چارگەدار و ئامادەیە لەنگەر بگرێ کە شەپۆلەکان بەرەو ڕوویان دێت. قاچەکەی دیکەشی لەسەر وشکانییەکەیە. لەسەرووشدا شمشێرەکی درێژ کە لەبەشی پشتەوەی فریشتەیەکی بچووك دانیشتووە، سینەی بەیوە و شوێنی دڵەکەی کردەتە کونەکی گەورە. دڵەکەش بەگەورەتر لەقەبارەی خۆی کەوتەتە

سەر زەوی. لەگەڵ ئەو رووداوشدا کاهلۆ بەئاسایی خۆی وەستاوە کە لەتەکیدا دوو جلی ژنانە بەدوو پێت لەئاسمانەوە راگیراون و هەریەکە دەستەکیان لەناودا هاتیتەدەر، وەك ئەوەی تەواوکەری یەکتری بن. لەقاچەکانی کراسەکەی کاهلەش پێنجەکان نابینرێن وەك ئەوەی نەبن. دەستەکەی جلەکەی پشتەوە بەئاراستەی قاچە بەدەستەکەی کاهلۆ درێژبۆتەوە و پەوەی ئاڵاوە.
هەر لەو ساڵەدا بەهەی ریڤەرا، کاهلۆ بالیۆن ترێتسکی سەرکردەیەکی شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسی گەیشت، کە ئەوسا ناوبراو لەدەست ستەمی ستالین، بۆ ئەو وڵاتە دووره رای کردبوو. ئەوسا کاهلۆ پەرتەتی خۆی تایبەت بەترێتسکی کێشا. ساڵی دواتر ئەندریا بریتەنی ناسی کە لەگەڵ جاکلینی هاوسەری هاتبوونە مەکسیك. هەروەها تابلۆکانی (بەرەکانی زەوی Fruits of the Earth) و (کچ و ماسکی مردن Girl with Death Mask) و (یادی بریەنە کراوەکە Remembrance of the Open Wound) و (کەوتنەی خەوارەوەی فڕۆکە The Airplane Crash) و (خۆکوشتنی دۆرسی هێل The Suicide of Dorothy Hale) و (ئەوەی ئاو پێیبەحشیم What the Water Gave Me) و (کاتێك تەم هەیە، ژیان، چەندە خۆشم دەوێی When I Have You, Life, How Much I Love You) و (خۆچڵ، گوڵی ژیان Xochil, Flower of Life) و کۆمەڵێك پەرتەتی دیکەشی بە خۆی کێشا. یەکێك لەوانە خود- چوارچیوەی ناوە کە ئەو بەرهەمەی لەموزەخانەی لەڤەر هەڵواسراوە و بۆتە تاکە بەرهەمەمی ژنە نیگارکێشەکانی مەکسیك لەو موزەخانەیە.
ساڵی 1939 تابلۆی (دوو رووت لەدارستان Two Nudes in the Forest) ی کێشا و پێشکەشی (دەلریس دی لریە) هاوڕێی کرد. سەرەتا ناوی (زەوی خۆیەتی) لێنا. تێیدا ئارەزووە سێکسیەکانی خۆی بە ڕەگەزەکەی نیشاردەتەوە. وەك دەبینرێ ژنێك سەری کردەتە سەرەوەی رانی ژنێکی دیکە و لەبەشایی رایگرتووە. لەپشتەوەشیان لق و گەڵای زەر پانی درەخت و ئاسمانێکی لێ دەبینرێ. هەردوو ژنەکەش رووتن.
وەك ئاماژەمان پێدا ریڤەرا لەناپاکی کردنی لەکاهلۆ بەردەوام بوو. تەنانەت لەگەڵ کریستینای خوشکە بچووکەکەی کاهلۆش دەستی تێکەڵ کرد. بەوەش کاهلۆ ئارامی نەما و وەك کاردانەوە بەدەست تێکەڵ کردن لەگەڵ ترێتسکی وەئامیداوە کە ناوبراو لەماڵی کاهلۆ و لەگەڵیدا دەژیا. ئەوسا کار بەوە گەیشت لەریڤیرا جیابێتەوە و بگەڕێتەوە ناو خانووەکەی کۆیاکان. ئینجا بەهەی بانگهێشتکردنی ئەندریە بریتەن، بەشداری لەپیشەنگەی سوریالیێکانی شاری پاریس کرد و بووە مایەی سەرسامی نیگارکێشە دیارەکانی ڕەبازی سوریالی. ئەوسا ئەوان هەوڵی زەریاندا باوەی پەبهەنن کارەکانی سوریالین و ئەویش هاوشانی ئەوان رابەڵکی ئەو ڕەبازیە، بەڵام کاهلۆ رەتی دەکردەوە و

هەردەم پێداگر بوو لەوەی هیچ کاتێك خەونەکانی نەکۆشاوە بەکو هەردەم ئەو واقیعەی کۆشاوە کە لەلای خۆیدا هەیە. لەناویشیاندا ئازارەکانی گیان و جەستە و ژیانی پڕ لەناخۆشی خۆی دەربڕیوە.
ئەمو هەر لەو کاتەی لەپاریس بوو، تابلۆی (دوو فریدایەک The Two Fridas) ی کۆشا کە تێیدا گوزارشتی لەو تەنیاییە کردووە کە لەدوای جیابوونەوە لەگەڵ ریڤیرا رووبەڕووی ببووە. تابلۆیەکە بریتییە لەدوو وێنەی جیاوازی کاهلۆ کە لەتەك یەکتری دانیشتوون. ئەوەی چەپ، ئەو فریدایەیە کە دیگۆ ریڤیرا دەستبەرداری بووە، جلەکی سپی ئەوروپی هاوچەرخی پۆشیوە و ئەوەی دیکەش، فریدای خۆماڵی ریڤیرایە. جلەکی رەنگاوڕەنگی تیهوانای مەکسیکی پۆشیوە. بەرجەستە کراوەیەکی بچووکی دیگۆشی لەدەستەکە کە وەك منداڵ دیارە و دەستەکەی دیکەشی لەناو دەستی فریدا جل سپییەکەیە. هەر دووکیشیان دڵیان بەدەرەوەیە و بەخوێنبەرەك بەیەکەوە لکاون. لای چەپە کاتایی دڵت و بەمقەستەك بڕاوە و دڵپی خوێنیش لەسەر جلە سپەکەڕژاوە. وەك ئەوەی تا مردن زامدار دەبێ. ئەوەش تەکنیکەکە کاهلۆ بە دەرخستنی ئازارەکانی بەکاری هێناوە. بەتایبەتی لەوەی کە جلی سپی پۆشیوە کە بەشکاوی دەبینرێ. لەبەشی دواوەی دیمەنەکەش ئاسمان لەڕەش و پڕ لەهەور. ئەوەشیان بەگۆیە لەسەر پشتەوی ناخ.
سەی دواتر تابلۆکانی (ریتابلۆ Retablo) و (خوێن- جگەی خوێن The Dream- The Bed) و کەمەرەیەك پەرتەتەی دیکەی تایبەت بەخۆی کۆشا. هاوکات دوای تەکچونی پەیوەندی تەتسکی لەگەڵ ریڤیرا، لەناو ماڵەکەی کاهلۆدا تەتسکی تیرەر کرا. بەو کارەش پلیس بە ماوەی چەند کاتژمێرێك وەك گومان لەکراو کاهلۆیان دەستبەسەر کرد. لەکاتێدا بەتاوانی دەرچوو. دوای ئەو رووداوە لەتەك ریڤیرا جارێکی دیکە بەرەو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چوون و بەیاریاندا لەنوێ هاوسەرگیری بکەنەوە. لەوێدا کاهلۆ لەموزەخانەی هونەری نوێی شاری نیویەرك و پەیمانگەی هونەری هاوچەرخ لەبەستن و موزەخانەی فیلادلیفیا بە هونەر، بەشداری پیشانگەی بەکەمەڵی کرد.
سەی 1941 حکومەتی مەکسیك داوای لەکرد وەنەی پەنج ئافرەتی ناوداری مەکسیکی بکۆشێ، بەڵام بەهۆی مردنی باوکی، نەیتوانی درێژە بەو پرۆژەیە بدات، ئەوە جگە لەگرفتی جەستەیی. هاوکات تابلۆکانی (سەبەتەی گوڵ Flower Basket) و (من و تووتییەکانم Me and My Parrots) و کەمەرەیەك پەرتەتەی دیکەی تایبەت بەخۆی کۆشا. سەی دواتر تابلۆی (لوچا ماریا، کچێك لە تیهواکان Lucha Maria, a Girl from Tehuacan) و پەرتەتەکانی (ماروشا لاڤین Marucha Lavin) و پەرتەتەی خود لەگەڵ مەیمون و بەبەغای کۆشا. سەی 1943 بە ماوەیەك لەقوتابخانەی لائازمیرالدا لە مەکسیکۆ وانەی وتەوە. هاوکات

پەرتەتی (ناتاشا گیلمان Natasha Gelman) و تابلۆکانی (دیگۆ لەخەیاڵمدا یان بیری دیگۆ دەکەم Diego in my Thoughts or Thinking of Diedo) و (گوڵی ژیان Flower of Life) و (ژیان چەندە جوانە کاتێك سامانەکانی پەمان دەبەخشێ How Beautiful Life is When It Gives Us Its Riches) و (بووکەکە ترساوە لەبینینی ژیانی کراوە The Bride Frightened at Seeing Life Opened) و (بیرکردنەوە لەمردن Thinking About Death) و (ڕەگەکان Roots) ی کێشا. لەو بارەمەی دواییدا کاهلۆ جەختی لەوە کردووە هەموو بیرکانی ژیان دەکرێت لەیەك سەرچاوە هەڵقوڵابێ. تێیدا وێنەی خۆی لەسەر زەوی بەئاکشاوی کێشاوە و لقەکانی درەخت لەجەستەیدا، بەتایبەتیش لەشوێنی دڵی، دەرچوون. وەك ئاوەی بەخوێنی جەستەی پێبگەن. بە خێشی لەڕدا وەها بیردەکاتەوە وەك ئاوەی ببێتە درەختی ژیان. سالی دواتر پەرتەتەکانی (خاتوو ڕزیتا مەریللۆ Doña Rosita Morillo) و (لوپیتا مەریللۆ سافا Lupita Morillo Safa) و (ماریانا مەریللۆ سافا Mariana Morillo Safa) و (ئەلیسیا و ئێدواردۆ سافا Alicia and Eduardo Safa) و (ئەندازیار ئێدواردۆ مەریللۆ سافا Engineer Eduardo Morillo Safa) و (مارتی ئار گەمەز Marte R. Gómez) و تابلۆکانی (دیگۆ و فریدا Diego and Frida 1929-1944) و (ستوونی شکاو The broken Column) ی کێشا. لەوەی دوایشدا جەستەی خۆی وەها کیشاوە کە بەزمار سمرابێ و بەبەی پشتیشی بەئاسنەکی شکاو گەیوە کە لەسەر لەواری داماوە. بەگومان بە ئەو مەبەستەش سینەی خۆی بەووتی کێشاوە. لەگەڵ ئاوەی لەچاوەکانیشیدا فرمێسك قەتیسماوە، بەئام روانینەکانی جەرەك لەئەلەنگاری و هەزی لەبەرامبەر نەخێشی لە دەبینرێ.
سالی 1945 تابلۆکانی (ئاگنۆلیا Magnolias) و (موسا Moses) و (ماسك The Mask) و (جوجکە The Chick) و کەمەك پەرتەتی دیکەی تایبەت بەخۆی کێشا. ئەوسا پزیشك سیستەمەکی ناچاریانەی خۆراکی بە دانابوو، ئەویش بە تەمار کردنی ئەو ماوەیە، تابلۆی (بەهیوا Without Hope) ی کێشا کە تێیدا خۆی وەها نیشانداوە لەسەر جەگە کوتووە و ناچار کراوە خۆراکەکی زەر بخوات. لەپشتەوەی ئەو بارەمێشی نووسیوەتی (هیچ هیوایەکم نەماوە، هەموو شتەکان لەکاتی خۆیان تەدەپەڕن، وەك ئاوەی گەدە لەشتەکان بەتاڵ دەبەتەوە). سالی دواتر بەهیوای ڕزگاربوون لەئازارەکانی پشت، نەشتەرگەرییەکی دیکەی لەشاری نیویۆرك بە کرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. بەو دەرەنجامەش هەندەی دیکە بەهیوابوو. ئەوسا بە دەربەینی ئازارەکانی، وێنەی خۆی لەشێوەی مامزەك کێشا و ناوی نا (ئاسکی زامدار The Wounded Deer). ئەو بارەمە بەلایەوە زەر خێشویست بووە. لەناویدا کاهلۆ بە

گوزارشت کردن لەبارەی ئومێدیەکەی و بەتوانستی لەگەڵ ینی چارنووسی تاکەکەی، ئاسکەکی کەشاوە کە کەمەرخەم تیری بەرکەوتووە و زامدارە. باکگراوەندی تابلۆکەش دارستانەکە لەدرەختی مردوو و شکاو، بەهەمان ترس و بێئومێدی کاهلێ دەچێت. ئاسمانیش تەم و مژاویی و بەو بروسکەیە رەشنبەتووە کە وەک هیوا وایە، بەڵام لەبەر دووری، بێئاسمان نەکەوتووە. هاوکات تابلۆکانی (دیمەنی سرووشتی Tree of Hope, Remain Landscape) و (درەختی هیوا، بەهێز بمێنەوە Strong) و ساڵی 1947 تابلۆی (خۆر و ژیان Sun and Life) و پۆرترێتی خود لەگەڵ قژی درێژ و ساڵی 1949 تابلۆکانی (باوەشی خۆشویستی گەردوون، زەوی، مەکسیك، خۆم، دیگۆ و سێنۆر خۆڵەتل The Love Embrace of the Universe, the Earth (Mexico), Myself, Diego, and Señor Xolotl) و (من و دیگۆ Diego and I) ی کێشا. لەوێ دوایدا کە وەک نیوە پۆرترێت وایە، جلەکی سپی پێشیوە و سەرپۆشکی ئەرخەوانیشی لەسەر کردووە. لەووخساریدا گریان بەدیدەکرێت. لەسەر بریکانیشی دیگۆی وەک چاوی سێیەمی خۆی کەشاوە. شایانی باسە ئەو کارەی وەامدانەوەی ئەو دەنگیانە بوو کە ئەوسا دەکرا، گوایە دیگۆ لەپشناو ژنە ئەکتەرەکەی هەلیەد، دەستبەرداری کاهلێ دەبێت.
ساڵی دواتر پۆرترێتی (خێزانی فریدا Frida’s Family) ی کێشا. هاوکات جارەکی دیکە بە ماوەی یەك ساڵ کەوتووە نەخۆشخانە. ساڵی 1951 تابلۆکانی (گوێزی هیندی Coconuts) و (ژیانی کپ تایبەت بەساموێل فاستلیخت Still Life Dedicated to Samuel Fastlicht) و (ژیانی کپ لەگەڵ تووتی و ئاڵا Still Life with Parrot and Flag) و (ژیانی کپ لەگەڵ تووتی و میوە Still Life with Parrot and Fruit) و پۆرترێتی (باوکم My Father) و پۆرترێتی (خود لەگەڵ پۆرترێتی دکتەر فاریل Self-Portrait with the Portrait of Doctor Farill) و ساڵی دواتر تابلۆکانی (کۆنگرەی گەل بۆ ئاشتی Congress of People for Peace) و (سرووشتی زیندوو Living Nature) و (میوەی ژیان Fruit of Life) و (ژیانی کپ لەگەڵ شوتی Still Life with Watermelons) ی کێشا.
ساڵی 1953 لێشاری مەکسیکێ ستی بە یەکەم جار پیشانگەیەکی تایبەت بەکارەکانی بە کراوە کە ئەوسا لەبەر ئەوەی نەیتوانی لەسەر قاچەکانی ئامادە بێت، بەئامبۆلانس بۆرێو هەڵی پیشانگەکە بردرا. هاوکات وەک چالاکوانی سیاسی، بەشداری لەو خۆپیشاندانانە کرد کە دژی هەواگەری ئەمریکی لەگواتیمالا، ساز کرا. دواتر بەهەی ئازارەکانی پشوو، دووچاری نەخۆشی گاگرینا- داخورانی ئێسك بوو و بەهەیەوێ قاچی راستەیان بڕیەوە. دوای ئەوە زیاتر بێهیوا بوو.

بگومان بۆئومەد بوونیش لە (بوون بەدایك) هێندەی دیکە ژیانی تاڵ کردبوو، بۆیە ئەوسا چەندان جار لەگەڵی بکارهێنانی مادەی ئۆفیون هەوڵی خۆکوشتنیدا.
ساڵی دواتر تابلۆکانی (مارکسیزم تەندروستی بەنەخۆشەکان دەبەخشێ Marxism Will Give Health to the Sick) و (ژیانی کپ لەگەڵ ئاڵا Still Life with Flag) و (ڤیڤا لا ڤیدا و دکتۆر خوان فاریل Viva la Vida and the Dr. Juan Farill) و (ڤیڤا لا ڤیدا، شوتی Viva Vida, Watermelons) و پۆرترێتی (خود لەگەڵ پۆرترێتی دیگۆ لەسەر مەمك و ماریا لەنێوان برۆکان Self-Portrait with a Portrait of Diego on the Breast and Maria Between the Eyebrows) و (پۆرترێتی خود لەگەڵ ستالین Self-Portrait with Stalin) و (پۆرترێتی خود لەدیمەنێکی سرووشتی لەگەڵ ئاوابوونی خۆر Self-Portrait in a Landscape with the Sun Going Down) ی کێشا. بەو جۆرە بەردەوام بووتا لەتەژی 13 ی تەممووزی ئەو ساڵە کۆچی دوایی کرد. بەر لەمردنیشی داوای لەریڤێرا کردبوو (لەدوای مردنی لاشەکەی بسوتێنن). هەروەها وتبووی : "ئاواتەخوازم دەرچوونم لەدونیا خۆش بێت و جارێکی دیکە ناگەڕمەوە ناوی".
جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدان، کاهلۆ کۆمەڵێك تابلۆ و پۆرترێتی دیکەی کێشاوە. زۆربەی بەرهەمەکانیشی تایبەتن بەژیانی خۆی کە لەناویاندا رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەخۆشی سەخت و ژیانی قورسی پڕ لەناپاکی هاوسەرەکەی، رەنگیداوەتەوە. هەروەها لەناویاندا بەدوای خود (مەینەتی جەستە) ش گەڕاوە. پارێزگاریشی لەفۆلکلۆری نەتەوەکەی کردووە. ئەوەی جێگای سەرسامیشە ئەوەیە قەبارەی تابلۆکانی گەلێك بچووکن، لەکاتێکدا بەرهەمە هونەرییەکانی ریڤێرا زۆربەیان دیواربەندی گەورەن.
ساڵی 1958 ئەو خانووەی لەکۆیۆاکان تێیدا هاتە دونیا و پێگەیشت و ساڵانێکیش لەگەڵ ریڤێرا تێیدا ژیا و هەر لەوێشدا مرد کە بۆخانووە شینەکە ناسراوە، لەلایەن ریڤێرا کرا بەموزەخانە و لەناویدا بەشێکی زۆری تابلۆ و کەل و پەلە تایبەتییەکانی و خەڵەمشەکەی کاهلۆ و خەڵەمشی ریڤیرا پارێزراوە. ئەمەو تا ئێستاش چەندان کتێب لەبارەی ژیان و پێگە هونەرییەکەی نووسراوە، لەوانە کتێبی (خۆشەویستی پیرەز و خۆشەویستی نۆگریس لەژیانی فریدا کاهلۆ) لەلایەن کلادیا شیفەر و کتێبەکانی (فریدا) و (ژیاننامەی فریدا کاهلۆ) لەلایەن هایدن هیریرا. ژیانێ تاڕادەیەکی وەك خاوی گرینگ چەندان جار کراوەتە دەقی سینەمایی. لەوانە ساڵی 2002 لەهۆلیود کرا بەفیلمی سینەمایی بەناونیشانی (فریدا ژیانی کاهلۆ) کە جۆلی تایمور دەریهێنا و تێیدا سەلما حایکی رەسەن لوبنانی و نمایشکەری جل و بەرگی

مەکسیکی، سەرکەوتووانە ڕێی کاهلۆی گرتەوە. هەروەها ناوبراو لێزانانە هێچوونکانی ناخ و دەروونە تێکشکاوەکەی کاهلۆی دەربڕیوە. فیلمەکەش چەندان خەباتی پڕبەخشرا.
ئازارکانی جەستە و خۆشەویستی و ناپاکی هاوسەرەکەی و شکستهێنانی سیاسی و سەزداری لایك و پەداگریش لەژیان، وەهایان کردووە کاهلۆ ببێتە ئایکۆنی ئەلەنگاری و روبەڕووبونەوە. لەبەر ئەو گرنگیەش جگە لەوەی وێنەکەی کوتە سەر پووڵی پەستە، وەك ئایکۆنکی بازرگانیش بۆ بەودانی بەرهەمی کۆمپانیاکان، لەو وێنانەیە کە بە کۆمەك بەرهەم بکارهێناون. لەوانە کۆمپانیای ماتیلی ئەمریکی کاتەك زنجیرێك بووکەڵەی باربی دەرکرد، وێنەی کاهلۆ یەك لەو وێنانە بوو کە بە ڕووخساری بووکەڵەکان بکارهێنا، دوای بڕاوبونەوەی فراوانی ئەو بەرهەمە، کەس و کاری کاهلۆ تووڕە بوون. بۆتایبەتیش لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکە لەو بەرهەمێدا برێکانی وەك سرووشتی خۆی دیاری نەکردبوو کە نیشانێکی تایبەتی کاهلۆ بوو. ئەوسا وتیان: "فریدا کاهلۆ بەرهەمی مارکێکی بازرگانی یاخود بووکەڵە نییە، بەڵای ئەمە زەر گرنگە پارێزگاری لەوێنەکەی خۆی بکەین، وەك ئەو هونەرمەندەی کە لەژیاندا هەبوو".

عەوڵا جەیدی و نەنە ئامینە.. ئاکۆ عەبدوڵا

گاوەژنەیەك بۆ ڕوانین لەشاری کۆیە

فازیل شەوڵی پەروەردکار و شاعیر و نووسەر و هونەرمەند، یەکێکە لەنووسەرە بەبۆشتەکانی ئەمڵی جیهانی نووسینی کوردی، بەردەوام بەدەق و لێکۆڵینەوەی نایاب و ووتە و کاری هونەری بەسەرماندەکاتەوە. لەکۆتا مانگەکانی ساڵی 2023 لەپەیجی فەیسبووکەکەی بابەتکی لەژێر ناوی (عەوڵا جەیدی و نەنە ئامینە) بڵاوکردەوە. لەدەستپێکیدا نووسیبووی {ناونیشانی کتێبکی دیکەم. نیزا دەکەم تێندرووستیم نەم بدا تەواوی بکەم. ئەو دوو زاتە باپیر و نێنکی خەمن، دوو کەسایەتین کە جێ پەنجەیان لە مێژووی کەمڵایەتیی کۆیە بە جوانی دیارە. دەمەوێ لە گڵانەوەی ژیاننامەی ئەوان، بۆ ئەمانەتەوە، وەنێیەکی زێر بواری شاری کۆیە بکەشم لە ساڵانی١٩٢٠ تا ١٩٦٧}. ئینجا لەژێرەوە بەندی یەکەمی ئەو کتێبە بڵاوەنکراوەی بەناونیشانی (کۆڵ دەم) خستبووە بەر دیدە. من هەر کە خوێندمەوە چۆڵی زەرم لێوەرگرت. هەم ناوەڕۆکەکەی هەمیش ئەفسونی داڕێژتنەکەی کەشی کردم. ئەوە بوو وەك زێر لەوتارەکانی دیکەی ناوبراو، لای خەم کێپیم کرد. ڕۆژانی دواتر بەندەکانی دووەم و سێیەمی بەدواداهێنا و ئەوانیشم کێپی کرد. لەچاوەڕوانیدا بووم کەچی ڕێك بەندی حەوتەمی خستە بەر ڕووان، بێیە ئەوسا مەسیجم بۆ بەڕێزیان نارد، بەڵام ئەو لەوەڵامدا پێیاگەیاندنم مەبەستی نییە تەواوی کتێبەکەی بەو جۆرە بڵاوبکاتەوە. دواتر لەپەیجەکەی بەندەکانی هەشت و نۆ و دوانزدە و چواردە و شانزدە و نۆزدەشی بلاوکردەوە. ئەوە بوو ساڵی ڕابردوو بەشێوەی کتێب خستییەڕ بەردەم خوێنەران.

ناوەڕۆکی کتێبەکەڕ لە 65 ناونیشان (بەندەکان) پێکدێت. لەکۆتایشدا پێڕفایلی خۆی دەبینرێت. ناونیشانەکان ریزبەند کراون. بۆ هەندێکیان ماوەی زەمەنی دیاری کراوە. لەناویاندا خوێنەر بەرەو بەشێك لەژیاننامە و کار و هەوڵستی عەوڵا جەیدی و نەنە ئامینە و وەستا حەمەدی کۆ و فازیلی کۆەزاش کەش دەکەن. ئەمە جگە لەوەی بابەتەکان وەك ئاوێنە وان بۆ هەنگدانەوەی ژیانی سیاسی و کەمەڵایەتی و ڕووداوەکانی شاری کۆیە لەماوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، بەووداوە تاەکان و کاریگەرە بەدەکانی ئایدیای

فریودەری حزبی و ململانێیە نەخوازراوەکانیان و کاریان لەگەڵ ینی ریشاڵی پاکی پێوەندی خەڵکی گەرەك. ئەمەو گرنگی لەخستەڕووی رووداوەکانی دوای کۆدەتا سەربازییەکەی ساڵی 1958 و کارەساتە ناخۆشەکانی ئەو ڕۆژە تاڵانەی ساڵی 1963 ناو کۆیەش داوەڵ کە تەنگی بەهەموو خەڵکی شار هەڵچنیبوو.

وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا خوێندنەوەی ئەو بیرەوەریانە چۆڵ بەخوێنەر دەبەخشێ. نووسەر بەکورتی و پوختی هاتۆتە گۆ، زۆر بەوردیش وەسفی گەرەك و خانووەکانی کردووە. سەلیقە جوانەڵ هونەرییەکەی خۆشی تێدا خستۆتەگەڵ. هەروەها بەوشەی شێوەزاری کۆیانە گۆڵانەوەکانی جوانتر کردووە لەوانە: (تەژگەبەڵ، دێشەگڕە، پێتەرازوو، خون، لەگەن، کۆشکە، سبەینێی سارحان، تریان، تریانە، دەستەباشی، قەقیلە، بەتار، تۆڵ، قووڵەتۆن، کەندوو، فەرمەسۆن، خەرکینە، نەختەکەك، ئەقڵقوندە، کنەوان، دەرس و دەور، مینا، پلووسك، کانەو مانە، تەشتەکە...). ئەمەو باسی لەچنیەتی ئامادەکردنی هەندەك جۆری خواردەمەنی، وەك ساوار و داندەك و دانوولە و ئاوە تەماتە و قاورمەش، لەو ڕۆژگارە کردووە. ئاماژەی بۆ ئاوەدانی ئەوسای گەڕەکە کانەکانی سەر کۆڵانە تەنگەکانیش کردووە. بۆ نموونە لەلاپەڕە 87 سەبارەت بەمزگەوتی مناڕە نووسیویەتی (ئەو مزگەفتە هەمیشە حوجرەی دەرس و دەور بوو، مەدرەسەی ئایینی بوو، فەقێی زۆر بوو). ئەوە لەکاتێکدایە کە من لەو ساڵانەی ڕابردوو زۆر جار لەکاتی نوێژ بەلایدا ڕەتبووم کەچی دەرگاکەی داخرا بوو.

لای خەڵکی کۆیە، بەتایبەتی کەسە بەتەمەنەکان، ناو و پێگەی عەوڵا جەیدی و ئامینەی خۆزانی و حەمەدی کۆی ڕوونە. نووسەریش ئاماژەی بەوە داوە عەوڵا جەیدی پیشەکارێکی دەستەنیگ بووە. وەك چەخماغساز بەداهاتی دوکانەکەی دەژیا. هاوکات خۆبەخشانە لەکۆمەڵك بوار خزمەتی کۆمەڵگەی کردووە، لەوانە گۆڵ هەڵکەندن و مردوو شۆرین. ئەمەو بەهۆی کەسایەتییە کاریزمایەکەشی بەهانای لێقەوماوان دەچوو و کۆمەکی بۆ کۆدەکردنەوە. دوای مردنیشی نەنە ئامینەی دەستەنگین لەماڵەکەی خۆی وەك ژنێکی پیشەگەر کەسایەتی کردووە. ئەویش خۆبەخشانە لەکۆمەڵك بوار خزمەتی کردووە، لەوانە مامانی و مردوو شۆرین، وەك پزیشکێکی میللیش چارەسەری خەڵکی دەکرد. دەرگای ماڵەکەشی وەك قەلەندەرخانەیەك تا درەنگانی شەو بۆ ژنانی بێنەوا کراوە بوو. حەمەدی کۆیشیان یەکڵك بووە لەوەستا دەستەنگینەکانی بۆیسازی و کارەکانی دیکەی هاوشێوە.

ئەوەی کە تەواو لەو بەرهەمە دێنیام ڕاستگۆیی نووسەرە لەگەڵانەوەی بیرەوەرییەکانی. ڕاستە هەموو شتێك نانووسرێت، بەڵام ئەوەی

بنووسرێ دەبێت بەئەمانەتەوە بێت. ئەو ئەمانەتەش لەو بەرهەمە بەووونی دەبینرێت. نازانم بۆچی لەکاتی خوێندنەوەیدا (دانپێدانانەکانم) دەهاتەوە یاد، بەڵام ئەوەی ئێمە لەژێر رووەوە لەویان جیایە. راستە گیانی ریشەییانەی جان جاك ڕسۆ لەو کاتە دەستپێدەکات کە ڕۆژێك لەشاری جنێڤی مەکۆی هاتنە دنیای دەردەچێت و ئێوارەش لەگەڵانەوەدا دوا دەکەوێت و دەرگاکانی شار دادەخرێن، بۆیە ناچاریانە لەدەرەوە دەمێنێتەوە، تا خۆی بەماڵێکی دابێاودا دەکات. خاوەنەکەی (مەدام دوقارنس) بەدووداچی دادەی دەدات. دواتر داوای لێدەکات بەدایە بانگی بکات و دەبێتە دایکێکی دڵسۆز بۆی. ڕسۆ دایکی خۆی نەدیبوو. بەو جۆرە ڕۆەوێکی دیکە دەگرێتەبەر و دەگوزەرێنێ. ئەوەتا خاوەنی ئەو بیرەوەریانەی ئێمەش لەکۆتایی یەکەم بەندی بیرەوەرییەکانی کە ئەوسا تەمەنی شەش ساڵ بووە، دوای ئەوەی سەرکەوتوو نابێت لەگرتنەوەی کەوە دێمەی باوکی، لەبەر هەڵەشەکان ناتوانی سەر بەماڵدا بکاتەوە. دوای ئەوەی شەویش دەرگای ماڵەکەیان دادەخرێت، پەیامی پێدەگات، کە دەرکراوی کۆمانەیە، تا خۆرەومەندێك بێ ماڵی نەنکە ئامینەی دەبات و ئەو شەوەی لای ئەو، بەلەشی کوتراو و داوشاو لەژێر جاجمی زوور و کەشی کابووساوی، ڕۆژ دەکاتەوە.

بەڵی ئەوانە سەرەتاکانی هەردوو بیرەوەریەکانە، بەڵام بەسەرهاتەکان جیان و کەسەکانی ناویشیان تەواو جیان، ئەوانەی ئێرە هاوڕێژانەی ژیانێکی گەڵێك پاکترن. ڕەفتار و کرداریشیان زیاتر لەچەمکی مرۆڤایەتی و خواپەرستی نزیکە، بۆیە مەودای جیاوازی نێوانیان گەلێك دوورە.

بەشێك لەبەندەکانی ئەو کۆبیەی لەژێر ناونیشانی (عەوڵا جەیدی لەدیدی مێژوونووس و نووسەراندا) یە کە تێیدا نووسەر ئاماژەی بەبەشێك لەنووسراوی ئەو کەسانە داوە کە لەنزیکەوە ئاشنای عەوڵا جەیدی بووون و شایەدییان بۆ ڕاستە کاریزمایەکەی لەکەمەگە و دەستەنگینی و کارە خێرخشییەکانی داوە. دواتر نووسەر گلەیی لەخەڵکی دەکات کە چۆن ئەو جۆرە کەسانە و ڕۆەکانیان لەیادگەی خەڵکی شاردا لەبیر دەکرێن. وەك لەلاپەڕە 248 نووسیویەتی (لەو تێمارگەیانەی قەڵەمبەدەستانی شایەدحاڵی وەستا عەوڵا جەیدی بۆ ئێمەیان بەجێهێشتووە دەیسەلمێنن ئەو زاتە لە ژیاندا توانیویەتی بەو سادە و ساکاری و خاکییەی خۆیەوە کەسێتییەکی مەزن و بڵند و باڵا بۆ خۆی زامن بکات، کەسێتییەك هاوشان لەگەڵ پیاوماقوڵ و دەستێپشتوو و دیار و ناسراوەکانی شاری کۆیە، خۆشی هەستی بە بوونی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە جوانە کردووە، کەس نەبووە لە ئاغا و حاجی و فەرمانەوا و دەوڵەتداران دەست لەسەر سنگ بۆی

ەانەوەستابن). لەلاپەرەی دواتر بەو جۆرە بەردەوام بووە (بەڵام چونکە ئەقڵیەتی کورد خۆگەڕایی و دەسەڵاتپەرست و بەرژەوەندخوازە، دوای کۆچی عەوڵا جەیدی دەتوانم بڵێم لەناو کتێبەکان نەبێ ناوی هەش دەبێتەوە، لەکاتێکدا توێژی ڕۆشنبیر و ئەدیب و کۆمەڵانی خەڵك دەبووایە وەك وەفا و ئەمەکێك ئاوڕ لەو جۆرە کەسایەتییانە بدەنەوە). لەدرێژەی ئەو بابەتە دەگاتە ئەوە (جونکە پێوەری هەڵسەنگاندنی کەسێتیی لەناو کورددا بە پارسەنگی خێر و خزمایەتی و ئاغایەتی و شێخایەتی و دەسەڵات و هێز و بەرژەوەندییە، هەمیشە ئەگەر لە چینی هەژار و عەوامی هەشووتدا کەسێکیش هەڵکەوتبێ و بووبێت بە ئەستێرە، زوو کاریان کردووە بێ خامۆشکردنی یان کووژانەوەی ئەو ئەستێرەیە، مێژوومان پێ لە ناوی سەرکردە و دەسەڵاتدار و ئاغا و حاکم و دەستێپشتووە، کە تامارگەیان لێوانلێوە لە غەدر و ستەمکاری و چەوساندنەوەی خەڵك و خوێنمژی و خوێنڕێژی و تەڵەکەبازی و گەندەڵی و داوێنپیسی- خەڵکیش غەدر و تاوانەکانیان دەزانێ -، کەچی وەك پێشەوا و ئابەر و مامۆستا و کەسایەتی بەرز و بڵند تەماشا دەکرێن و کتێبیان لەسەر دەنووسرێ و شیعریان بەسەردا هەڵدەڵێن و پەیکەریان بێ ساز دەکەن و شەقام و مەیدان و قوتابخانەیان... بەناو دەکەن).

بۆگومان گەر بگەڕێنەوە بێ لاپەڕە چواری کتێبەکەش دەبینین نووسەر پێشتر ئاماژەی بەناوی کۆمەڵێك کەسایەتی خەڵکی شار داوە و بە (پیشەوەر و کاسبکار و خەرخواز و چاکەکار و ئابەر...) ناوی هێناون کە یەکێکیان (حەلیمە ڕەزا) ی نەنکی منە و لەئاستیاندا نووسیویەتی (بەخت و تاڵعیان نەبووە، مەگەر ئاکوزارانە، لێرە و لەوێ ناویان هاتبێ. لە کاتێکدا هەنگ بێ ژیاننامەی هەر یەکێکیان بەرگی کتێبێك لەخۆ بگرێ). ئەمەو پێشتریش مامۆستا فازیل لەکتێبی (ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە) کە ئاماژەی بێ حەلیمە ڕەزاش کردبێوە. لەو کتێبەش جگە لەکەسابەتکردن لەماڵ و خێر و هاوکاریکردن، لەوەسفی بەکارهێنانی چارگەی کۆیانە و تاسەی زیووی سەر و بەباکردنی ئازارەکانی ڕۆژگار لەرگەی جگەرەی قامیش، هەمان خاڵی هاوبەش لەنیوان هەردوو نەنکەکەدا دەبینم. تەنانەت لەبەرگی پێشەوەی ئەو کتێبە نووسەر کە وێنەی کۆنکی داناوە خانوەکەی حەلیمە ڕەزا بەگەورەیی دەرچووە. ئەو خانووەی ماوەیەکی زۆری ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی تەمەنم تێدا بەسەر بردووە.

ئەمەو لەلایەکی دیکەشەوە نووسەر بێزاری خۆی دەربڕیوە لەبەکارهێنانی ئەو ناو و ناتورە ناشیرنانەی کە خەڵکی کۆیە بێ یەك بەکاری دەهێنن، بێ ئەو مەبەستەش ڕەخنەی لەلایەنەکانی وەك مامۆستایانی ئایینی و پۆلیس و قوتابخانە و زۆر شوێنی دیکە گرتووە

کە کاریان نەکردووە بۆ سەرکۆنەکردن و بنبڕکردنی ئەو ئەتوارە دزێوە.



ئاکۆ عەبدوڵڵا

کاداری بەحەسرەتی خەباتی نێو سەریناوە!.. ئاکۆ عەبدوڵڵا

دوای ئەوەی ساڵانێك بۆ خەباتی نێوی ئەدەبی کاندید دەکرا و پێی نەگەیشت، ڕۆژی 1ی تەممووزی ئەم ساڵ، ئیسماعیل کاداری نووسەری ئێلبانی لەتیرانای پایتەخت کۆچی دوایی کرد. ناوبراو تاکۆ نووسەری ئێلبانییە بەهۆی ڕۆمان و چیرۆك و شیعر و شانۆگەری و نووسراوەکانی دیکەی، لەجیهاندا ناسراوە. لەبەر ئەوەی لەزەربەی بەرهەمکانیشی پشتی بەمێژوو و ئەفسانە و کەلەپووری گەلەکەی بەستووە، بۆیە ئەدەبەکەی وەك ئاوێنەیەك وایە بۆ ڕەنگدانەوەی گیانی گەلی ئێلبانی و مێژووە نوێیەکەی، بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە. هەروەها ڕەنگدانەوەی بارگرانە سیاسییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووی

وەاتەکەشیەتی. ئەو جگە لەوەی بەوپەڕی توانا هەوڵی دەدا ئەدەبی ئەو نەتەوەیە لەژێر هەژموونی ئەدەبی سۆڤیەتی رزگار بکات. لەلایەکی دیکەوە هەندێك لەشارەزایان بەکافکا و ئەرێیل بڕاوردی دەکەن. هەندێکیش خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو و گابرێیل گارسیا مارکیز دەبینن، چونکە هەردووکیان گرنگییان بەچەشنەی سوریالی دەدا.
ئیسماعیل کاداری ڕۆژی 28 ی کانونی یەکەمی ساڵی 1936 لەشاری گیروکاسترای باشووری ئەلبانیا هاتە دنیا. باوکی نامەبڕی دادگە بوو، زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی بیروباوەڕی کۆمونیستی دەبووە. کاتێکیش جەنگی دووەمی جیهانی بڕپابوو و ئەلبانیا بووە گۆڕەپانی هێزە داگیرکەرەکانی ئیتاڵی و ئەڵمانی، دانیشتوانەکەی ئازار و ناخۆشی زۆریان چێژت، بەیەکاداری سەردەمی منداڵی بەتاڵی و ناخۆشی بەسەربرد. دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی، چووە کۆلێژی ئادابی زانکۆی تیرانای و تێیدا فەلسەفە و مێژووی خوێند. ساڵی 1954 کە شیعری (ئیلهامەکانی کوێان Frymëzime djaloshare) وساڵی 1957 دیوانەکانی (خەونەکان Ëndërrimet) و (شازادە ئارگیجیرێ Princesha Argjiro) ی بڵاوکردەوە. ساڵی دواتر مینحەی خوێندنی پەدرا و لەپەیمانگەی مەکسیم گۆرگی شاری مۆسکۆ، ئادابی خوێند. لەوێدا ئاشنای ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی بوو. ساڵی 1960 کاتێك پەیوەندی لەنێوان هەردوو ڕژێمە کۆمونیستییەکەی ئەلبانیا و سۆڤیەت بەرەو گرژی چوو، کاداری بەناچاری گەڕاوە وڵات.
ئەو ماوەیەی لەمۆسکۆ بوو ڕەمانێکی بەناوی (شاری بێ ریکلامەکان) نووسی. دوای گەڕانەوەی بۆ وڵات نزیکەی چل لاپەڕەی لەگۆڤارێکی ئەدەبی بڵاوکردەوە، بەناوی دەزگای چاودێری رازی نەبوو بڵاوکردنەوەکەی بکەتا بگات. ساڵی 1963 ڕەمانی (جەنەڕاڵی سوپای مردوو Gjenerali i ushtrisë së vdekur) ی بڵاوکردەوە. تێیدا گیانی ئەلبانی کردووە بەئیلهام و ئاشنای چیرۆکی جەنەڕاڵێکی ئیتاڵیمان دەکات کە دوای وەستانی سی ساڵ بەسەر جەنگی دووەم، لەحکومەتەکەی خۆیدا فەرمانی پێکراوە لەگەڵ قەشەیەك بچێتە ئەلبانیا و بەدوای گۆڕی ئەو سوپا ئیتاڵیانەدا بگەڕێت کە لەشەڕگەکانی ئەو شوێنە کوژرا بوون. هەرچەندە جەنەڕاڵەکە بەوای بەو کارەی نەبوو، بەناچار بوو بەوات. لەوێدا ناخۆشی زۆر دەبینێ. سەرەتا وەهای بۆخۆیدا دێت سوپایەکی زۆری هەیە، بەڵام لەژێر خاکدان و چەندان تەن لەفوسفۆر و کالیسیۆمیان پێکهێناوە. دواتر دەبینێ جەنەڕاڵیکی ئەڵمانیش بە هەمان مەبەست هاتەتە ناوچەکە. لەکۆتایدا لەتەڵەی خۆنی کۆەکوژراوەکەی، جەنەڕاڵە ئیتاڵیەکە بەدەست پیرەمێردێکی ئەلبانی دەکوژرێت.
ئەو ڕەمانە دەرگای ناوبانگی بە کاداری خستە سەرپشت و بە هەموو

لایەکیشی رەخساند چاو بەونەی ئەلبانیا و پاواوانیەتی دانیشتوانەکەی و داب و نەریتە جوانەکانیاندا بخشنن. لایەنکی دیکەی سەرکەوتنە گەورەکەی ئەو بەرهەمە لەوداییە کاداری لەداڕژتنیدا بەستایلی هونەری نووسینی رەمان و شێوونەوە بە ناو ژیانی واقیعیانەی گەلەکەی، زۆر پابەند بووە. دوای وەرگێڕانیشی بە سەر زمانی فەرەنسی، ناوەندە رەشنبیریەکانی ئەو وڵاتە، بانگهێشتی کادارییان کرد. لەفەرەنسا لەلایەن نووسەران و رەشنبیران پێشوازی گەرمی لێکرا و بەدەنگێکی رەسەن و بەهێزی پشت دیوارە ئاسنینەکانیان دانا. تا ئێستا ناوەرۆکی ئەو رەمانە دوو جار کراوە بەفیلمی سینەمایی.

ساڵی دواتر دیوانی (بەچی بیر لەو شاخانە بکەینەوە Përse mendohen këto male) و ساڵی 1965 رەمانی (دەندێ Përbindëshi) ی بڵاوکردەوە. لەو رەمانەیدا ئەسپی تەروادەی کردەتە هەوێن و هەوێیداوە رووداوێکی ئەفسانەیی بگێڕێ بە حاڵی ئەوسای وڵاتەکەی، پاش ئەوەی حکومەت هەوێیدا لەژێر هەژموونی دەسەاتی سڤیەتی بێتە دەر. ساڵی 1967 رەمانی (پەستی تەپڵ Lëkura e daulles) ی بڵاوکردەوە. ئەوەشیان بەرجەستەکاری ئەو قۆناغەیە کە ئەلبانیا لەساتی گەڕان بەخێوە بینی. ئەوە جگە لەواقیعی ژن لەچوارچیوەی دەربەگایەتی و کۆنەپەرستی ئەوسای کەمگەکەیدا. هاوکات لەو بەرهەمدا بە ئەوەی عەزیمەت لەدەروونی ئەلبانیەکان نیشان بدات، کەلەپووری ئەفسانەیی ئەلبانی بکارهێناوە. ساڵی دواتر هەمان رەمانی بەناوی (هاوسەرگیری Dasma) خستەوە بەر دیدە. ساڵی 1970 رەمانی (قەڵا Kështjella) ی بڵاوکردەوە. لەوەشیاندا چیرۆکێکی میللی ئەلبانی کردەتە هەوێن کە ناوەڕۆکەکەی پەداگرتنە لەسەر قوربانیدان بە مانەوە. تێیدا گەڕاوەتەوە سەدەی پانزدە و چیرۆکێکی مێژوویی خستەتە بەردید. کاتێك سوپا بەهێزەکەی عوسمانی هەڕەشەکوتەتە سەر قەڵایەکی کۆنی ئەلبانیا، گەلەکەی ناوی ملکەچ ناکەن و بەرگری دەکەن. ئەوسا بەو کارەی کاداری داوای لەگەلەکەی کرد، بە گەیشتن بەهێزی گەش پێویستە قوربانی بدەن. هەر بۆیە کاتی خەی لێکدانەوەی زۆر بە ئەو بەرهەمە کرا. تەنانەت هەندێك بەبەرجەستەکاری ئەو ململانێیە ئایدیالێژییەیان دادنا کە لەنێوان ئەلبانیا و رژێمی سڤیەتیدا هەبوو. هەر لەو ساەدا کاداری بووە ئەندامی پەرلەمانی وڵات و ماوەی دوانزدە ساڵ لەو شوێنە ماوە. بەوەش دەرگاکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی بەڕووەدا کراوە. ئەمەو بەهەی پەیوەندیشی لەگەڵ (ئەنوەر خواجە) ی سەرۆك، ناوبراو کردی بەسەرۆکی پەیمانگەی رەشنبیری. ساڵی دواتر رەمانی (چیرۆکی شاری بەرد Kronikë në gur) ی بڵاوکردەوە. تێیدا بەرەنگاری هەزە

ئەلبانییەکانی لەکاتی داگیرکاری لەجەنگی دووەمی جیهانی خستەووە، بەتایبەتی شارکەی خۆی کە چۆن رووبەووی سوپای داگیرکەری ئیتالی و ئەلمانی وەستان. هەروەها تیدا ستایشی رۆلی ئەنوەر خواجەی کردووە لەپشتیوانیکردنی دەستە بەرگریکارە کۆمونیستییەکان دژی داگیرکەری ئیتالی لەئەلبانیادا. ساڵی 1972 رۆمانی (زستانی سەخت Dimiri i madhe) ی بڵاوکردەوە. کە بەڵمانکی سیاسییانە دادنرێت، لەجۆری ریالیزمی سۆشیالیستییە. تێیدا وێنەی بارودۆخی زستانی ساڵی 1961 ی کێشاوە کە ساڵی پەیوەندییەینی وەاتەکەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی و چوونە پاڵ سۆربازگەی چینی ماوی بوو. ئەو پەیوەندییەنەش بەخاڵی گۆڕانکارێکی وەاتەکەی دادنرێت کە هەموو لایەکی ژیانی ئەلبانیای تەکدا. دوای ئەوەی پشتر یەکێتی سۆڤیەت وەك دەروازەی ئەو وەاتە وابوو بۆرو رووی جیهان..

ساڵی 1975 رۆمانی (پایزی پایتەخت Nëntori i një kryeqyteti) ی بەاوکردەوە. لەوەشدا هەوڵدان بە رزگارکردنی شاری تیرانا لەژێر دەسەاتی داگیرکەری ئیتالی لەکاتی شاەوکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەبینرێ. ساڵی دواتر دیوانی (کات Koha) و ساڵی 1977 کە چیرۆکی (ئاڵای رابرووEmblema e dikurshme) و ساڵی دواتریش رۆمانی (Muzgu i perëndive të stepës) ی بەاوکردەوە. لەو رۆمانەشدا لەگەڵی گێرانەوەی چیرۆکی خەونەویستی نەوان کوێکی ئەلبانی و کچێکی رووسی، یادگارییەکانی پەشوی خۆی لەشاری مۆسکۆ، خستەتە بەر دیدێ. لەناو ئەو پەیوەندییەش وێنەی جوانی مرۆڤایەتی و کۆمەایەتی کێشاوە، بەجۆرێك کە چەندان رەهەندی ئەو دوو لایەنەی هەگرتووە. دوای ئەو کارە جارێکی دیکە بە مۆزوو گەاوە و بەهەموو ئەو شتانەی هەگوت کە ئەلبانییەکان وەك کەلەپور پشکەشیان کردووە. ئەوەش لەڕێگەی کۆمانی (Komisioni i festës) دەبینرێ کە هەر لەو ساڵەدا بەاویکردەوە. تێیدا لەهەمان تەوەری رەخنەگرتن لەدەوەتی عوسمانی و سیاسەتە داگیرکارییە خوێناوییەکەی، لەڕوانگەیەاتی ئەوروپا سۆ دەخواتەوە. هەوداوێکی مۆزوویی خستەتەوو کە لەمۆزووی ئەلبانیادا ناسراوە، ئەویش بانگهێشتکەی سوڵتان مەحمودی دووەم لەو کاتەی ویستی نیارکانی لەناوبەرێت کە ئاهەنگێکی گەورەی ساز کرد و دوای کۆکردنەوەیان پێنج سەد کەس لەو میوانانەی لەناوبرد کە گوایە هەوڵی جیابوونەوە و دژایەتیکردنی دەسەاتی عوسمانییان دەدا.

هەر لەساڵی 1978 رۆمانی (پردی سێ کەوانەیی Ura me tri harqe)

بەاوکردەوە. ناوەرکی ئەو رەمانەشی لەچیرەکەکی فەلکلەری گەلەکەی وەرگرتووە کە دەربارەت (لەکاتی داڕێژتنی بناغەی پردەك، بە ئەوەی تەکمە و بەتین بێت و بەنەمری و تاهەتایی بمێنێتەوە، پێویستە قوربانی بەسەری مرۆڤەك یاخود گیانلەبەرەك بکرێت). ئەوەش ئاماژەیەکی دیکەیە بە واتای سیاسی ئەو رۆژگارە. واتا داوای لەگەلەکەی کردووە بە بونیادنانی داهاتووی گەش، قوربانی بدەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو رەمانە بەوەامدانەوەی رەمانی (پردی سەر روویاری دریناە) ی ئیفو ئاندریتشی رەمانووسی سربی دادەنرێت. هەر لەو ساڵانە رەمانکانی (جێگەی شەرمەزاری Kamarja e turpit) و (نیسانی تەکشکاو Prilli i thyer) و (پاشالیکی مەزن Pashalleqet emadha) ی بەاوکردەوە. لەوەی دوایدا تیشکی خستەتە سەر کەسایەتی پادشایەکی تورکی کە دەیەوێت بەپشتیوانی رۆژئاوا، لەدەسەڵاتی عوسمانی جیابێتەوە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی پلان لەدژی دەگێڕێ و دواتر سەری لەجەستەی جیادەکاتەوە.

ساڵی 1980 کە چیرەکەی (Gjakftohtësia) ی بەاوکردەوە. هاوکات لەگەڵانەوەی بە هەما و ئەفسانە ئەلبانییەکان، رەمانکی دیکەی بەپێزی بەناوی (کە دەرونتینی هەناوە؟ Kush e solli Doruntinën?) بەاوکردەوە. لەو کارەشیدا پشتی بەئەفسانەیەکی دیکەی میللی بەستووە کە تێیدا برایەك لەمردن زیندوو دەبێتەوە تا بەرگری لەخوشکە ڤەندراوەکەی بکات. لەردا زیندووبوونەوەی برا، زیندووبوونەوەی گەلی ئەلبانییە کە ئەوسا وەك مردوو ملکەچی چارەنووس ببوو. ساڵی دواتر رەمانی (کشکی خەونەکان pallati I éndrrave) ی بەاوکردەوە. تێیدا جارکی دیکە بگەڕانەوە بە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، بابەتە گرنگەکەی پرسی تاڵیتاری و رەخنەگرتن لەژەمی ستەمکاری خستەتەوە بەردیدە. بەیە لەلایەن یەکێتی نووسەرانی وڵات رەخنەی لێگیرا. ساڵی 1985 رەمانکانی (رووناکی مانگ Nata me hënë) و (ساڵی خراپە Viti i mbrapshtë) و (Krushqit janë të ngrirë) ی بەاوکردەوە. هاوکات ئەنوەر خواجە دیکتاتەر و ستەمکار مرد کە ناوبراو بەهەموو جۆرك هەوڵی دەدا لەو وڵاتە بچووکەدا رژەمی تاڵیتاری پیادە بکات. بە رازی کردنی رژەمی سۆڤیەتیش دژی کرانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژئاوا بوو. ساڵی 1988 کاداری رەمانی (کۆنسێرت لەکۆتایی زستاندا Koncert në fund të dimrit) ی بەاوکردەوە. لەو بەرهەمەدا هاوشێوەی رەمانی زستانە مەزنەکە، ئاماژە بەپەیوەندی بەینی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای وڵاتەکەی داوە. بەڵام ئەو جارە پەیوەندی بەینەکە لەگەڵ رژەمی چینی دوای مردنی ماوتسی تۆنگ. ساڵی دواتر رەمانی (دۆسیەی ئێج Dosja

H.) ی بەاوکردەوە، کە تێیدا هەست بەو ململانێیە بەدەنگییە دەکرێت کە دوای خواجە لەسەر دەسەاتی وەات سەریهەدا. هەروەها ڕەخنەشی لەماوەی دەسەاتی ئەحمەد زوگەش گرتووە.
گومان لەوەدا نییە کاداری یەکەك بوو لەکەسە دیارەکانی ڕژەمی کەمونیستی پەشووی ئەلبانیا و لەسایەی ئەو ڕژەمەش لەهەموو نووسەرەکی دیکەی ئەو وەاتە زیاتر سوودمەند بوو. بەەام سایی 1990 بەر لەووخانی ڕژەمی دەسەاتداری وەاتەکەی و ڕووخانی گەورەی ڕژەمە کەمونیستییەکانی ڕژهەاتی ئەوروپا، کاتێك بەی ڕەخسا، وەاتەکەی جەهەشت و چووە پاریس. لەوێدا داوای مافی پەنابەری کرد و پاکانەی خەشی لەئایدیای کەمونیستی و ڕژەمی تەتالیتاری ڕاگەیاند. وەك دەنگەکی جیهانیش دژی ستەمەکانی پەشووی ناو وەاتەکەی دەنگی هەبەی. لەو وەاتە ڕۆگەزنامەی پەدرا و سایی دواتریش ڕەمانی (Ërndërr mashtruese) و کەچێرەکی (خەونی فریودەر Qorrfermani) و سایی 1992 ڕەمانی (هەەم Piramida) ی بەاوکردەوە. لەو ڕەمانەی دوایی پەوەندی بەینی خەی لەگەڵ حزبی کەمونیستی دەسەاتداری وەاتەکەی ڕاگەیاندووە. هەروەها تێیدا ڕازی نەبوونی کیوبسی فیرعەونی میسری بەناشتنی لەهەەمدا، هاوشێوەی فیرعەونەکانی پەشوو، وەك هەما بەکارهێناوە بۆ ئەنوەر خواجە، کە ناوبراو بۆپەچوانەوە ئاواتەخواز بوو لەناو جەرگەی تیرانای پایتەخت لەهەەمەك بنەڕەت. بەهەی ئەو ڕەمانە دەنگی گواستنەوەی گەی خواجە بۆ سەنتەری میوزیکی ڕژئاوایی بەرزبەوە. ئەو سەنتەرەی کە خواجە هەرگیز حەزی لەگوێگرتن لەو جەرە میوزیکە نەبوو. کەواتە ناوەرکی ئەو ڕەمانە پەچوانەی ڕەمانی زستانی سەختە کە لەوێدا خواجە وەك پاەوان دەرکەوتووە.

سایی 1994 ڕەمانی (سەبەر Hija) ی بەاوکردەوە، کە لەەژانی دەسەاتی خواجە بەنهەنی نوسیبووی. تێیدا لەنەوان دەخی ئەلبانیا لەسەردەمی خواجە و سەردەمی چاخەکانی ناوەند بەراورد کردووە. هەوڵیشیداوە لەناو پاەوانی ئەو کارەیدا کە بەرجەستەکەری خەیاتی، بتەواوی پاکانەی خەی لەەژەمی پەشوی وەاتەکەی نیشان بدات. سایی دواتر ڕەمانی (Shkaba) و سایی 1996 ڕەمانی (سپیریتوس Spiritus) ی بەاوکردەوە. هاوکات دوای مردنی کارل پەپەری فەیلەسوفی نەمسایی و بەریتانی، لەشوێنی ئەو لەئەکادیمیای فەرەنسی بۆ زانستی سیاسی و ئەخلاقی، کرا بەئەندامی تاهەتایی.
سایی 1998 ڕەمانی (شارەکی بۆ ریکلام Qyteti pa reklama) ی بەاوکردەوە. وەك پەشتر ئاماژەمان پێدا. لەو ڕەمانەیدا کاداری وەك گەنجەکی ئاواتخواز و هەچوو بۆ گەانکاری شەشگەانە، هەستی خەی

دەربڕیوە. پاڵەوانەکانی ناوی بەو هیوایەی دەسەڵاتداران شەرمەزار بکەن، هەوڵی وەرانکردنی ئایکۆنەکانی ناو کۆمەڵگەکان و دڵاندنی کتێبی پیرۆز دەدەن. هەر لەو ساڵە کە چیرۆکی (سێ گۆرانی ماتەمینی بۆ کۆسۆڤۆ Tri këngë zie për Kosovën) و شانۆگەری (وەرزی بزارکەر لەئێلەمپ Stinë e mërzitshme në Olimp) و ساڵی دواتریش کە چیرۆکی (دزینی خەوی شاهانە Vjedhja e gjumit mbretëror) و ساڵی 2000 ڕۆمانەکانی (گوڵە سارەکانی ئازار Lulet e ftohta të marsit) و (نەوەکانی هانکۆناتەکان Breznitë e Hankonatëve) و ساڵی دواتر کە چیرۆکی (لەبەردەم ئاوێنەی ژنێك Përballë pasqyrës së një gruaje) و ساڵی 2003 ڕۆمانەکانی (کچی ئاگامێنۆن Vajza e Agamemnonit) و (ژیان یاری و مردنی لول مەزرەك Jeta,loja dhe vdekja Lul Mazrekut) و (نەوە Pasardhësi) ی بڵاوکردەوە. لەوی دوایدا باسی لەووداوی خۆکوشتن یان تیرۆرکردنی محەمەد شیخێی پیاوی دووەمی ئۆوسای وەاتەکەی کردووە کە لەخانووە نوێیەکەیدا رووێدا. بۆگۆڕەی ئۆفسانە ئەلبانییەکانیش ئەو خانووە شوێنی تارمایی و گیانی مردووەکانە. ساڵی دواتر دیوانە شیعری (هێندێك دڵۆپی باران کەوتنە سەر شووشە Ca pika shiu ranë mbi qelq) و ساڵی 2005 ڕۆمانی (بابەتی گەمژەیی Çështje të marrëzisë) و دیوانی (ئاسمان بێ فۆرم Pa formë është qielli) و ساڵی 2008 ڕۆمانی (ئۆوارەخوانێکی هەڵە Darka e Gabuar) و ساڵی دواتریش ڕۆمانی (بەربەست: ڕەکویم بۆ لیندا بی E penguara: Rekuiem për Linda B) ی بڵاوکردەوە. لەوی دوایدا کە ڕووداوەکانی لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە لەشاری تیرانا، باسی لەبارودۆخی وەاتەکەی لەژێر سایەی ڕژێمی تۆتالیتاری کردووە. ساڵی 2010 ڕۆمانی (ڕووداو Aksidenti) و ساڵی 2013 کە چیرۆکی (Bisedë për brilantet në pasditen e dhjetorit) و ساڵی دواتریش ڕۆمانی (هەورەکانی تیرانا Mjegullat e Tiranës) ی بڵاوکردەوە. کە ئەوەی دوایی لەنێوان 1957 و 1958 نووسیبووی. ساڵی 2015 ڕۆمانی (بوکەڵە Kukulla) و کتێبی (Uragani i ndërprerë) و کە چیرۆکی (کاتی خۆشەویستی Koha e dashurisë) و ساڵی 2017 کتێبی (سێ وتار لەبارەی ئەدەبی جیهانی Tri sprova mbi letërsinë botërore) و ساڵی دواتر کە چیرۆکی (کورتە نووسراو لەیەك بەرگدا Proza e shkurtër, në një vëllim) و کتێبەکانی (سێ وتار لەسەر ئەدەبی جیهانی Tri sprova mbi letërsinë botërore) و (کاتێك فەرمانەدەکان شەو دەکەن Kur sunduesit grinden) و (بەرهەمە شیعرییەکان لەیەک بەرگدا Vepra poetike në një vëllim) بڵاوکردەوە.

جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدا، کاداری کتێبی دیکەشی

بڵاوکردەوە. لەزربەی بەرهەمەکانیشی ئەفسانەی بەدزە هەستیارەکان ئاوێتە کردووە. ئەمەو لەهەندێکیشیان هێرشی کردۆتە سەر کەلەپور و شارستانی ئیسلامی. راشکاوانەش ئاماژەی بەوە دەدا ئیسلام بەربەستە لەبەردەم گەلی ئەلبانی بۆ گەیشتن بەشارستانی ئەوروپی. بەو کارەشی وەهای دەزانی لەبەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ، ئەو خەڵاتەی کە هەردەم خەونی پێوە دەبینی، نزیك دەبێتەوە. نۆبڵی پێنەدرا بەڵام چەندان خەڵاتی مەزنی جیهانی بەدەستهێناوە، لەوانە ساڵی 1992 خەڵاتی موندیل سینۆ دیل دوکا و ساڵی 2005 خەڵاتی مان بوکەری و ساڵی 2009 خەڵاتی میر ئێستوریاس و ساڵی 2015 خەڵاتی قودسی ئەدەبی و مەدالیای جوقێی شەرەف و ساڵی 2016 خەڵاتی نیشتمانی ئەلبانی و ساڵی 2018 خەڵاتی نێنێی نیودەوڵەتی و ساڵی 2020 خەڵاتی نیوستادی نیودەوڵەتی پێبەخشرا. ئەوانە و چەندانی دیکەش.

ئێنیس خۆشەویستی گیانم..
شاکارێکی ئەندێشەی مەزووبی..

ئاکۆ عەبدوڵڵا

ڕۆمانی (ئینیس خۆشەویستی گیانم Inés del alma mía) یەکێکە لەڕۆمانە کاریگەر و وروژێنەرەکانی ئیزابێل ئەللیندی ساڵی 2006 بڵاویکردەوە. کە لەجۆری ئەندێشەی مێژوویی و بایۆگرافییە، هەروەها ڕۆمانێکی داستانییە لەبارەی خۆشەویستی و جەنگ. تێیدا وروژێنەرانە وێنەی تراژیدی شاڵاوی داگیرکاری ئیسپانی بۆ هەردوو وڵاتی پیرۆ و چیلی، لەناوەڕاستی سەدەی شانزدە، کێشاوە. کە ئەوسا ئەو ناوچانە بەوڵاتی هیندی نوێ ناودەبران. لێرەدا ئەللیندی هەروەك لەڕۆمانەکانی پێشووشی، مێژووی ئەمەریکای لاتینی لەگەڵ مێژووی ژیانی خۆی، بەتایبەتی لەڕووی سۆز و مرۆڤایەتی، هاوسەنگ کردووە. ئەو جارەشیان پابەندی خۆی لەگەڵانەوەی ڕێچکەی ئەو مێژووە نواندووە کە داگیرکەر بەدڕوشمی موژدەبەخشی، شێتانە وەك تەماحکار بەدوای سامان و زێڕدا دەگەڕێ. بەبێ گوێدان بەبنەماکانی مرۆڤایەتی. ئەمەو تێیدا لەکێشانی لایەنی مرۆڤی و ململانێ ئەزەلییەکانی ئافرەتێك، تەواو سەرکەوتووە. ئەو ئافرەتەی کە (ئینیس سوارێزی) ناوە، بەو کچانە دەچێت کە بەبەهێزی و ژیری و هەستکردن بەدادوەری مرۆڤایەتی و بەزەیی و حەزکردن لەمەعریفەت و قەزهاتن لەدەسەڵات و پابەندبوون بێنەریت، ناسراون و لەڕووبەڕووبوونەوە و بەرگەگرتنی سەختییەکانیش توانادارن. ناوبراو لەچاخی ستەمکاریدا لەگەڵی پێوەندیکردن بەپیاوێك، دەیەوێت بیاری ڕووبەڕووبونەوەی هەموو جۆرە پاڵەپەستۆیەکان بدات و دژی نەریتە چەقبەستووەکانیش بوەستێ و ڕێچکەی ژیانیش لەدەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگە بگرێتەبەر. سەرتاپای ڕۆمانەکەش بریتییە لەگێڕانەوەی ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەو خاتوونە بۆ ئیزابێلی کچی هاوسەری دووەمی. گێڕانەوەی چۆنیەتی هاتنی ئەو لەگەڵ سوپای داگیرکەری ئیسپانی بۆ وڵاتەکانی پیرۆ و چیلی. لەهەندێك شوێنیش گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی وەك ئەوەی لێدێت ئیزابێلی کچی لەبەرامبەری وەستابێت و موخاتەبەی بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی لەوشوێنانە ئەویان تەنیا گوێگرە بێیە خوێنەر هەست بەبوونی ناکات.

ئینیس کە سەرگوزەشتەکانی دەگێڕێتەوە لەتەمەنی پیری دایە و گێڕانەوەکانی مەستانە خوێنەر بەرەو رابردوو کێش دەکات. سەرەتا لەساڵی 1526 لەکاتی ژنهێنانی کارلۆسی پێنجەمی ئیمپراتۆر. کە ئۆوسا ئەویش بەخوان دی مالگای خۆشەویست و هاوسەری یەکەمی دەگات. هێندەی پێناچێت دەرك بەسرووشتە ڕاستەقینەکەی ئەو دەکات، کە تەنیا کەسێکە شەیدای کچە. دوای لەیەك دوورکەوتنەوەیان کار بەوە دێگات

بەرەو هیندی نوێ بڕوات. دواتر لەگەڵ گەنەوەی بۆ ناو باوەشی خێزانە نەریتخوازەکەی، بڕیار دەدات پەیوەندی بەخوان بکاتەوە. لەبەر دڵسۆزی نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەدوای ئازادیدا دەگەڕا. دواتر بە (پیدرێ بالدیبیا) ی سەرکردەی دڵێر دەگات. لەنێواندا پەیوەندی خۆشەویستی گەرم دەستەکایە. بەیەکەوە رووەو بەدیهێنانی خەونەکانی پیدرێ دەچن. کە بریتییە لەملپێکچکردنی دانیشتوانی زەویییەکانی چیلی. پیدرێ لەلایەن سەربازی سەرکەوتنی زێر بەدەستدەهێنێ و ئێنیسیش زێر یارمەتی دەدا. ئینجا لەبەر شاوەیەك لەدوایەکەکانی هیندییەکان، پیدرێ ناچاردەبێ بۆ داواکردنی یارمەتی و نوێکردنەوی پەیوەندی، سەردانی ئیمپراتۆر کارڵسی پێنجەم بکا. لەوێدا لەگەڵ ئەو هەموو دڵێری و ئازایەتی، کەچی نایبەخشن و لەسەری فەرز دەکرێ دەست لێئێنیسی دوێبەر و ئەفسونگەر و شەڵانگێز (هەروەك لەپروپاگەندەکان وەها ناودەبرا) هەبگرێت. پاش وتووێژێکی درێژ، ئێنیس بڕی دەردەکەوێت مافی مانەوەی لەو وڵاتە نوێیەی، مەرجە بەشووکردنێکی شەرعییانە. لەگەڵ بەهیوابوون، وەهای بەخەیاڵدا دێت، پیدرێ دەستی لێهەڵگرتووە، بۆیە بڕیار دەدات شوو بکاتەوە. ئەو جارەیان شوو بەرێدریگێ دەکات. کاتێکیش کارەساتی کوژرانی پیدرێ دەبیستێ، یەکجار دڵگران دەبێت. چونکە تا کۆتایی ژیانی بەتاکە خۆشەویستی خۆی دادەنا.
لەو ڕۆمانەدا ئەللیندی لەگەڵ ئەوەی باسی لەهەرشی داگیرکاری ئیسپانییەکان و چەوساندنەوەی خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەمەریکای لاتینی کردووە، کەمەڵك چیرۆکی سەرکێش و سەرچلیشی تێکەڵ بەخۆشەویستی کردووە. هەموو ئەوانەش لەتوانای گێڕانەوەی ئێنیس بەدیدەکرێن.

ئاکۆ عەبدوڵا

- ئیزابێل ئەللیندی ڕەسەن چیلی- ئەمەریکی (لەدایکبووی 1942) یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی جیهان. لێبوارەکانی ڕۆمان و شانۆ و کورتە چیرۆك و ڕۆژنامەنووسی شۆنپێنجێی دیارە. هەروەها ڕێبەرێکی دیاری ڕێبازی جولانەوەی ڕیالیزمی ئەفسوناویە. بەهۆی ڕۆمانە وروژێنەر و کاریگەرەکانی کە لەناویاندا لێزانانە ئەندێشە و رووداوی واقیعی ئاوێتەی یەکتری کردووە، دەمێکە بە خەڵاتی نۆبێ کاندید دەکرێت. هاوکات وەك ژنێکی چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت و ئازادی

مرۆڤیش، کەسێکی کارایە.

- لەکاروانی نووسینیدا ئەللیندی کەمەڵك ڕۆمان و شانۆگەری و کتێبی بڵاوکردۆتەوە. لەڕۆمانەکانی (ماڵی تارماییەکان)، (پڕسەلین کچە قەڵەوەکە، (لەخۆشەویستی و سێبەرەکان)، (ئیفا لونا)، (پلانی بکۆتایی)، (کچی بەختەوەری)، (پڕترێتی سیپیا)، (شانشینی ئەژدیهای زێڕین)، (دوورگەی ژێر دەریا)، (ئاشقی ژاپۆنییەکە)، (ڤیۆلیتا)، (جەنگەڵی کورتە باڵاکان) کە ئەوەی دوایی تایبەتە بەمنداڵان. لەشانۆگەریەکانیشی (باڵوێزەکە)، (من ترانستۆ ستۆمم)، (حەوت ئاوێنە). لەکتێبەکانیشی (پاوڵا) و (ئەفرۆدیت) و (کۆی ڕۆژەکان) و ئەمانە و چەندانی دیکە.
- لەپای بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی چەندان خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە لەوانە: (گراند پرێکس دیڤاژینی) ، (کۆلیمای ئەدەبی)، (پریمێی پۆرتوگالی)، (لۆس ئەنجلۆس تیمیسی)، (گابریلا میسترالی چیلی)، (خەڵاتی ڕەخنەگرانی ئەمەریکی)، (ئامیشی دی کابریا)، (دونا سیتا دی ڕۆما)
- جێگای باسە ئەللیندی لەبارەی خۆیەوە وتویەتی : "من ئافرەتێکی سیاسیم. مژووی شاراوەی خۆشەویستی و سێکس و سێز دەنووسم. بەبێ گرنگیدان بەهەکارە ئابووریەکان کە خولقێنەری ڕووداوەکانی مژوون. خەکانی دیکە هەیە لەو لایەنانەیان کێیوەتەوە. من گرنگی بەوە دەدەم کە لای خەکی ڕووەدەن. گرنگی بەدایکم و داپیرەم و کەسە نزیکەکانم و ژنانی سەر شەقام و منداڵان دەدەم، کە هەرگیز ئاوە لەنوسراوە ڕەسمییەکاندا تۆمارنەکراون".

نامەکەی میر جەلادەت بەدرخان بێ مستەفا کەمال و

خوێندنەوەیەك.. نووسینی/ جوان شێخ.. وێرگێڕانی/ ئاكۆ عەبدوڵا

مانگی ئەیلولی ساڵی 1990 ئەو نامەیەی میر جەلادەت بەدرخان بۆ مستەفا كەمال ئەتاتورکی نووسی بوو، لەلایەن رەوشەن بەدرخان لەژێر ناوی (نامەیەك بۆ سەرۆك كۆماری تورکیا، بەڕێز مستەفا كەمال پاشا) بەوەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانی عەرەبی و لەشێوەی كتێبێكی 71 لاپەڕەی مام ناوەندی لەدەزگای (دلاوەر زنكی) بڵاوكرایەوە.
لێكدانەوە و هەڵسەنگاندن:
میر جەلادەت لەدەستپێكی نامەكەیدا رووخسارەكانی نەتەوەی كورد وەك سەرجەم نەتەوەكانی دیكەی دنیا بەدیاردەخا و هۆكار و مەبەستی نووسینەكەشی دەبەستێتەوە بەجێدانی لێبوردنی گشتی لەسەرتاسەری وڵات و بەبۆنەی جەژنی دۆ ساڵەی دروستكردنی كۆماری تورکیا و كۆمەڵێك هۆكاری دیكەوە. لەدوایدا بەهەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی نەتەوەكەی، چووەتە ناو باس و ئاماژەی بەوە كردووە (ئەحمەدی خانێ) ی شاعیر، یەكەم موژدەبەخشی نەتەوایەتی كوردە و لەشاكارە نەمرەكەی (مەم و زین) دا بەووونی ئاو هەستە بەدیار دەكەوێ. ئینجا هاتۆتە سەر باسی راپەڕینەكانی گەلی كورد و تێدا لایەنەكانی كێشەكەی بەدرێژایی مێژوو لەسەر شێوەی تایەفەگەری ئایینی و یاخیبوونی خۆایەتی، وەك ئەو شێوە هاوچەرخەی كە ئەوسا لەئارادا بووە، دەربڕیوە. لەلایەكی دیكەوە دەرەنجامی سەرجەم هەوڵ و راپەڕینەكانی، بەدەربەدەربوون هێناوەتەوە كە دووچاری كۆمەڵگەی كوردەواری بوون، بەهەموو چین و توێژەكانییەوە، هەروەك دەفەرموێت : "لەكاتی گەشتكم بەكوردستاندا ساڵی 1919 تووشی یەكێك لەو كاروانە كۆچپێكراوانە بووم كە لەشاری حەلەب هاتبوون و بەرەو شوێنی خۆیان دەگەڕانەوە. لەقسەكانیان دەركەوت لەكاتی دەربەدەربوونیان ژمارەیان 4485 كەس بوو كەچی تەنیا 255 كەسەیان مابونەوە". هەروەها لەنامەكەیدا رووداوێك دەگێڕتەوە كە رۆژنامەنووسێك بۆی باسكردووە و نەشیویستووە ناوی بهێنرێت تا خاكی تورکیا جێدەهێڵێت. لەبەر گرنگی باسەكە بەتەواوی دەیخەینەوو "لەنزیك ئەو شوێنەی كارمان تێدا دەكرد دێیەكی خامش هەكەوتبوو. زۆر جار ئێمە بەسواری وڵاخ رووماندەكرد. تا ئاشنایەتیمان لەگەڵ پیاوێكی كورد پەیدا كرد كە تەمەنی 102 ساڵ بوو. هەر جارەی

که دەچووینە ئەو ئاواییە چەندان کاتژمێرمان لەگەڵ ئەو پیاوە دونیا دیدە بەسەر دەبرد، جارێکیان پاش تێپەڕبوونی دوو هەفتە غەریبیمان کرد و سوار بووین بەرەو ئاواییەکە. مامەی کورد هەر کە چاوی بەئێمە کەوت بزەیەك زایە سەر رووی، بەڵام سەرەتا هەڵنەستا و بەرەوڕوومان نەهات و داوای لێبوردنی لێمان کرد کە روانیمان قاچەکانی ئاوساوە و لەبەر لێدان و ئازار، شین هەڵگەڕاون. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی دەدا لەبەرمان هەستێ، بەڵام ئێمە نەمان هێشت و لەدەوریدا کۆمەڵمان بەست. ئەویش کەوتە گێڕانەوەی رووداوەکە و وتی : "دێندەکان پێش دوو هەفتە هاتنە گوندەکەمان بێ کێکردنەوەی چەك، ئێمە چەکمان لە کۆڵ بوو؟ هەرچی هەمان بوو کاتی خۆی بێ (کەمال پاشا) دامان بەبنکەی پۆلیس. تەنانەت موسکیشمان لەلا نییە. لاوەکانمانیان بەزۆر راپێچ کرد و بردیانن، کە تا ئێستا نازانین لەکوێن و نەگەڕاونەتەوە. کاتێك بێ لای من هاتن، زۆرم تکا لێکردن، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، لەزەویان گەوزاندم و نزیکەی چل قامچییان لێدام و خوێن لەقاچەکانم ڕێچکەی بەست و لەهۆش کەوتم. لەو ساوە وەك دەبینن من کەووتووم". لێمان پرسی : "بۆچی ئاوایان لێکردی؟". بەبێ بیرکردنەوە وتی : "چونکە کوردم، تۆناگەم کەمال پاشا نایەوێت لەوێاتدا کورد هەبێت". یەکسەر بڕدەنگ بوو. تاوێك خۆی ڕێك کرد و چاوەکانی بەخێدا گێڕاو بەردەوام بێوە و وتی "نەخێر، ئەوەی وتم هەڵە بوو. کەمێك لەمەوبەر هەڵەیەکم کرد. ئێمە کاتی خۆی کورد بووین، بەڵام ئێستا هەر هەموومان بووینە تورك. ئەوەی لەو وڵاتەدا دەژیەت هەر هەمووی تورکە، کەمال پاشا بەو جۆرەی ووتووە…".
ئەو پیاوە کێڕەڵەهەموو شتێ دەترسا تەنانەت لەئێمەش، وای بەخەیاڵدا دەهات دەچینە بنکەی پۆلیس و شکاتی لێدەکەین. ئەو رووداوەم هەرگیز لەبیرناچێتەوە. چۆنم لەبیربچێتەوە؟ عەقڵم قبوڵی ناکات. مرۆڤ چۆن دەتوانێت دەست لەپیاوێکی هێندە پیر بوەشێنی کە تەمەنی بەدوو ساڵ لە سەرەوەی سەد بێ. یان منداڵێك تەمەنی دوو ساڵان بێت؟!"
میر جەلادەت بەشێکی گرنگی نامەکەی بێ زمان تەرخان کردووە، بۆیە پێویستە ئێمەش هەڵوەستەی لەبەردەمدا بکەین. ئەو زمانەکانی دابەشی سەر سێ بەش کردووە.
یەکەمیان: زمانە پێکهاتووە سادەکان: کە زمانە سەرەتاییە دابڕاوەکان دەگرێتەوە و شێوەکانی زمانی چینی، وەك نموونە هێناوەتەوە.
دووەمیان: زمانە پێوەلکاوەکان، وەك زمانی تورکی.
سێیەمیان: ئەو زمانانەی کە بەئاسانی خۆیان دەگونجێنن. ئەوەشی دابەشی سەر دوو جۆر کردووە، زمانی کوردی لەجۆری زمانە ئاریەکان

داناوه.
میر جەلادەت لەنامەکەیدا ویستویەتی وەڵامی ئەو زانا زمانەوانییە تورکە بداتەوە کە لەسەرژمێریەکەیدا وشە کوردییەکانی بە (8428) وشە داناوە، بۆیە دەڵێت : "ئەو نووسەرەی ساغکردنەوەی زمانەوانی ئەنجامداوە و پشتی بەزانیارییەکانی دکتۆر فەریجی ئەمانی بەستووە کە ئەویش بەهەمان مەبەست ویستوویەتی وا دەربڕێ کە کورد لەهەسەنایەتی تورکەوە هاتبێ و کتێبێکیشی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆچکردنی گشتی ئەو کات بڵاوکردبێتەوە و لیستێکیشی سەبارەت بەوشە کوردییەکان بەو شێوەیە داڕشتووە:

ناوی زمانەکان	ژمارەی وشەکان
پەهلەوی کۆن	370
زەند	1240
تورك (تورکمانی کۆن)	3080
ئەرمەنی	220
عەرەبی (بەتورك کراو)	3000
کوردی	300
فارسی (بەتورك کراو)	1030
چەرکەس	60
کەرجی (ئەلبانی)	20
کلدان	108

کەچی دکتۆر جەلادەت لەوەڵامدا زۆر بەوردی و ئاگادارییەوە وتویەتی : "تەنیا کێی وشە کوردییەکانی شێوەزاری کرمانجیم (کەشێوازی تایبەتی ئاخافتنی خۆیەتی) سەرژمێر کردووە، توانیم (13090) وشەی رەسەنی کوردی لێ دەستگیر بکەم".
خۆ ئەگەر ئێمە بەگیانی نەتەوەییش نەڵێین و وەك زانا زمانزانە تورکەکەش پشت بەدکتۆر فەریج ببەستین و لێکدانەوەکەی میر جەلادەتیش بەدوور بگرین، تەنیا بەدانان بەهەبوونی (300) وشەی رەسەنی کوردی، بەگەنامەیەکی حاشا هەڵنەگرمان دەکەوێتە دەست، بێ سەلماندنی بوونی گەلی کورد. هەرچەندە ئەگەر سەرژمێری راستەقینەش بێ وشە رەسەنە دوور لەنەتەوەکانی دیکەی کورد نەکرابێ.
هەروەك وتمان دکتۆر جەلادەت زمانی کوردی لەجێری ئاری و زمانە خۆنجێنە ساناکان داناوە کە بەنەرم و نیانی دەناسرێتەوە و بەئاسانیش توانای توانەوەی وشەی بیانی تێیدا دەبینرێ. بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێی کوردی لێدابڕێژرێت. (من لەو ڕوانگەیەوە بۆچونی تایبەتیم هەیە کە لەداهاتوو دەیخەمەڕوو). بەڵام بەڕوای دکتۆر جەلادەت زمانی تورکی زمانێکی ناوەندییە و لەتوانایدا نییە هەمان

کاردانەوەی تێدا بەرجەستە بێت. لەبەرامبەر زمانی عەرەبیشدا بەدرێژی دەدوێت و دەڵێت : "زمانی عەرەبی ئاری نییە، بەڵام لەگەڵ زمانی کوردی لەنەرمی و خۆگونجاندا، یەك دەگرێتەوە و کورد دەتوانێت وشەی عەرەبی لەناو زمانەکەیدا بتوێنێتەوە و وشەی دیکەی لەنوێوە لێ دابڕێژێتەوە". لەدوایدا زێر وشەی کوردی هێناوەتەوە کە لەبنچینەدا عەرەبین، بۆ نمونە وشەیcivat کە لەوشەی (جماعە cimat) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام لەکوردیدا (m) گۆراوە بە (v) و وشەکە بێتەcivat .

سەبارەت بەپێوەندی نێوان زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسیشدا کە تا ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەریاندا بەردەوامە، دکتۆر دەڵێت : "ئەو دوو زمانە زێر لێك نزیکن کە زێر ئاسایی مرۆڤ بڵێت ئەوانە دوو شێوەزاری سەر بەیەك زمان بن". لەدوایدا دکتۆر دەیەوێت بیسەلمێنێ زمانی کوردی زێر دەوڵەمەندە، ئەو وتەیە دێنێتەوە کە پەیامبەری تورك (زیا گۆکالپ بەگ)() کاتی خۆی وتویەتی : "زمانی کوردی دەوڵەمەندترین زمانی رۆژهەڵاتییە، بەزمانی عەرەبیشەوە". لەبەر گرنگی پێدانی دکتۆر جەلادەت لەناوەڕۆکی نامەکەیدا بەزمانەوانی، ئێمەش بایەخی زێرمان پێدا. دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت میر جەلادەت ماوەیەکی زێر سەرقاڵی ساغکردنەوەی وشە کوردییەکان بووە و یەکەم کەسیش بووە ئەلف و بێی لاتینی کوردی داڕشتووە. لەپاش ئەوە باس لەلایەنەکانی دیکەی نامەکە دەکەین. لەشوێنکی دیکەدا مەبەستی وڵاتە بەهێزەکانی رۆژئاوا سەبارەت بەتورکیا، ئاوا بۆ مستەفا کەمال باس دەکات : "وڵاتانی زلهێزی ئەوروپایی دەیانەوێت تورکیا لەئاسیا و دەوروبەری رووسیا بەدوور بگرن". لەکۆتایی نامەکەشیدا سەرسوڕمانی خۆی بۆ ئەتاتورك دەردەبڕێ کاتێك باس لەهەوڵی لەناوبردنی گەلێك دەکات کە خاوەنی سەرجەم رووخسار و بنەماکانی نەتەوایەتی خۆیانن. سەرسوڕمانییەکەی دکتۆر لەگۆڕانکی ئەمەریکی هەقوڵاوە کە تێیدا هاتووە (لەولایەتی کالیفۆرنیا خێڵێك لەخێڵەکانی هیندییە سوورەکان تەنیا ژنکی تەمەن نەوەت ساڵە و پیاوکی سەد ساڵەیان لێ مابوە. بەمەبەستی شۆن بزرنەبوونی ئەو خێڵە، حکومەتی ئەمەریکی رۆکخراوکی زانستی نارده شوێنەکە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی پاشماوەی خێڵەکە. رۆکخراوەکە بەشەو و رۆژ بەردەوام لەکار و لێکدانەوە دابوو لەسەر چۆنیەتی داب و نەریت و شێوازی ژیانیان. بۆ ئەو مەبەستەش یەکە یەکەی قسەکانی دوو شاهیدەکەی لەسەر ریکۆرد تۆمار کرد). ئەی باشە ئێستا دەبێت چارەسەری کێشەی کورد چۆن بێت؟ دکتۆر رووڵکردنەوەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکە دەخاتە بەردەم مستەفا کەمال و لەدوا دێڕی نامەکەیدا دەڵێت : "بەبانگەوازی رەسمی، دانبنێن بەبوونی کورد و

مۆوو و نەژاد و مافی بەردەوامبوونی ژیانی". چەندان تێبینی و بۆچوون: 1- دیرۆکی نووسینی نامەکە ساغ نەکراوەتەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بەبۆنەی دە ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامەزراندنی کۆماری تورکیا و بیاردانی لێبوردنی گشتییەوە نووسراوە. 2- ئایا نامەکە گەیشتووەتە دەست ئەتاتورك یان نا؟ بەچ شێوەیەك؟ ئایا لەشوێنکی دیکەی وەك گۆڤار و ڕۆژنامەکان باوکراوەتەوە؟ لەاستیدا یەکەم لێپرسراو لەبەردەم راستی نامەکە وەرگێڕی بابەتەکە خوالێخۆشبێ ڕەوشەن بەدرخان و دەزگای باوکردنەوەی (دلاوەر زنکی) یە. 3- هەر کەسێك زۆر یان کەم لەسەر کوردی نوسیبێ لەهەر سەردەمێك، میر جەلادەت لەباسکردنی کوردستانی لکاو بەسوریا، خۆی بەدوور گرتووە و هیچ ئەیەکەشی ڕەنگبێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆی لەسوریا جێنشین ببوو. 4- بۆچوونکی گرنگم لەسەر ئەو بەشەی نامەکە هەیە کە تایبەتە بەزمانەوانی. دکتۆر جەلادەت زمانی کوردی بەئاری بەستووەتەوە، کەچی زیاتر پێی لەسەر وشە بەکوردی کراوەکاندا گرتووە. بەبۆای من ئەو تەنیا لایەنە لاوازەکانی زمانە شیرینە دەوڵەمەندەکەمانی دەربڕیووە. هەرچەندە ئێمە زۆر چاك لەمەبەستی ڕوونکردنەوەکەی دەگەین، بەڵام چاکتر وابوو وشە کوردییە ڕەسەنەکانمان بەنموونە بۆ بۆنێتەوە نەك وشە داڕێژراوە عەرەبییەکان. هەرچەندە ئاماژەشی بۆ کردوون، بەڵام هیچ نموونەیەکی ڕیز نەکردووە. ئەگەر بڕۆین کوردی و عەرەبی هەردووکیان ئاسان و نەرمن و کوردی و فارسیش دوو شێوەزاری یەك زمان بن، هەروەك دکتۆر ئاماژەی بۆ کردووە و زمانی کوردیش سەر بەزمانەکانی ئاری بێت، کەواتە لەزمانەکانی ئەمانی و یۆنانی و ئینگلیزی و فەرەنسی زۆر نزیك دەبێتەوە. بۆ پێیە دوورنییە لەداهاتوودا شۆڤینییەك بەپشت بەستن بەبۆچوونەکەی دکتۆر جەلادەت، وشە کوردییەکان بۆ سەر ڕەسەنایەتی ئەو جۆرە زمانانە بگەڕێتەوە. سەرچاوە : گۆڤاری (الحوار) هەردوو ژمارەی (18 – 19) زستان و بەهاری 1997 – 1998 () شاعیر و نووسەر و تیۆردانەڕی نەتەوەیی و پشەنگی کۆمەناسانی تورکە. بەباوکی نەتەوەی تورکی دادەنرێت. ساڵی 1875 لەئامادە هاتە دونیا و ساڵی 1924 لەشاری ئیستەنبول کۆچی دوایی کردووە. یەك لەبەرهەمەکانی بەناوی (مۆژووی هەزەکانی کورد) کە دوای خۆی باوکراوەتەوە. (وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

یەسا دوا کەوگەی تەکمەی ئەدەبی لاتینی.. ئاکۆ عەبدوڵا

لەڕۆژی 13ی نیسانی ئەم ساڵی ماریۆ ڤارگاس یۆسای گەورە نووسەری پیرۆیی لەشاری لیما کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لەو جۆرە نووسەرانەبوو کە ژیانی سەرچلیانە و پڕ لە هەڵدێر و تەنگەسات هەڵدەبژێرن. لەتەك ئەکتاڤێ پاز و خۆلیۆ کورتازار و خۆرخی لویس بۆرخیس و گابرییل گارسیا مارکیز و کارلۆس فوینتیس، و خوان رۆلفۆ کەوگەیەکی دیکەی پتەو و کاریگەری ئەدەبی ئەمەریکای لاتینی بوو، بۆتایبەتی نووسەرانی ڕۆوتی بوم. نازناوی بۆلزاکی ئۆو کیشوەرێی پڕدراوە. ناوبراو لەسەرەتاوە وەهای لەنووسین دەوانی، هەما و هەکاری کاریگەرە بۆ ڕووبەووبوونەوەی ستەم و چەوساندنەوە. لەو ساوەش بەهەمان تووەیی سەردەمی دەستبەسەرداگرتن، نەك تەنیا لەوەاتەکەی خۆی بەڵکو لەزۆر بەشی کیشوەرەکۆ هەوێی پەردە هەماین لەسەر گەندەیەکان و بەدیارخستنی دیاردە نابەجێیەکانی داوە، بۆیە ماوەیەکی درێژ سەرچلیانە و لەدەرەوەێ وڵاتەکەی ژیا.

خۆرخی ماریۆ پیدەر ڤارگاس یۆسا ناسراو بەماریۆ ڤارگاس یۆسا Mario Vargas Llosa ڕۆژی 28 ی مارسی ساڵی 1936 لەشاری ئاریکەیپای پیرۆ هاتە دنیا. ئەوسا باوکی سەری هەگرتبوو و لەدایکی جیابۆوە، بۆیە یۆسا لەگەڵ دایکی لەماڵی باپیری دەژیا. هەندێ پێنچوو لەبەر

ئەوەی باپیریشی لەکۆمپانیایەك كاری دەكرد كە تایبەت بوو بەچاندنی لۆكۆ، كۆمپانیاكەش رایسپارد بەرەو وڵاتی پۆلیڤیا بچێت تاكو لەو وڵاتەش ئەزموونی لۆكە چاندن بەسەركەوتوویی ئەنجام بدات، بۆیە یەسا لەگەڵ دایك و ئەندامانی دیكەی خێزان، بەرەو ئەو وڵاتە چوو. ئەم جگە لەوەی هەیەك لەهەیەكانی چوونی دایكی لەگەڵ باپیری بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوە دگەڕێتەوە، ئەوسا دایكی زۆری پێناخۆش بوو وەك ژنێكی تەماقدراو لەناو خەڵكانی دەوروبەر دەربكەوێ. بەو جۆرە تا ساڵی 1946 لەوێدا مانەوە. دواتر گەڕانەوە وڵات. پاشان بۆ یەكەم جار یەسا بەدیداری باوكی گەیشت كە تا ئەوسا وایزانی بوو مردییە. دواتر لەشاری لیمای پایتەخت درێژەی بەخوێندندا و لەتەك خوێندیش زۆر شەیدای خوێندنەوەی رۆمانە سەرچلیەكانی نووسەرە ئیتاڵی و فەرەنسییەكان بوو. ئەوسا ئەدەب لای ئەو هەمای هەگەڵانەوە بوو لەدەسەڵات. ئەمەو لەبەر ئەوەی ئەو چیرۆكانەی بەلایەوە كاریگەربوون حەزی نەدەكرد كۆتاییان بێت، بۆیە وەك پاشبەند لای خۆی بۆی زیاد دەكردن. دواتر باوكی بەزۆر ناردییە قوتابخانەی سەربازی، (لینشیو برادۆ) ی شاری لیما، بەو بۆچوونەی سیستەمی نوێ وەهای لێدەكات پێبگات، كەچی ئەو بەناچاری ئەو ڕێگەیەی گرتەبەر. هاوكات وەك شێت و یاخی كەوتە سەر خوێندنەوە. لەنووسینیش نزیكبۆوە. ئەوسا كورتە چیرۆك و شیعری دەنووسی. دواتر باوكی چووە ئەمەریكا و جارێكی دیكە لێی دووركەوتەوە. سەبارەت بەباوكی، یەسا وتبووی : "خۆشم نەدەویست بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەرزاری ئەوم. ئەو وەهای لێكردم ئازادبم. وەهای لێكردم رقم لەهەموو جۆرە پاڵەپەستۆیەك و باڵادەستییەك بێتەوە، ئەو نەبا نەدەبووم بەو نووسەرە"

كاتێك قوتابی ساڵی دووەمی ئەكادیمیای سەربازی بوو، كەوتە ژێر كاریگەری شاكارەكەی (بنەوایان) ی ڤیكتۆر هوگۆ. ئەوسا یەكەم دەقی شانۆیی بناوی (هاتنی ئینكاكان La huida del Inca) ڕادەژێت و لەسەر شانۆ پێشكەشی كرد. هاوكات بۆ گۆڤارێكیش دەینووسی. دواتر لەزانكۆ، مافی خوێند. هەر ئەوساش دەركی بەوەكرد هەرگیز نابێتە پارێزەر چونكە بۆای بەو كارە نەبوو. دواتر بۆ ماوەیەك بووە مامۆستا. ئینجا لەئیسپانیا مینحەی خوێندنی پێدرا و چووە مەدرید و لەوێشدا ساڵی 1959 چووە پاریس. لەو شارە كەوتە ژێر كاریگەری كتێبی مەدام بۆڤاری فلۆبێر كە بە لای ئەو، ئەو ڕۆمانە سەرچاوەی ڕەخنەگرتنی جیهان و كۆمەگەیە. لەژێر كاریگەریشی بۆیاریدا ببێتە نووسەر. دواتر بەرهەمەكانی دیكەی فلۆبێری خوێندەوە و زۆر پێوەی كاریگەر بوو. ئەوسا وەك گەنجێكی جێشدار، بەوپەڕی گرنگییەوە چاودێری جەنگە هزرییە سەختەكەی نێوان سارتەر و كامۆی دەكرد كە

لەبارەی زۆر دۆزی گرنگی پێوەندیدار بەفەلسەفە و مێژوو و سیاسەتی قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی روویدەدا. بۆیە هاوڕێکانی نازناوی (سارتەری ئازای بچوك) یان پێدا. هاوکات لەبواری ڕۆژنامەگەری کاری کرد. سەرەتا لە (رادیۆی فەرەنسای نێودەوڵەتی) کە پڕۆگرامەکانی ئەو رادیۆیە ئاڕاستەی وڵاتانی ئەمەریکای باشوور دەکرا. بەهۆی ئەو کارەش توانی ئاشنای لایەن و نهێنییەکانی کۆلتووری فەرەنسی بێت. ئینجا لەڕێکخراوی یۆنسکۆ بووە وەرگێڕ. دواتر چووە شاری لەندەن و لەوێشەوە بۆ شاری بەرشلۆنە چووە. لەوێشدا ماوەیەك وەك مامۆستای زمانی ئیسپانی و پەیامنێر و ڕۆژنامەنووس کاری کرد. بڕوای ئەو هاوشێوەی روانینی نێتچە، تاراوگە واتای ئازادی دەگەیاند. بۆتایبەتیش چونکە یارمەتی دا بۆ نووسین و خوێندنەوە. ئەوێش وەك جوانترین دیاری بوو لەژیاندا پێیدرابۆ.
ساڵی 1963 یەکەم ڕۆمانی بۆناوی (شارەکە و سەگەکان La ciudad y los perros) بڵاوکردەوە. ئەو بەرهەمە وەك ڕەخنەی قورس وابوو کە ئاراستەی ڕژێمی دیکتاتۆری سەربازی وڵاتەکەی کردبوو. ئەو ڕژێمەی ببووە مایەی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی. تێیدا یەسا بەوردی باسی ئەو ئازار و ناخۆشیانەی کردووە کە لەکاتی لاوی لە ئەکادیمیای سەربازی چێژتی. هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە چۆن دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی هەندێك ئەفسەر لەدامەزراوە نهێنییەکانی داگیرکەران دادەمەزرێنن بۆ ئەوەی لەپێناو بەرژەوەندی زلهێزەکان، کودەتای سەربازی ئەنجام بدەن. لەشوێنکی ئەو بەرهەمەی نووسیویەتی (سەرکەکان یەکەم کەسن ناپاکی لەوڵاتدا بکەن). ئەوسا لەچاپە ئیسپانییەکەی ئەو ڕمانە، هەندێك شت لابردرابوو. لەوڵاتی خۆشی دەسەڵاتی فەرمانەوا کاردانەوەی خراپی لەئاستی نیشاندا. وێك ناڕازایش ژمارەیەکی زۆری ئەو ڕمانەی لەگۆڕەپانکی گشتی سوتاند و یەساشی بەنکەری وڵاتی ئیکوادۆر تۆمەتبار کرد. لایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو ڕمانە ناوبانگی یەسا بڵاوبۆوە و خەڵاتکانی بیبلیوتیکا بریڤی و ڕەخنەگرانی ئیسپانی بەدەستهێنا.
ساڵی 1966 ڕمانی (خانووە سەوزەکە La casa verde) ی بڵاوکردەوە کە تێیدا تەکنیکی هونەری فکنەری (کە لەناوی ویلیام فکنەری ڕمانووسی ئەمەریکی هاتووە)، بە گێڕانەوەی چیرکی ئەو کەسانەی لەماڵکی داخراوی ناو جەنگەکانی پیرۆی کەمەرەیی بەیەکدەگەن، بەکارهێناوە. واتا بناویەکداچوونی رابردوو و ئستا لەکەمەڵك چیرکی ناو یەك بتەدا. پاڵەوانە سڕکییەکی پنیفیشیای ناو لای کەمەڵك کچی راهیبەی موژدەبەخش پگەیشتووە کە دواتر هیندییە سووڕەکانی ناو دارستانەکان دەستگیری دەکەن. بەهۆی ئەو ڕمانە خەڵاتی (ڕۆمۆ گالیگۆس) ی نێودەوڵەتی بۆ ئاداب پبەخشرا. ساڵی

ی (Conversación en la catedral ڕۆمانی (دیالۆگ لەکاتدرایی 1969 بڵاوکردۆوە. لەو بەرهەمەشیدا لەڕۆگەی کەسایەتی کۆی وەزیر و شوفێرێك، لەمانیل ئۆدریای دیکتاتۆری بیرۆقی نزیکبۆتەوە. هەروەها پیاوانی ئایینیشی ئاگادارکردۆتەوە لەسەرخستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا.
ساڵی 1971 تۆزی دکتۆرای بۆناوی (گارسیا مارکیز و چیرۆکی بۆیاردان García Márquez: historia de un deicidio) پێشکەش کرد. دواتر وەك مامۆستای مۆدێرن لەکۆمەڵگەی زانکۆی ئەورووپی و ئەمەریکی وانەی وتەوە. بەو جۆرە ساڵانێکی درێژ لەنێوان وڵاتانی ئەورووپا لەهاتوچۆدابوو. ساڵی 1973 ڕۆمانی (پانتالیۆن و سەردانیکەران Pantaleón y las visitadoras) و ساڵی 1977 ڕۆمانی (پلە جۆلیا و نووسەر La tía Julia y el escribidor) و ساڵی 1981 شانۆگەری (خانمی تاکنا La señorita de Tacna) و ڕۆمانی (جەنگی کۆتایی جیهان La guerra del fin del mundo) ی بڵاوکردۆوە. لەو ڕۆمانەی دوایدا ڕووداوەکانی جەنگی کاندۆس، جەنگی ناوخۆی وڵاتی بەرازیلی لەکۆتایی سەدەی نۆزدە خستۆتەڕوو. ئەو ڕۆمانە کاریگەری زۆری هەبوو لەبڵاوکردنەوەی ناوبانگی یۆسا بەجیهاندا و دواتریش گەیشتن بەخەڵاتی نۆبڵ. لای خۆشی یۆسا بەباشترین بەرهەمی داناوە.
دواتر لەسیاسەت نزیکبۆوە، بەجۆرێك هەوێدا ئەدەب بەرێتە ناو سیاسەت. ساڵی 1983 شانۆگەری (Kathie y el hipopótamo) و ساڵی دواتریش ڕۆمانی (چیرۆکی مایتا Historia de Mayta) ی بڵاوکردۆوە. ئەو ڕۆمانەشی، بەهۆی ئەو گۆڕانە هزرییەی ئۆوسا بەسەریدا داهاتبوو، بووە مایەی گفتوگۆی سەخت، نەك تەنیا لەئەمەریکای باشوور بەکو لەزۆر شوێنی جیهاندا. تۆیدا یۆسا باسی لەژیاننامەی مایتا کردووە کە گەنجێکە ژیانی بۆهاریکاری کردن لەگەڵ هەژاران دەستپێدەکات. کە هەژاری وڵها هەیە لەبەر ئەوەی ناتوانن خواردن بەدەستبهێنن، چەندان ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن، بەڵام دوای ناسینی یەك لەتروتسکییەکان، مایتا ڕێچکەیەکی سیاسی چەپەڵیانە دۆگرێتەبەر. ساڵی 1986 شانۆگەری (La Chunga) و ڕۆمانی (کێ پالۆمینۆ مۆلێرەی کوشتووە؟ ¿Quién mató a Palomino Molero?) و ساڵی دواتریش ڕۆمانی (چیرۆکبێژ El hablador) و ساڵی 1988 ڕۆمانی (ستایشی باوەژن Elogio de la madrastra) ی بڵاوکردۆوە. ئەو ڕۆمانەی دوایی چیرۆکێکی ئیرۆسییە. چیرۆکێکی خۆشەویستیانەی نامۆی مۆحرەمانەی نێوان کوڕێك و زۆدایکەکەیتی. کارێکە تەواو جیاوازە لەبەرهەمەکانی پێشوی.
ساڵی 1990 کە وڵاتی پیرۆ لەناو گەندەڵی و خراپی باری ئابووری دەینااند. یۆسا خۆی کاندید کرد بۆ سەرۆکایەتی وڵاتەکەی، بەڵام

لەبەرامبەر (ئەلبیرتۆ فۆجیمۆری) شکستیهێنا. ساڵی 1993 وەاتی ئیسپانیا رەگەزنامەی پێدا. هاوکات شانۆگەری (شێتی هێوانەکان El loco de los balcones) و کتێبی (ماسیێ لەناو ئاودا El pez en el agua) و ڕۆمانی (مردن لەئەندیز Lituma en los Andes) ی بڵاوکردەوە. بەهۆی ڕۆمانەکە خەڵاتی پرۆمێ پلانیتای پێبەخشرا. شایانی باسە کتێبی ماسی لەناو ئاودا، یاداشتنامەیە لەدوو بەش پێکهاتووە. یەکەمیان لەبارەی منداڵی و گەنجی خۆی و دووەمیشیان لەبارەی هەمەتەکانی هەبژاردنە. ئەو هەڵمەتانەی تێیدا سەرنەکەوت. ساڵی 1997 ڕۆمانی (دەفتەرەکانی دۆن ریگۆبێرتۆ Los cuadernos de don Rigoberto) ی بڵاوکردەوە. تێیدا لەهەگەی نیگارکێشێك کە شەیدای بەرجەستەکردنی جەستەیە بە ماددە هونەرییەکانی، باسی لەجەستە کردووە. ساڵی2000 ڕۆمانی (ئاهەنگی بزن La fiesta del chivo) ی بڵاوکردەوە. ئەو ڕۆمانە یەکێکە لەهەمانە دیارەکانی جاری (دیکتاتۆری). تێیدا بەوردی باسی لەژیانی سیاسی ناو کۆماری دۆمەنیکان و تاوان و ریسواییەکانی رژێمی دیکتاتۆری رافایل لیونیداس تروخیلۆی کردووە کە ناوبراو لەنێوان ساڵانی1930 تا1960 بەئاگر و ئاسن حوکمی ئەو وڵاتەی کرد. کەسایەتییەکانی ناو ئەو ڕۆمانە، خوێنەر بەزۆر بەرەو دۆزەخە سەختەکەی ئەو وڵاتە دەبەن.
ساڵی 2003 ڕۆمانی (بەهەشت لەگۆشەیەکی دیکەدا El paraíso en la otra esquina) ی بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەشدا ژیانی پاڵ گۆگانی نیگارکێشی فەرەنسی و فلۆرا تریسانی داپیرەی تاوتێ کردووە. ڕووداوەکانی لەشاری پاریسی سەدەی نۆزدەم و لەدوورگەیەکی چڵەوانی زەریای ئارامدایە. دواتر لەبارەی ئەو گەشتەی بە وڵاتی عێراق کردبووی، کتێبێکی گەیدەیی بەناوی (ڕۆژەکانی ناو عێراق Diario de Irak) و ساڵی 2006 ڕۆمانی (ئەهریمەنەکانی کچکی خراپ Travesuras de la niña mala) ی بڵاوکردەوە. لەو بەرهەمەی دوایی کە ڕووبەری جوگرافی ناوی زۆر فراوانە، لۆئەمریکای لاتینییەوە بۆرۆ پاریس و لەندەن و تەکیە و مەدرید کشاوە. سۆزداری خۆی بە گۆستاڤ فلۆبێر و کاریگەربوونی پێیەوە دەبینین. ئەو نووسەرە مەزنەی فڕە کڵێنەدانی کرد. بۆرهەمەکە ناوەرۆکێکی وروژێنەر و کاریگەرانشی هەیە. لەبارەی چیرۆکێکی خۆشویستی ناوازە و پڕ سەرچلی و گڕانە. لەپاڵیشیدا بارودۆخی سیاسی وڵاتەکەی و بۆشایك لەکیشوەرەکەی لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوو خستەڕوو. پاڵەوانەکەی کوێکە ناوی ریکاردۆیە، کاتێك چاوی بەکچێك دەکەوێت، شێدای دەبێت. پاش ساڵانێکی درێژ لەشاری پاریس بۆرچاوی دەکەوێتەوە و جارێکی دیکە کچەکە کە ئۆوسا ناوی خۆی گۆڕیبوو، بەسەرنجە ئۆفسوناوییەکانی

شیدای دەکاتەوە. پاش ساڵانێکی دیکە ئەو جارەش کە ژنی دیپلۆماسێکی دیاربوو, ناوەکەشی گۆیبوو، بەووانینە شیرینەکانی گیردەی دەکاتەوە. دواتر لەشاری لەندەن پێکدەگەنەوە. ئەو جارەش بەناوی مەدام ریشارد سەنی دەوەمەند، شیدای دەکاتەوە. دواتر بەهەمان جۆر لەشاری تەکیە بیکتری دەگەن. هەرجارەش ریکاردە ناخۆشی و زەحمەتی زۆر دەچێژێ. ساڵی دواتر شانۆگەری (ئۆدیسیە و پینیلۆپ Odiseo y Penélope) و ساڵی 2008 شانۆگەری (لەسەر رووباری تایمز Al pie del Támesis) و ساڵی دواتریش شانۆگەری (هەزار و یەک شەو Las mil noches y una noche) و ساڵی 2010 رۆمانی (خەونی سێلتا El sueño del celta) ی بڵاوکردەوە. لەو رۆمانەدا کەسایەتی رەجییە کازومانی خستەتە بەردیدە. ئەو کەسەی کاتی خۆی ئاگاداری جەزەف کۆنرادی نووسەری کرد تا بەرەو کۆنگۆ بچێت. هەروەها تێیدا یەسا چیرۆکی راستەقینەی لادیەکی خستەتەوو کە لەلایەن دەزەرەوە ئینگلیزەکان لەخشتەدەبردرێ و دەچێتە ئەفریقا. بەو بۆچوونەی داگیرکەر ئامرازی مەدەنیەت و شارستانیەتییە، کەچی لەوێدا دەبینێ ئەوروپییەکان بونەتە دڕندە. لەو شاکارەدا یەسا بەرەو قووڵایی دەە تاریکەکانی ناو وڵاتی کۆنگۆی بەلژیکی چووە.
هەر لەو ساڵەدا کاتێك لەزانکۆی (بریستۆنی) ی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وانەی دەوتەوە، ئاگادار کراوە ئەکادیمیای سویدی رایگەیاندووە خەاتی نۆبڵی پێدەدات. ئەوسا ئەکادیمیای ناوبراو هەکاری بەسەرکردنەوەی بۆ ئەوە گەاندەوە (یەسا زۆر بەوردی وێنەی بەرگریکردن و راپەین و شکستی لەناو تاکدا کۆشاوە. ئەو نووسەرێکی جیاوازە. یەکێکە لەمەزنترین ئەدیبانی ئەو وڵاتانەی بەزمانی ئیسپانی دەئاخڤن. هەروەها چیرۆکبێژێکی بەهرەمەند و توانادارە لەجولاندنی هەست و سۆزی خوێنەر). لەکاتی وەرگرتنی خەاتەکەش یەسا وتارێکی خوێندەوە کە دواتر لەدوو تەی کتێبێك بڵاویکردەوە.
ساڵی 2012 کتێبی (شارستانی نمایشی La civilización del espectáculo) بڵاوکردەوە. ئەو بەرهەمەشی لەناوەندە کەلتوورییەکانی ئیسپانی و ئینگلیزی گفتوگۆی چێ لێکەوتەوە. لەناویدا وێنەی واقیعی مرۆڤی رۆشنبیری بەرەو ئاژاوە چووە کۆشاوە. بۆپاساوی ئەوەی زەمەن هەمان ئەو زەمەنەی پێشوی رۆشنبیران نییە، بەکو بۆتە زەمەنی نمایش و گومەایی. شێشی گەیاندن و جیهانگەری، کە جیهان بەرەو داڕمانی رۆشنبیری دەبات. شایانی باسە یەسا لەو کارەی و چەندان کاری دیکەی ئەدەبیدا، هاوشێوەی جۆرج ستاینەری ئەمەریکی، دەەاوکانێ بیری لەشنبیری و ئایندەی شارستانی کردۆتەوە. ساڵی دواتر رۆمانی (پاەوانی وریا El héroe discreto)

ی بـــاوکردەوە. نـــاوەرۆکی ئەو بەرهەمە لەنـــوان کەمیـــدی و میلەدرامایە. تەیدا جارێکی دیکە گەواەتەوە بۆ وەاتەکەی خۆی، بەتایبەتی شاری بیوای خۆشەویست کە سەردەمی منداڵی تێدا بەسەربرد. هەروەها گەواەتەوە شاری لیمای پایتەخت کە ئەو دوو شارەی لەـــمانەکانی پێشودا زۆر بەکارهێناون. بـــام لەو بەرهەمەدا پیرۆ بەشـــوەیەکی جیاواز دەردەکەوێ جیا لەـــمانەکانی پێشو. وەاتێکی گەش و خاوەن ئابووریـیەکی باش و نوێیە. لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی گرفت و تاوانی نوێشی بۆ زیادبووە کە پێشتر لەکارەکانی نووسەردا نەبوون. تەیدا یەسا دوو چیرۆکی تەریب بەیەکتری دوو کەسی پێشکەش کردووە کە پێکهاتەی سەرەکیین لەگرێی گەشەکردنی دەنگهەبەینی میلەدرامییەکی چڕبەخش و لەناکاوی. لەگەڵ چەندان واقیعی دیکەی سەخت و غەمبارانە کە کاریگەری لەهەر دوو کارەکتەرەکە سەرەکییەکە دەکەن. کەسایەتی وەهاشی تێدا دەردەکەوێ کە پێشتر یەسا بەکاری هێناون. ساڵی 2016 ڕۆمانی (پێنج گۆشە Cinco esquinas) و ساڵی 2019 ڕۆمانی (ساتە سـەختەکان Tiempos recios) و کە چیرۆکـی (پیـاوە ڕەشپێشەکـە El hombre de negro) و ساڵی 2023 ڕۆمـانی (بەدەنگی خەم بۆ ئـەوە تەرخان دەکەم Le dedico mi silencio) ی بەاوکردەوە.
شایانی باسە جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدان، یەسا کەمەك کتـێبی دیکەی جەراوجۆری لەنـوان چیـرۆك و تـوخزینـەوە و ڕەخنـە و بەرهەمـی تـایبەت بەمنـداڵان و وتـاری سیاسـی و ڕۆژنـامەوانی بـاوکردەتەوە. لەنـاو توخزینـەوەکـانی چەنـدان بیرۆکـە و تـێبینی لەبارەی چەمکی خۆی بۆ هونەری نووسین و ئەدەب بەگشتی داڕێژتووە. وەك لەشوێنکدا دەڵێت : "هەتا ئەگەر نووسەر ئاگاداریش نەبێت.، ئەدەب کارێکە دژی خۆبەدەستەوەدان. بەواتای سیاسی نا، بەکو بەواتایەك کـە پێچەوانـەی ژیـان و مـژووبـێت. ئەگـەر نووسـەر جیهانبکیشی داهێنا، واتای ئەوەیە جیهان وەك ئەوەی هەیە لای ئەو بەس نییە. شتێکی شـگڕیش لەـماندا هەیە، ئارەزووکردنی گەیشتن بەو شتانەمان پێدەبەخشێ کە لەجیهانی واقیعدا بوونیان نییە. کاتێکیش مرۆڤ لەخوێندنەوەی کتێبێکی مەزن دەبێتەوە، دەتوانێ هەست بەدژبەیەکەکان و شتە پەژمردەکانی ناو واقیعی دەوروبەری بکات و دەستیان لێبدات. بەیە ڕۆمان سەرچاوەی هەموو ئەو ڕەخنانەیە کە ئاراستەی جیهان و کەمەگە دەکرێت. ئەگەر نا، لەبەرچی بەدرۆژایی مێژووی مرۆڤایەتی، هەموو رۆژمە دیکتاتۆرییەکان لەهونەر دەترسێن. لەبەرچی یاسای قەدەغەکردن و چاودێریکردنیان داناوە و دایدەنێن". سەبارەت بە ئەرکی نووسەریش یەسا وتویەتی : "نووسەر هەمان ئەرکی هاونیشتمانی هەیە. لەسەریەتی بەشداری لەژیانی گشتیدا بکات. چارەسەری ئەخلاقی ڕاستیش لەوەدانییە، نووسەر وانیشانبدات (سیاسەت

قزەوەنە)، بۆیە پێویستە لەسەر دووركەوتنەوە و تەنیا جیهانە تایبەتییەكەی خۆی لا بەس بێت. ئەو جارە هەوڵستانە رەتكراوەن و بۆیاری سەرەخۆری و نابەرپرسیارانەیە. بۆیە من لەژنامە دەنووسم، چونكە ئەمە وەها دەكات پێوەندی بەردەوامی رۆژانە و راستەوخۆم لەگەڵ مژوودا هەبێت. من بەر لەهەموو شتێك ئەدەبم خۆشدەوێت، بەڵام بیرۆكەی دابڕانی نووسەر لەجیهان و مانەوەی لەبورجە عاجییەكەی خۆی ناخوازم. زۆربەی رۆمانەكانم نەدەنووسران ئەگەر كاری رۆژنامەوانی و ئەو لێكۆڵینەوانەم نەكردبا كە لەبارەی ژیان و خەڵك و كۆمەڵگەكانی ئەو وڵاتانەی سەردانم كردن نەمنوسیبان".

شایانی باسە جگە لەو خەڵاتانەی ئاماژەمان پێدان، یەسا كۆمەڵێك خەڵاتی دیكەی وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتی گرینزانی كافور بۆ رۆمانی بیانی و خەڵاتی میر ئاستوریاس بۆ ئاداب، خەڵاتی میگیل دی سێرڤانتس, خەڵاتی بیلایەی نۆدەوەتی، خەڵاتی ماریا مورز كابوت، خەڵاتی فیاریجیەی نۆدەوەتی، خەڵاتی كارلێس فوینتیسی نۆدەوەتی بۆ داهێنانی ئەدەبی لەزمانی ئیسپانی، خەڵاتی كتێبی نیشتیمانی لێولایەتێ یەكگرتووەكانی ئەمریكا، خەڵاتی بارسینەی نۆدۆڵتی بۆ رۆمانی مژووویی خەڵاتی لیبڕار، ئەمانێ و لێكۆڵینەوانەك زانكۆش دكتۆرای فەخری پێبەخشرابوو.